


# له نێوان بێڕەنگی و نەبوونی هەستی نەتەوەیی نیشتمانیدا

ئاسۆ بیارەیی

ساڵی ٢٠١١ سوێد



٤-٨-٢٠١١سلیمانی/باشووری كوردستان

## دەستپێک

ئەگەر بوونی نەتەوایەتی نیشتمانی لە نێو ناخی زۆربەی تاکەکانی گەلی کوردا پێش هەموو شتێک نەبێت، کەسێتییان بە بەرژەندییەکی گشتی نیشتمانییێکی هاوبەشەوە گرێ نەدرابێت، پێکەوە پێوەست نەبێت، ئەوا نەتەوەیەک نیە ناوی کورد بێت و وەک نەتەوە پێناسەی بۆ ناکرێت. ساناش نیە وەک نەتەوە بە هەند وەربگیرێت و لە داهاتوودا تەماشای بکرێت. لێرەدا هەرچی قوربانیش درابێت دەرژێتە سوودمەندی کەناڵێکی ترەوە کە نابێتە هۆی خەملاندن و سازبوونی ناسنامەی نیشتمانیی کوردییەوە. لەم ڕۆژانەدا بەرێکەوت لەسەر کار کارمەندێکی هاورێم لێپرسیم کە کورد بە چزمانێکی دە ئاخەفێت، ژنێکی فارس یەکسەر ووتی زمانێک نیە ناوی کوردی بێت، بەڵکو تەنها زاراوەیەکی فارسییەو و کوردەکان هەر لە خۆیانەوە خۆیان جیا کردوەتەوە. منیش ووتم باشە من بە کوردی ڕستەیەک دەڵێم بزانم تێدەگەی؟ بێگومان تێنگەیشت. لە کۆتاییدا کەمن بۆم ڕونکردەوە کە فارس ڕۆژهەلاتی کوردستانیان داگیرکردوە، پەژیوان بووە و ووتی هەمووومان ئێرانین.

لە قەوارەی نیشتمانێکی سەربەخۆدا یان سەربەخۆش نەبیت ، تاکەکان زۆربەیان ئامانجێکی هاوبەش پێکەوە گرێیان دەدات و بوونی خاک و سنوورێکی دیاریکراو لە ناخیاندا بوونی ئەبێت و پێکەوە گرێیان دەدات. تاکی کورد و کوردستانی بۆ ئەوەی بناغەی ئەو نیشتمانە پێکهێنێت، دەبێ پێش هەموو شتێک پاشناوی ئێرانی، عێراقی، تورکی، سوری لە خۆی فرێبدات و شانازی بە نیشتمانێک بکات کە ناوی کوردستانە. لە نیشتمانێکی وادا پێکەوە نەتەوە و

کەمایەتیەکانی دیشی وەک یەکەیەکی پتەو خەملاو ئاساییە تێیدا بژی.

ئەو پرسیارەی کە دەبێت تاکی کۆمەڵگەی کوردی لە خۆی بکات، بۆ ئاودێرکردنی ناسنامەی نیشتمانی کوردی یان کوردستانی، ئەوەیە کە بۆچی خەوش و سوکایەتی نەبێت کاتێک پرسیاری لێ دەکرێت کە تۆ خەڵکی کوێیت، یەکسەر وەڵامی ئەوەیە کە ئێرانی یان تورکی بە نموونە؟ چی لە بوونی وەک مرۆڤ کەمدەکاتەوە گەر بلێت خەڵکی کوردستانم.

سەرچاوەی ئەم پەڕاوە:-

سەرچاوەی ئەم پەڕاوە کۆمەڵێک ووتارن کە زۆربەیان لە هەفتەنامەی هاولاتی ساڵی ٢٠١١ بلاوبوونەتەوە و هەندێکیشان لە سایتەکان جێی خۆیان کردوەتەوە. کۆمەڵێک ووتارن کە دەربارەی دۆزی نەتەوایەتی و بوونی نیشتمانێکی سەربەخۆ ناوەڕۆکیانە.

ئەوەی کە پتر هانی دام و پەلەمی لێکرد کە ئەم پەڕاوە بخەمە بەردەم خوێنەران سێ فاکتەری سەرەکی بوون:-

یەکەم پەڕوایێکی چاپ نەکراوی هاوڕی باخەوان لە ژێر ناوی (بەراووردەکانی ژیان) و کە باسی دۆزی نەتەوایەتی و بەراووردەکانی ژیانی خۆی دەکات و چۆن لە دۆزی نەتەوەیی نیشتمانی کورد تێگەیشتووە و ئایا گەلیک هەیە بە ناوەی نەتەوەی کوردەوە یان چەند گەلانێکن کە خۆیان بە کورد دەزانن و باسێکی سۆسیۆلۆژی گەشەی نەتەوایەتی گەلی کورد دەکات.

دووەم پەڕاوی (بارزان و حركة الوعي الكردي ١٨٢٦- ١٩١٤ چاپی ١٩٨٠) لە نووسینی ئەیوب بارزانی. ئەم دۆکۆمێنتە مێژووییە کۆمەڵێکی دەقی بەنرخی دەربارەی پێکهاتەکانی ناوچەی بادینان و بارزان بە تایبەتی تیایە و دەست دەخاتە سەر ئەو کێشانە کە

بنەماڵەکانی ئەو ناوچەیە پێوەیان ناڵاندوە و کە تائێستا درێژەی هەیە، لەوانە شەڕی هێرکی وسورچیەکان و زێباریەکان دژی بنەماڵەی بارزانی، بە تایبەتی لە ناکۆکییان لە گەڵ شیخ سەلامی برای بارزانی یەکەم(مەلا موستەفا) باوکی ئێستە سەرۆکی پارتی و هەرێم. لەو گەنجینە مێژوویەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە زۆربەی ئەو شەڕانەی کە دژی دەوڵەتی عوسمانی کراون، شەڕی نەتەوەیی نەبوون و لە ناکۆکی نێوان خێڵەکانی ئەو ناوچەیە تێپەڕیان نەکردوە. هەمان ئەو پرسەی کە سەرنجی ڕاکیشام وهەمان پرسیاری ناو پەڕاوەکەی هاوڕێ باخەوان بوو(بەراووردی ژیان) ئاخو گەلێک دروست بووبێت ناوێ کورد بێت؟

سێیەم هۆکار، واژۆی کۆمەڵیک نووسەر و ڕۆشنبیری کورد کە لەم ڕۆژانەدا بۆ سەرخستنی عێراقی داگیرکەر لیستیان کردبوو(بڕوانە لینکی هاوپێچ). کۆمەڵێک کەس کە زۆر جار خۆیان بە داینەموی پرۆسەی هوشیارکردنەوە لە باشووری کوردستان دەزانن، بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی و هەولیر. ئەوەش دیسان نیشانەیەکی ترە و ئەوە دەسەلمێنێت کە هێشتا هەستی نەتەوەیی نیشتمانی کوردستانی بوون(نەک کوردی) لە نێوناخی تاکی کوردا ئەو تین و گرەی نیە، کە خاکی کوردستانی لە خاکی داگیرکەران پێ پیرۆزتر بێت. هەمان بۆ چونەکەی باخەوان لە پەڕاوی بەراووردەکانی ژیان.

ئاسۆ بیارەیی
کۆتایی ڕۆژانی ساڵی ٢٠١١

پێشکەشە بە گیانی پاکی فایەق بێ کەس کە ئەم کۆپڵە هۆنراوەیەی سالآنی پەنجا نووسیوە:

خارتەی هەموو خاکی کوردستان
دایک بەدەرزی و دەزوو درومان
بنوسێ لەسەر سەربێشکەی مندال
تا بەکوردستان بێتە گڕوگاڵ
لە بێشکەی وادا چاو هەڵنەهێنێ
درۆیە هەستێ و تۆڵە بسێنێ

# پێڕست

ناوی ووتار ..........................................................لاپەڕە
شانۆگەری دووبارەبوونەوەی ڕابوونی ئیخوانەکان ............. ٨
شەڕی یەکتر لەزاخۆ نیشانەی نەبوونی سەروەری ............................................................................١١
میانڕەوی لە تاکتیکدا، بەڵام تەعریب لەسترایژدا ...............١٤
ئێمە ئەزانین چیمان ئەوێ .......................................١٩
ئۆپۆزیسۆن دەبێت هەوڵی دەسەڵات بدات نەک سازش ........٢٣
لە گۆڕنانی بزوتنەوەی نۆژەنبوونەوەی کۆمەڵگەی کوردی .....٢٦
پرۆسەی گۆڕانکاری لە باشووری کوردستان هێشتا بێکەسە.............................................................٢٩
شێخ عومەر غەریب و دۆزی نەتەوەیی. بەشی یەک ..........٣٤
شێخ عومەر غەریب و دۆزی نەتەوەیی. بەشی دوو ............٣٨
لەڕوی فیزیکی و سایکۆلۆژییەوە نەبوونی سەروەری یاسا .....٤٣
دۆسیەی پرسی دەوڵەت لە باشووری کوردستان..................٥٠
لە کایەی سەردانەکە بارزانی دووەمدا کێ بەگ دەبێ ........٥٥
ڕێککەوتنی ستراتیژی(نێوان پارتی و یەکێتی) لە ژێر بەزەیی کارتێلێکی فرەلایەندا ..............................................٥٩
گەنجی سەردەست و بندەست بەرهەمی پارتیزەکردنی کەسێتی...............................................................٦٥
بۆردمانی قەندیل لە نێوان پرسەی دایکی سەرۆک و هەستی نەتەوەییدا......... ...................................٧٠

ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن..........................................٧٢
گەنجە بەرەڵاکانی کوردستان و ئافرەتە بێ مێشکەکانی وڵاتی یەمەن.......................................................................٧٨
خوێندنەوەیەکی دەروونناسیانەی کۆمەڵایەتی بۆ (بەراووردەکانی ژیان ) لە نوسینی هاوڕێ باخەوان ............٨٣
لە قۆناغی وەرچەرخاندنی بزوتنەوەی کوردی باکوردا نابێت دەسەلاتی باشوور هەستی نەتەوایەتی لاواز بکا ...............٩٣
پێنج هەزار کوردی تر لە گۆڕێکی دی بە کۆمەڵدا ...............٩٦
هەڵوەشاندنەوەی عێراق باشترین چارەسەرە ....................٩٩
بۆ دەبێت تاوانبارانی ئەنفال بدرێنە دادگا بە تایبەتی هەندێ لە کوردەکان؟..........................................................١٠٣
مەترسی بەعەرەبکردنەوەی باشووری کوردستان ...............١٠٧
ڕێبوار ئەحمەد و حسەین شەهرستانی کامیان نەیاری کوردن؟..........................................................................١١٥
میرنیشینکردنی نەوەکانی بارزانی یەکبوونی نیشتمانی و سەروەری یاسا هێندەی دی دەپسێنی.................................١٢١
ئەنجامگیری و بۆچوون...................................................١٢٤

# شانۆگەری دووبارەبوونەوەی ڕابوونی ئیخوانەکان له باشووری کوردستان

## بۆچون

دەروونناسی کۆمەڵگە
۱۰-۱۲-۲۰۱۱ سوێد

فاکتەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بێچارەسەر مانەوەی ناوچە دابراوەکان و بوونی تورکیای تۆرانی وەک تاقە هێزی ناوچەی و داردەستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، بوونی پارتێکی ئیسلامی سیاسی وەک یەکگرتوو له بەرگی میانڕەوییدا و پێوەندی له گەڵ هەندێ هێزی توندڕەودا بە نهێنی، بوونی هەندێ هێزی سیاسی تورکمان و سوننە، کۆمەڵێک هاندەرن و ڕێگرن لەبەردەم پرسی نەتەوایەتی و له باربردنی یەکبوونی نیشتمانی له باشووری کوردستان.

ئەوەی لەو گەمە دژەکوردەدا دیار نیە، ئەو پلانانەن کە دژی کورد دارێژراون، لەوانە بەستنەوەی ئابوری کوردستان بە تورکیای ئەردوگان و ئیخوانەکانەوە بۆ دوورخستنەوەی له ئاماجە سەرەکییەکانی. هەرچی هێزێکی پاشکەوتوو و بێبەرنامەش وەکو پارتی هەیە پەلەقاژێی ئەوەیەتی کە دەسەلاتی خۆی لەدەست نەدات و هێزێکی وەک یەکگرتووی ئیخوان الموسلمین، کە تاڕادەیەک جێگەی پەسەندی ئەمریاکا و ڕۆژئاوایە، دەسەلاتی لی زەوت نەکات. ئێ له ڕوی ئابوریشەوە

یەکگرتوو هەمان ئابوری بازاری بەرەلاو تایبەتی دەوێ، ئابوری ئیسلامی لەگەڵ ئابوری سەرمایەداریدا لە ڕوی بازار و کارەوە هەمان لێکچوونیان هەیە، تاک وەک کالایەک سەیر دەکەن نەک سەربەخۆ و سەروەر.

سیناریۆی سووتاندنی مەیخانەو بارەگاکانی یەکگرتوو، تەنها سەرەتایەکن بۆ تەقینەوەی پزیسکی ئەو ڕابوونە ئیخوانەیەی کە یەکگرتووی ئیسلامی بە هاوکاری دۆست و هەمکاری تورکیا کە دەیەوێت لە باشووری کوردستان، خۆی بۆ سازداوە، بیپژێنێ. بەلام یەکگرتوو خۆی وەک هێزێکی میانڕەوی پیشان دەدات و هەر بەو شیوەیەش ئاکار سیاسی خۆی دەنوێنی، بەلام خودی کایە سیاسیەکە لەوە گەورەترە، یەکگرتوو هێدی و لەسەر خۆ خەریکی گورێنی بیر و بۆچونی تاکو کۆمەڵگەی کوردییە، گۆڕێنێکی کۆنخوازو عەرەبی سیاسی ئیسلامی، کە زۆرجار دژی ئاین و ئاینەکانی دیشە. ئەو گۆرانکاریە کە یەکگرتوو بە هاوکاری تورکیای ئیخوان و ئەمریکا و ڕۆژئاوا کاری بۆ دەکات، گۆڕانی بنەڕەتییە لە بیر، لە بەرگ، ئامانجی داهاتوو، کەلتور، فەرهەنگ و تەنانەت خوێند و بوارەکانی دی ژیانیشی گرتووەتەوە، گۆڕانکارییەکی درێزخایەن کە گەورەتین زەبر لە هەستنی نیشتمانی نەتەوەیی کورد دەدا. تارادەیەکیش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بە تایبەتی لەسالانی بایکۆیی ئابوری و شەڕی پارتی و یەکیتیدا. ئەمرۆش سوود لەو گەندەڵییە وەردەگرێ بۆ بە هێزکردنی خۆی.

دوورنیە یەکگرتوو لە ڕوی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی، نەک بیر و ئازادی سیاسی، لە دەسەلاتی ئێستەی

کوردی، بۆ قۆناغێکی کاتی، گەلیک باشتر و ڕەواتربێت، بەلام کارەساتە لەویوەوە دەست پێ دەکات، کە پارتێکی وەک یەکگرتوو دەبێتە هێزێکی کۆمەلایەتی فرە و دەستبخانە قورگی گەشەی کۆمەڵگەی کوردی و چارەنووسی لەبار بەرێت. ئەوسا ژیان و داهاتووی گەل لەو ئافرەتانە باشتر نابێت کە بەردەباران و ڕەجم دەکرێن. نسکۆ و هەڵدێر لەوەدا دەبێ، کە ئاخافتنی پرۆگرامی ئێستەی یەکگرتوو ببێتە هێزێکی هەرەوەزی و دەها کارەسانی لە ناوبردنی ئافرەتان و سووتاندنی مەیخانە و ژێرخانی کۆمەڵگەی کوردی تووشی بێت.

هەربۆیەش ئەگەر دەسەلاتی کورد خۆی چاک نەکات و شەپۆلی ناڕەوایی و گەندەڵی کەمنەکاتەوە، ڕەوشتێکی جوان فێری تاک و کۆمەڵگە نەکات، سامانی کوردستان تا ڕادەیەک یەکسان دابەش نەکات، کۆتایی بە سیستەمی دەربەگی و بنەماڵی و تاکپارت نەهێنێ، ڕۆژانیکی نزیک دەبێتەوە هێزێکی چکۆلەی بەردەم پارتێکی دەرەکی وەک یەکگرتوو، کە دامەزرێنەر و سەرچاوەکەی داگیرکەرانی کوردستانن. ئەوسا فریای ئەو پوشەش ناکەوێت کە رزگاری بکات. بەڵێ! یەکگرتوو زۆر میانڕەو و هێمنن، بەلام لەو مێناڕەوییەدا بە ئامێر و رەبووتی دەرکی خەریکی هەلکەندی گۆمێکی قوڵ و لێڵن کە تاک و کۆمەڵگەی کوردی تیا بخنکێنن. بۆیە ئەرکی هەموو کەس و لایەنێکی هوشیارە کە پێکەوە زەنگ بۆ ئەو مەترسیە گەورەیە لێ بدەن، کە یەکگرتوو بە هاوپەیمانی ئەمریکا-ڕۆژائاوا و تورکیا خەریکە گەل کورد لە ناو دەبەن.

# شەڕی یەکتر لەزاخۆ
# نیشانەی نەبوونی سەروەری یاسا وتۆلێرانسی ڕەنگەکانە

بە دواچون

سوێد ٢-١٢-٢٠١١

سوتاندنی فرۆشگای مەیخانەکان، بنکەی مەساژەکان و مەڵبەندی ١٣ یەکگرتووی ئیسلامی لە زاخۆ زیندوترین نموونەن کە دیموکراتی لە باشووری کوردستان هێشتا ناوە و بوونی لە نێو ناخ و ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگەی کوردی نیە، ئاماژەیەکە کە یاسا هێشتا ئەو سەروەرییەی نیە کە بتوانێت بابەتیانە کێشەکان بەرەو ئاراستەیەکی پۆزەتیف و دروستکەر بەرێت. هێزە رابەرەکان، کە دەسەڵاتی حکومەتییان بەدەستەوەیە، دەبێ سەرچاوەی ئەو ناکۆکیانە زانستیانە بدەنە بەر لێکۆلێنەوە و نەک پشتگیری ئەم لایەن یا ئەوی تریان بکەن. حەشەماتی خەڵکە ئاڵۆسکاوەکە ئەو دەرئەنجامە دەدات بەدەستەوە، کە هەریکە لەو لایانەنانە ماف بە خۆی دەدات کە یاساکانی خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێ و رێزی لایەنی بەرامبەر نەگرێ. لێرەدا دیسان دەسەڵات بەرپرسیاریەتی گەورەی بەردەکەوێت، چونکە لە بەر ململانێ مێژوویی و دابەشکردنی نایەکسانی دەسەلاتی هەمەلایەنە، ئابوری، سیاسی، ئاینی..هتد ڕەچاوی بەرژوەندی گشتی نەکردوە.

ئەوە یەکەمجار و دواجار نیە ئەم جۆرە ناکۆکییانە دەگەنە ئاستی خوێنرشتن و دەستدانە توندو تیژی، شەڕی چڵ ساڵەی براکوژی و برینی جەلالی- مەلایی، ناکوکی بنەماڵەیی و سۆران و بادینان، شەڕە عەشرەت و هۆز ..هتد سەرچاوەی ئەو ناکۆکیانەیە کە ئەمڕۆ بەرهەمەکەیان بەشەڕ و پێکدادان و تەواو دەبێ..

بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییە خوێناوییەوە ببێتە ناکۆکییەکی دروستکەر پۆزەتیف، پێویستە دەسەلات هەنگاوی لەو جۆرە هەلبنێتەوە کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە خۆیان بەبەشێک لەو کۆمەڵگەیە بزانن و نەکەونە دەرەوەی بازنەی کۆمەلایەتی. بۆ نموونە پێویستە دەسەلات بەرنامەرێژێیەکی دادپەروەرانەێ هەبێت بۆ مسۆگەرکردنی بیمەی کۆمەلایەتی، گرتنەخۆی لاوان، دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ئەو ناکۆکیانە پێش ئەوە پەرە بسێنن. لە دۆزی سوتاندنی مەیخانەکاندا، دەکرا دەسەلات بەچاوی تۆڵەوە تەماشای ڕووداوەکانی نەکردایە، ڕێگەی بە لایەنگرانی خۆی نەدایە کە بۆ نموونە پەلاماری بارەگای ١٣ یەکگرتووی ئیسلامییان بدایە، یان یەکێتی لە ڕووداوەکانی حەڤدەی شوپاتدا ڕێگربووایە لە بەردەبارانی بارەگای پارتی لەسلێمانی، هەرچەندە پارتی زۆر بەگیانێکی ڕقەوە خەڵکی بێچەکی دایە بەر فیشەک.

ئەو گریمانەیەی کەلەم روداوانەوە دەبێتە ئەنجام ئەوەیە: ئایا پرۆسەی دیموکراتی و سەروەری یاسا و ڕێزگرتنی بیرو ڕا و هەمەڕەنگی لە باشووری کوردستان بوونی هەیە ، کاریگەری دەسەلات چیە؟ ئایا دەسەلات بەشێکە لە ناکۆکی

خوێن یان ئاشتی، ئایا دەسەلات هێچ وانەیەک فێربووە لەو کارەساتانەی، کە بەهۆی ئەم جۆرە ناکۆکیانەوە، نەبوەتە مەکۆی یەکبوونی نەتەوایەتی؟ ئایا دەسەڵات دوای بیست ساڵ فەرمانڕەوایی شکستی گەورەی نەهێناوە لە کارگێڕی ژیانی خەڵک؟ ئەوەش تەنها سەرەتاییەکە بە تەقینەوەیەکی بەرفراونتر کە بەهێزتربێت لە توانای دەسەڵات و کۆنترۆلکردنی باری گرژی!

## میانڕەوی لە تاکتیکدا، بەڵام تەعریب لەستراتیژدا حەسن بەنناکانی کوردستان بەنموونە

٦-١٢-٢٠١١ سوێد

لەوەتی چەند رۆژێکە بارەگانی یەکگرتوو لە بادینان سووتاوون، هەرچەندە ئەوە کارێکی شارەستانی نیە، میدیای ئەو حزبە ئاینیە سیاسیە ئیخوانە، باسی میانڕەویی چاکسازی باری هەمەلایەنی کوردستان دەکات لە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتدا. لە هەمان کاتدا چەند ساڵێکە ئاخوندەکانی ئیران سنوورەکانی کوردستان بۆردومان دەکەن، مزگەوتەکانی قەندیل دەسوتێنن، باباسی پێنج هەزار مزگەوتی تری ئەنفال و قوربانیەکانیش نەکەین، بەلام یەکگرتوو نەک هەر بێ دەنگە بەڵکو بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازیش لە باکوری نیشتمان بە تیرۆریست دەزانی و ئافەرین لە ئەردۆغانی فاشیست دەکات. ئەوەش شێوەیەکە لە خۆشاردنەوە لە عەبای ڕەشی فتوحاتی داگیرکەراندا.

یەکگرتووی ئیسلامی کە بەبەرگی ئەردوغانی مۆدێرنەوە باسی میانڕەویی و چاکسازی دەکات، ئەگەر کوردستان وەک میسری لێبێت، کاری لەوە باشتر ناکات بێجگە چەوساندنەوە و لە ناوبردنی ئاینەکانی تر، لێ برا ئیخوانەکانەکانیان رۆژانە پەلاماری قوپتیەکان دەدەن، هەرچەندە ئەوان وڵاتی خۆیانە و عەرەبەکان داگیرکەرن و لە دوورگەی عەرەبەوە هاتوون. یەکگرتوو بەهەرەش لە براکانیان لە لیبیا وەردەگرن لە پرۆسەی

فرەژنی لە کوردستان. ئەگەر بەراورد لەگەڵ سیاسەتی ئەردۆغانی ئسلامیش بکەین کە دۆستی دێرینی یەکگرتووە، لەولاوە کورد قڕان دەکات و لەو لاشەوە دووڕوویی لە پەیڕەوکردنی دیموکراتی دەنوێنێ.

ئەوەی کە مەترسییە لە بەرنامەی یەکگرتوو ئەوەیە:- کە ئەوان خۆیان بە حزبێکی مۆدێرن و ڕیفورمخواست دەزانن و لە ژێر ئەو دەروارە ئاینیەدا، ڕۆژانە ئاراستەی بیرکردنەوەی تاک وکۆمەڵگە بەرەو ڕەوتێکی نانیشتمانی ونەتەوەیی دەبەن. تەنها لەبەر کردنی چادر و جبەی عەرەبی باشترین سیمایە کە دەبێ خەڵکان و لایەنی دی هوشیاری بن. بە درێژایی مێژووی کوردستان، کەم کەس لە بەر ئاین چەوساوەتەوە، مەگەر مامۆستا عبدول خالق معروف لە هەولێر کە بەدەستی ئیسلامی سیاسی شەهید کرا، چونکە راستی چەوسانەوەی ئاینی ئیسلامی بۆ کورد ئاشکرا کرد، ئیدی لەوەتی من بیرم دێت هەبووە نوێژی کردوە و بەرۆژوش بووە و کەس ڕێگری نەبووە. یەکگرتوو بەوەش ناوەستێ، دەها کاتژمێر بۆ تەعریب، لە رێگەی ووتنەوەی سرودی عەرەبی لە ڕاگەیاندنەکانیدا، چڕکردوەتەوە، بە هەموو شێوەیەک ڕێگەی داهێنان و بیرکرنەوەی ئەوانەی چاودێر دەکەن بلۆک و بنەبەست کردوە. ئەگەر یەکێکی بێگانە گوێی بدات، پێیوایە حزبی ناوبراو لەبەرەکانی غەزایە و نوێنەری خولەفاکانە.

گۆڕینی تاکی کورد و تواندنەوەی...




لەوەش مەترسی تر، خۆشاردنەوەی دەها گرووپی ئیسلامی توندڕەوە و تینوی خوێن، لە بەرگی یکگرتوودا بۆ داهاتویەک کە ئەگەر هاتوو یەکگرتوودەسەلاتی گرتە دەست ئیدی ئەوان کاری خۆیان دەکەن.

ئاینەکان بە گشتی ئەو تۆلارنس وبەرگەیەییان نیە بەرامبەر رەنگەکان و شیوازە بیرکردنەوەکانی تر. سووتاندنی مەیخانەکان و کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف پێناسەی ڕەوشت لە کۆئەندامی ئافرەتەوە، باشترین و زیندوترین نموونەن بۆ هەڵماڵینی روی راستەقینەی ئەو جۆرە ئاینانە و لەوانە ئەو ئاینەی یەکگرتو جارِی میانڕەوی بۆدەدات..

## جادوەکە بە سەرجادوکەرەکەدا ئاگری تۆڵە دەبارێنی

لەوەتی مەلاییزم و جەلالیزم لە باشووری کوردستان چل ساڵە برەویان هەیە، گەشە بەبیری پاشکەوتوو و کۆنەخواز دەدەن و چی بیرو باوەڕی چەپ و شیوعی و ئازادیخواز هەیە لە ڕێگەی ئیسلامی سیاسیەوە لە گۆڕی دەنێنن. مێژووی سالانی شەست و تا کۆتایی حەفتاکان ئەوەی سەلماندوە، کە بەهێزبوونی چەپەکان و ئازازیخوازەکان تا ڕادەیەک ئەو ئاسایشیە هەمەلایەنە و یەکسانیە لای کۆمەڵگەکان دروستکردوە. مەلاییزم - جەلالیزم وەک دوو دیسکۆس نەک بیرو باوەڕ، دوو ڕەوتی بنەماڵەیی ناوچەیی نەیار، لەشەڕی چڵ ساڵەیەندا، وەک سیاسەتی ئەمریکا لە ئەفگانستان و ولاتانیی پێشوی بەرەی سۆشیالیستی، بەهەمووو شیوەیەک هاوکاری ئەو هێزە ئیسلامیانەیان کرد بۆ شکستیپێهانی دەسەلاتی چەپ و شیوعیەکان. گریمانەی مانەوەی چەپەکان بە بەهێزی، مەلایی و جەلالی باش دەزانن، بە هێزی ئەوانیش بە هیزی ئەمڕۆی دەسەلاتی هەرێم بوو. دوورنیە ئەمریکا هەمان شانۆگەری لە ناوبردنی بیری پشکەوتنخواز، بە یارمەتی پارتیکی وەک یەکگرتوو ئیسلامی کە باشترین دەسەکی سیاسییەو دەتوانێت گەمە ئاینییەکان بکات، کە دەتوانێت لەڕێگەی ئاینەوە هەستی خەڵک ببزوێنی بە ئاراستیەکی پاشکەوتوو.

## دەبی ئاین لە دەوڵەت جیاکرێتەوە!

بوونی ئاین وەک پردێکی ڕوحی لە ناو پەرلەماندا گەورەترین زیان بە پرۆسەی دیموکراتی دەدات، چونکە کە ئاین لە پردێکی گیانیەوە بووە پردێکی سیاسی تاک و کۆمەڵگە، ئیدی دەست

دەخاتە ناو ئەو یاسایانەی کە بۆ قازانجی گشتی داڕێژراون و زیانیان پێ دەگەیێنی. یاسای فرەژنی و هەموارنەکردنی وەک نموونە، یاسی بەرگی خوێندن و سەرپۆش بە نموونە. ئەو سیاسەتی یەکگرتوو هاوشێوەکانی، بەرگری لە ئاین نیە، بەڵکو بازاڕێکی سیاسی جهیانیە هیچی لە بازاری ئەو شەرانە کەمتر نیە کە ناکۆکیەکان دەکاتە خوێناویی گەلان دەدات بە گژ یەکتردا، شەڕی شیعە و سننە، شەڕەکانی حەماس و تۆرانیەکان باشترین نموونەن. بۆیە پێویستە ئیدی ڕێگە نەدرێت کە حزبی سیاسی ئاینی لە کوردستان دابمەزرێت و کورسیان هەبێت لە پەرلەمان. بۆ ئەوەی ئیدی کەم دەستبخەنە ژیانی ڕۆژانە خەڵکی و خۆیان بکەنە فرۆشگا و بازرگانی فرۆشتنی ڕەوشت.

**سەرچاوەی وێنەکە لە سایتی یەکگرتووەوە لە ڕێکەتی ٨-١-٢٠١٢ وەرگیراوە؛**
**http://kurd.kurdiu.org/pdf/j189.pdf**

# ئێمە ئەزانین چیمان ئەوێ*

بەدوا چوون

سوێد ٧-٥-٢٠١١

ئەوەی کەمێ چاودێری بارودۆخی باشووری کوردستانی کردبێ، بە چاوێکی بێلایەن و زانستیەوە هێزە بزوێنەرەکانی باشووری کوردستان تەماشا بکات، تا ڕادەیەک لە ئاواز و ڕێچکە پرۆگرام و واتیلەی هەموویان دەخوێنێتەوە. ئەو ئەنجامە دەستەبەر دەکات کە کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی لە باشوور، گێرۆدەی نێو بیری دڕکاوی کۆمەڵێک پارتی و رێکخراو بووە، کە پرۆسەی پێشەوەچوونی ئەو بەشەی کوردستانیان کە لیتەی شەڕی براکوژی، جەلالی-مەلایی و ئیسلامی سیاسی، ناوچەییدا و گۆشەگیرکردوە.

دوای دیارنەمانێکی درێژخایەن و وونبوونی لە نێو میدیاکان و دانەبەزینی لەبەردەرکی سەرا، سەرۆکی بزوتنەوەی گۆران(نەوشیروان)، ووتارێک دەنووسێت کە ( ئێمە ئەزانین چیمان ئەوێ) و باسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەکات. ئاشتی کۆمەلایەتی چۆن دەستەبەر دەکرێت؟ ئەو ووشانەی کە لەسەردەمی شەڕی جەلالی مەلاییەوە خەڵکی هەژاری کورد باسیان دەکات و هیچکام لەو سەرکردانە بە خۆشییەوە هێشتا گوێی لێناگرن. شەڕێک کە ئەم جارە بە شێوەیەکی مۆدێرن

درێژەی پێدرا و بزوتنەوەی گۆڕانکاری لە باشووری کوردستان خستە نێو ئەو گۆڕە قوڵەی کە بارزانی دووەم(مسعود) و تاڵەبانی یەکەم(جەلال) و ئیسلامی سیاسی بۆیان هەڵکەندا.

بێگومان ئاشتی کۆمەڵایەتی دەستبەر ناکرێت، ئەگەر پرۆسەی یەکتر پەسەندکردن چەکەرە نەکات و گوڵی لە نێوا ناخی تاکی کورد دا نەکرێتەوە. کارەسات و قەیران لەوێوە دەست پێ دەکات کە سەرەتای بزوتنەوەیەک هەمان کۆپی بێت و وەک وەچەی ئەوانەی پێش خۆی لە شەقامی کوردیدا خۆی بناسێنێت. بزوتنەوەیەک خۆی بە ڕابەری گۆڕانکاری بزانێت و گوێ لە هاواری ڕەخنەگران نەگرێت و بیانخاتە سەنگەری دوژمنانەوە. بەڵی درێژە بە بیردۆزی پیلانگیری(کۆنسپریشن تیۆری) بدات بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە سەربەخۆن و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەیانەوێت پاڵێک بە پرۆسە پشکەوتنی کۆمەڵگەوە بنێn.

وتاری (ئێمە ئەزانین چیمان دەوێ) چارەسەرێکی زانستی ئەوتۆی میتودیکی تێدا بەدی ناکرێت کە جێگەی دلخۆشی بێت. ئەو وتارە لەوتاری نوێژێکی هەینی دەچێت کە مەلایەک چەندبارەی کردبێتەوە بۆ پرکردنەوەی کات. نووسەر تەنها باسی:-

- دەرئەنجامەکانی شەڕی مۆدێرنی مەلایی-جەلالی و ئیسلامی بەردەرکی سەرای کردوە کە چۆن خەڵکانی تورە تووشی مووچە بڕین و ئازار بوونەتەوە، لەسەر کار دەرکراون، بەڵام پەنجەی نەخستووەتە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی بەدەست

نەبوونی هەمەڕەنگی سیاسیەوە دەناڵێنێت و خودی بزوتنەوەکەی خۆشی تەنها دوو ڕەنگ و سەنگەر دەبین، یەک ناوچە و هێڵی سیاسیان لا پەسەندە.

- نووسەر باسی ئەوەی نەکردوە کە بەرنامە چیە بۆ ئەوەی ئەو ئاشتەواییە دەستبەر بکرێت؟ نووسەر خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێنیە، کە چین و توێژەکانی کۆمەڵێک هێزی خێڵکەکی و بنەماڵی گرێدراو بە سەرمایەداری ناوچە ڕۆژئاواوە بەندن. نووسەر باسی فەلسفەیەکی ئابوری نەکردوە کە کۆمەڵێک پێوەندی هاوبەش لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکات و بناغەی ئاشتەوایی دروستببێ.
- نووسەر داوای شتێکی دەکات کە نە لە قەوارە و بەرنامەی بزوتنەوەکەی خۆیەتی نە دەسەلات دەتوانێت دەستبەری بکات. لەوانە دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی دادگا و خوێندن و ڕێزی یەکتر. لێ ئاماژەم پێدا هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی هاندەری پێوەرەکانی خێڵ و بنەماڵە چەرخەکەیان دەسورێنێ، نەک ئاوەز و هوشیاری. زۆربەی ئەندامەکانیان ڕەبۆتێکی بنەماڵە و سەرکردەکانن. زۆر لە ئەندام و لایەنگرامی حزبی شیوعی بۆیە وازیان لەو حزبە هێنا، چونکە نەیانویست پتر ببنە ڕەبۆتی سەماکەرەی دەستی هەندێ لە سەرکردەکانیان کە ئێستا دیدەوانی گەندەڵین.

لەوانەیە لایەنگرانی نووسەر ئەمە بە هێرش تێبگەن، بەلام ئەگەر دوور لە هاندەر و سۆز بیربکەنەوە، زانستیانە بۆ دیاردەکان بڕوانن ناکەونە ناو بەرگرییەکی کوێرانە وەک هەندێ ئەندامی کۆنی پارتی و ئیسلامی، شیوعی... هەمان هەڵەی ڕێکخراوەکانی پێش خۆیان ناکەنەوە، کە هەندێکیان

ناوچەیین و ئامانج و بەرنامەیەکی ڕوونیان نیە. بۆیە گرنگە ئەگەر گروپیک یان ڕێکخراوێک بیەوێت پەل بهیاوێژێت و جەماوەر لەخۆی کۆبکاتەوە، دەبێ هەمووان لە پرۆسەیەی بەڕێوەبردندا بەشداربکات، نەک کۆمەڵێک سەرکردەبن و کۆمەڵێکی تریش ڕەبووتی بێ گیان و بوونیان نەبێت. هەر ئەوەشە کە تائێستا کۆمەڵگەی کوردی دابەشکردووە بە سەر چەند ئیمارەتێکدا ئەویان ئەوی دی پەسەند ناکات.

# ئۆپۆزیسۆن دەبێت هەوڵی دەسەڵات بدات نەک سازش..

ڕەخنە

٢٩-٥-٢٠١١ سوێد

لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتی و تەنانەت لەو شوێنانەی کە دیکتاتورەکان برەویان هەیە، بەرەی ئۆپۆزیسۆن یان بەرهەڵستکار هەمیشە لە کاری ئەوەدایە کە چۆن دەسەلات وەربگرێت و بەرنامەی خۆی پراکتیزە بکات. لە لایەکەوە دەسەلاتی حکومەتەکەی حزبەکانی (بەرزانی دووەم و تاڵەبانی یەکەم) لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە لە هەوڵی بچوکردن و بە کەسیکردنی داخوازیەکانی خەڵکن، پارتە بەرهەڵستکارەکانیش هەمان هەڵە دەکەن و داخوازییەکانی جەماوەرییان لە گوماوی بەرژوەندی تایبەتی(شەڕی جەلالی-مەلایی و جیهادا) نوقم دەکەن.

بەڵێ! ئۆپۆزیسۆن و دەسەلات دەتوانن لە پرسە نیشتمانییەکان کە پێوەندییان بە بەرژوەندی باڵای نیشتماییەوە هەیە تەبا و کۆک بن، کارێکی پۆزەتیڤە. ئەوەی ئەمڕۆ سەرانی هەرسێ براکەی ئۆپزیسۆن دەیکەن، بە پێچەوانەی ئامانج و خواستەکانی گەلە، کە دەها کەس بوونە قوربانی بۆی. دانیشتن لە گەڵ دەسەلاتێک کە کارایە لە خۆدزینەوە و دروستکردنی کیشەی نوێ(بڕینی موچە و دەرکردنی خەڵک لە سەر کار)، دروستکردنی قەیرانی نوێ بۆ لە خشتەبردن و فریودان، چی پێناسەی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسۆن هەیە لە دەستی دەدات.

ئۆپۆزیسۆن دەبێ هەوڵ بدات بەرنامەو پرۆژەی خۆی بهاوێژێتە ناو پەرلەمان و ڕۆژانە بیخاتە بەردەم خەڵک، نەک ببێتە بەشێک لە دەسەلات و وەک دووبەرەی شەڕ لەسەر مێزی سازش، لە گەڵ دەسەلاتێکدا کە سەرتاپای گەندەڵ ڕەنگە، کات بکوژێت. لێ چ سەرانی دەسەلات و چی سەرانی بە ناو ئۆپۆزیسۆن هەمان هێمای شەڕی براکوژی و شاخن کە ساڵانێکی دوور بە خوێنی یەکتر تینو بوون. لە دۆخی وادا کە متمانە و بروا نەبێت، لە کوێ کەشووهەوایەکی دیموکرانی برەوی هەیە. هیچ بەرەیەک بڕوای بەو دی نیە. کەواتە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە ئۆپۆزیسۆن ڕیالیستی و بابەتیان بیربکاتەوە هەنگاوی بەرەو پێش بنێت.

کە پرۆژەی ئۆپۆزیسۆنیش بووە بەشێک لە بیرو بۆچونی خەڵک ئیدی ئەو دەسەلاتە ناتوانێت بەرگەی شەپۆلی نارەزایی جەماوەر بگرێت. خۆپشاندانەکانی وڵاتی عەرەبی باشترین نموونەن، ڕاپەرینی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان تاقیکردنەوەیەکی زیندوی ترە. ئەوەی ئۆپۆزیسۆنی سێ براکە کردی بە پێچەوانەی ئۆپۆزیسۆنی ڕاستەقینەوە بوو، وەک ئامارەم پێدا، لۆکاڵی و سووربوون لە سەر ئامانجی و کەسێتی، پشت بەستن بە کۆمەڵێک هێز کە ڕێشەیان لای داگیرکەرانی کوردستانە، هەمان هێماکانی شەڕی مەلایی-جەلالی و نەبوونی متیودی زانستی بۆ پیشڕەوایەتی خەڵکی نارازی. ئەو دانیشتنانەی سێ براکەی ئۆپۆزیسۆن ئەمرۆ لە گەڵ دەسەڵات، لەوە دەچێت کە کۆمەڵێک سەرۆک عەشرەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەی عەشایری چوونە کن سەرۆکی بنەماڵەیەکی گەورەتر(مسعود بەرزانی بە نموونە) کە چیتر

ڕێگە لە پەزەکانیان نەگرێت ئەگەر هاتوو، بۆ لەوەڕاندن کەوتنە ڕێ بۆ ئەو دەڤەرەی کە ئەو باڵا دەستە..

# لە گۆڕنانی بزوتنەوەی نوژەنبوونەوەی کۆمەڵگەی کوردی شکستییەکی تری بزوتنەوەی گۆڕان

دیدێکی کۆمەڵناسیانە

٩-٤-٢٠١١ سوێد

پەنا بردنی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەندێ هێز، کە پێشکەوتنی ئەمڕۆی جیهانگیری دەروەی سنوری نەتەوەکانیان پێ نابینرێ و ناکرێت، یەکێکە لەو هەڵە کوشندانەی کە پرۆسەی گۆرانکاری و شەڕی چاکسازی لە باشووری کوردستان ئیفلیج کرد و لە ڕەوتێکی سەرتاسەری، ئاخەنییە سەرای سلێمانییەوە. بەڵکو بزوتنەوەکەی لە بازنەیەکی ناوچەیی داخراودا کۆت کرد و پەلوپۆی بچراند. گۆڕان بە پەنابردن بۆ ئەو هێزانە پێناسەیەکی کۆنخوازی دایە هێزی جەماوەر و هاندەرێک بۆ دەسەڵاتی گەندەڵی پارتی و یەکیتی کە داخوازییەکان جەماوەر بخەنە گۆرەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو هەنگاوەی گۆڕان، خۆبایییبوونی سەرکردەی ئەو بزوتنەوەیە و کەڵەکەبوونی کینەیەکی مێژووییە بەرامبەر نەیارانی ساڵانی شاخ بوو. گۆران خوێندنەوەیەکی زانستی سۆسیۆلۆجی بۆ ئەم قۆناغە ئێستا نیە، کە جیهان ڕەنگاو ڕەنگە و گوندێکی بچوکە، چ لە بواری یەکترناسینی مرۆڤەکان و نزیکبوونەوەی هێزە بزوینەرەکانی کۆمەڵگەکان.

هێزە ئاینە سیاسیەکانی کوردستان کە ئەمرۆ دەستەبرای ئۆپۆزیسۆنی یەکترن، بە هەمان ئاوەزی ساڵانی شەڕی براکوژی

نیشتوونەتە سەر پشتی گۆڕان و وا خەریکە جومگەکانی دەشکێنن و چی هێزی ئازادیخواز هەیە ووشکی دەکەن. بەرپرسیاری یەکەمیش سەرۆکی بزوتنەوەی گۆرانە کە هانای بۆ ئەو هێزانە بردووە، ئەوەش کارتێکی دۆڕاوە لە قازانجی بەرەی گەندەڵانە.

بەو کارەی ئەمڕۆی ئێستای، بزوتنەوەی گۆران چی هاندەری ئازادیخواز، لە کەسانی سەربەخۆ، چەپ، نەتەوەیی، نیشتمانی و هەندێ کەسی پاکی ناو دەسەڵات لە ناو دەبات. ئەو بزوتنەوەیە بەوە دۆراوە کە باج بۆ ئەو هێزە پاشکەوتوانە دەدات کە ئامادەنین لەشکری ئەندام و لایەنگرەکانیان لە شارەکانی هەولیر و دهۆک دژی گەندەڵی بهێننە سەرجادە، بەڵکو سلێمانی و لایەنگرانی خۆی دەکاتە سووتەمەنی نزای دوعای ئەوان بە ناوی ئاینەوە، ئەدی کەنگێ کورد کێشەی ئاینی هەبووە؟ هیشتا سەرانی گۆڕان کایەی سیاسی بەشێوەیەکی زانستی فێرنەبوون و هەمان هەڵەی تاڵەبانی و بەرزانی دووەم دەکەنەوە، کە ئەوەی یەکەمیان بۆ ڕازی کردنی ئێمام الزەمان خۆی دەکاتە شیعەیەکی عەیارە بیست و چوار و ئەوەی دووەمیشیان عێراقییەکی ئۆرگیناڵ و بە هێنانی سوپای داگیرکەران دژی یەکتر. ئەوانەش کە گۆڕان و سەرکردەکەی پەنایان بۆ دەبەن لەوان باشتر نین ئەگەر خراپتر نەبن. بۆ گۆران بەس بوو ئەگەر پشتی بە کەسانی ڕاستگۆ و قوربانییەکانی ئەنفال و خەڵکانی ناڕازی ببردایە...لێ هەر کاتێ لە سعودیە داپەروەری کۆمەڵایەتی هاتە دی، ئەوا ئەو هێزانەی کە گۆران پشتی پێ بەستوون و کردونی بە سێکوچکە ئۆپۆزیسۆن، دەتوانن بەرنامەیەکی بەهەشتی و ئەندێشەیی بۆ

کۆمەڵگەی کوردی بهێننە دی. کۆمەڵێک هێز کە نیوەی کۆمەڵگەی کوردییان کردوەتە ژێر چادر و سەرپۆشی عەرەبی و شیعیی و تۆارنییەوە..

هەربۆیەش گۆڕان و سەرکردەکەی گەورەترین ئەنفال و قەلاچۆی گۆڕانکارییەکانیان لە باشووری کوردستان کرد، ئەو بڕوایەش بە گۆڕانکاری کە خەریکبوو لە لای کۆمەلانی خەڵک دروست ببێت، لە گۆڕ نرا و نۆژەنبوونەوەی بە ئاسانی دروست نابێتەوە، هەمان بێ ئومێدی و ڕەشبینی ئاشبەتاڵەکەی پارتی ساڵی ١٩٧٥.

# پرۆسەی گۆڕانکاری لە باشووری کوردستانهێشتا بێکەسە

خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە
٢٣-٢-٢٠١١ سوێد

لەوەتی بزوتنەوەی گۆران دروست بووە، سوود لەو شەپۆلە ناڕەزاییە وەردەگرێت کە لە جەماوەری هەژاری کورد هەیە، ئەو جەماوەرەی کە لە بێ سەرکردەییدا هەندێ جار ڕوودەکاتە لایەنی ئیسلامی سیاسی و هەندێ جاریش لە کەسانی سەربخۆ و وورده رێکخراودا خۆی دەبینێتەوە. نەبوونی چاکسازی و باری شێواوی خزمەتگوزاری ڕۆژانە کە بەشێکی گرنگیان لە ئەستۆی دەسەلاتی مۆنۆپۆلێ پارتی و یەکیێتی دان، بەشەکەی تریش کەرتی بازاری بەرەڵا. بزوتنەوەی گۆران بە سەرکردایەتی سەرکردەیەکی بە ئەمەکی جەلالی کۆن(نەوشیروان موستەفا)، دوژمنی سەرسەخت و نەیاریماڵباتی بەرزانی، خوێندنەوەیەکی زانستی(سایکۆلۆژی کۆمەلنناسیانەی) بۆ کۆمەڵگەی کوردی نیە. چونکە ئەگەر پارتی یان حسک بۆ نموونە گیانی خێڵکەی بەسەریاندا زاڵە، ئەگەر ئیسلامی سیاسی ڕەوتی ئاینی بەسەریاندا باڵا دەستە، ئەوا تا ڕادەیەکی شاراوە و ئاشکرا سەرکردەکەی بزوتنەوەی گۆران و بڕێکی کەم لە جەماوەرەکەی کە قوربانیی شەڕی جەلالی مەلایین و خوینیان ڕژاوە، تا سەر ئێسک ناوچەگەری دەکەن و لە ئامانجی پرۆسەی گۆڕانکاری ڕاستەقینە، گۆڕانەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو هەڵدێر دەبن، دووریش نیە هەندێ لە سەرکردەکانی سازش لە گەڵ دەسەلاتی کوردیدا لەسەر نەکەن.

ئەوەی کە دووفاقە و چەند سەرەیە، ئەوەیە کە گۆران خۆی بە دەنگی خەڵك گەیشتە پەرلەمان و بەشێکە لەو پەرلەمانەی کە ئەمڕۆ داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکات. دەبوو ئەگەر بڕوای بە دەنگدان نەبێت، ئەو پەرلەمانەی بە ساختە و بێ کارا بزانێت، هەر لەیەکەم رۆژەوە لە دەروەی ئەو یانە میللیە(پەرلەمان) کایەی سیاسی خۆی تاوا دایە، دیارە گۆڕان دەنگی ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بەهەند وەرنەگرتووە بۆ یە پاشگەزە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، یان دەیەوێت ڕای کەمینەی خۆی بەسەر زۆرینەدا بسەپێنێت، لەهیچ پەرلەمانێکی دونیایش نەبووە کە کەمینە بتوانێت پرۆژەی خۆی تێپەڕبکات. ئەم کارەی گۆران، لە چاوەڕواننەکردنی بۆ هەڵبژاردنێکی تر و هاندانی خەڵکی بۆ هەڵوشاندنەوەی پەرلەمان، لە پێشەوە تێکدانی مافی رەوایی ئەو دەنگانەیە کە دەنگایان بۆ داوە. لیرەدا دەردەکەوێت کە هێشتا پەیکەری سیاسی و رێکخراوەیی گۆران و سەرکردەکەی هێشتا لە چەکەرەدایە و گۆڵی نەکردوە، بەم شێوەیەی ئەمڕۆ بە قوناغێکی هەرزەیی سیاسی هەڵدێردا دەڕوات کە دور نیە پرۆسەی گۆڕانکاری نوێ لە باشوور هەڵپڕوکێنێت.

گۆران لە خۆپیشاندانەکەی ئەم ڕۆژانەی داوییدا، هێشتا دروشمەکانی لە شەڕە دێرنەکانی(جەلالی-مەلایی) ساڵانی شەست دەچێت، سوتاندنی ڕەنگ و قین و..هتد ئەگەر لقێکی شاراوەی جەلالیزم نەبێت! گۆڕان دەیتوانی ڕەنگێکی نوێ، پەیکەرێکی سیاسی، پیکهاتەیەکی رێکخراوەیی نوێ بۆ خۆی دابهێنایە، نەک پشتی بە زاراوە وتەرمە پاشکەوتوەکانی شەڕی براکوژی ببەستایە، بۆ نموونە کلک زەردەکان بۆ دەروە. ئەوە نیشانەی زاڵبوونی جەلالیزمە، گۆڕان بەو شێوەیە هەنگاو بنێت،

doورنیە بە ئاشکرا نەبێتەوە بە بەشێکی ئاشکرای جەلالیزم. دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بۆ سەرۆکی عێراقی عەرەبی یەکێکە لە زەقترین ئەو خاڵانە کە دیسەلمێنن کە جەلالیزم برەوی بەهێزە لە نێو ڕیزەکانی ئەو بزوتنەوەوەیەدا. هەمان شت ئەگەر هەندێ لایەنگری بارزانی دووەم دژە دروشم و سلۆگان بەرزبکاتەوە دژی سۆرانیەکان. لە کۆتاییدا زیان بە یەکبوونی نەتەوایەتی دەکەوێت.

بزوتنەوی گۆڕان تەنانەت لە سەر کایە سیاسیەکانی ئاستی عیراقیش هەمان ڕەنگی پارتی و یەکێتی هەیە، جاران ئەگەر ئەو دوو هیزە هەندێ جار پەنایان بۆ ڕژێمە داگیرکەرەکان بردبێت، گۆران و سەرکردەکەی بە ئاشکرا سکالا لای حکومەتێکی عەرەبی لاواز دەکەن، کە لە گەندەڵی و دوژمنایەتی کورددا گەوزاون، سەکردەکەی گۆڕان هێشتا دەڵێت کوردستانی عێراق، بەمەرجێ ئەو پێناسەیە لای عەرەبە شۆڤێنیەکانیش نەماوە.

گۆران کاتێک گۆڕان دەبوو، کە کایەی سیاسی نوێ فێری گەلی کورد بکات، خۆپیشاندانی لە بەردەم پەرلەمانی عیراق بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکردایە، داوای گەرانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی بکردایە، داوای دادگاییکردنی سەرۆک جاش و ئەنفالچیەکانی بکردایە، ئەو داوایانەی کە جەلالیزم و مەلاییزم شکستیان هێنا لە بەدیهێنانی. بە داخەوە شینی سەرکردەکەی گۆڕان لە داوای ئابوری ناوچەیی(بەشە نەوت بەنموونە) زیاتر برناکات، فەلسفەیەکی دادوەرانەی بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێنیە کە بتوانێت بەیەک چاو سەیری تاکەکانی کۆمەڵگە بگات. گۆڕان

بەو شێوەیەی ئەمرۆی ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی هوشیاری ئاوەزیی زانستی(علمانی عقلانی) دروست بکات، دوورنیە لێرەشدا ئامانجێکی تری ئیسلامی سیاسی تەواونەکات. هەربۆیەش تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە بەرفراونبێت و کێشی لەشارەکانی تر باشووری کوردستان هەبێت، بۆیە نەیتوانیوە ببێتە جێ ئومێدی ئاواتی بەرینە. دا نەیتوانیوە بە تەواوی بەرگی جەلالیزم فڕێبدات و خوێندەوەیەکی زانستی بۆ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەبێت. هێشتا بە ئاگا نیە لە فاکتەر و هاندەرە بنەماڵەیی و خێڵەکیانە کە کۆمەڵگە کوردییان پێکهێناوە. هێشتا لەوە تێنگات کە ئەگەر سەرگەورەی خێزانێک یان بنەماڵەیک هەر حزبێک هەڵبژێرێت، ئەندامەکانی ئەو خێزان و بنەماڵەیە بێ یەک و دوو دەبنە ئەندام و جەماوەری ئەو حزبە. نموونە شیوعیەکانیش ئەو مۆرکەیان پێوە نراوە، هەرچەندە دەبوو وانەبن. گۆڕان و لایەنگرانی دەبێ ئەو دروشمە نهێنە لابەرن کە دەڵێن پاکسازی فلان لایەن یان بنەماڵە. کۆمەڵگەی کوردی پێش هەموو شتێک پێویستی بە شۆڕشی ڕۆشنبیری هەیە، شۆڕشێک کە تاکەکان خۆیانی تیا بناسنەوە و بێ دەنگ نەبن لە پێشێلکردنی مافەکانیان. گۆڕان وەك پارتییەکانی ناوە و دەرووەی پەرلەمان، خاوەنی ئەو توانا و داهێنانە نیە و بە دەست هەمان نەخۆشییەوە دەناڵێت. چونکە مەکۆی ئامێرکەی زۆربەیان لە کەسانی سەردەمی ناکۆکی کۆنخواز و داخ لەدڵ(جەلالی-مەلایی) پێکهاتووە. لەو قەوارە پاشکەوتووە ناتوانن بچنە دەروە. گۆڕان دەتوانێت خەڵک بێنێتە سەرجادە و بیدا بەگژ یەکتردا، بەڵام دروشمەکانیان لە هەڕەشەکانی سەرانی دەسەلات، فازل میرانی مشار بەدەست بە نمونە، تێپەرناکات..لێرەدا ئەوە پێشکەوتنی هەمەلایەنەی

کۆمەڵگەیە، ئابوریە و سیاسیە کە کۆتایی بە ڕژێمێکی کۆمەلایەتی کۆن و سواو دەهێنێت. نەک بەزۆر و ناوچەگەری. ئەم پۆلەتیکایەی ئێستە گۆڕان کوردستان پتر پارچە پارچە دەکات. لەم ئامانجەشدا گۆڕان ئاسۆکانی گۆڕانکاری لێونە.

# شێخ عومەر غەریب:-
# کە دێتە سەر باسی سەربەخۆیی کوردستان زۆربەی ئیسلامییەکان دژن و دەیان ئایەت و حەدیس دەکەنە بەربەست

بە دواداچون
بەشی یەک

٤-٥-٢٠١٠ سوێد

شێخ عومەر غەریب*(بڕوانە گۆڤاری مامۆستای کورد. ژ ٢١، ٢٢، ٢٧،٢٩) کە ماوەیەکی بەرچاو کاری لە گەڵ ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان کردووە و ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە لە بزوتنەوە ئیسلامییە کوردییەکان و ناوچەییەکاندا و ڕوییەکی چالاکی ئیسلامی بووە، لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئیسلامییەکان و کیشەی کورد کردووە. ناوبراو گەیشتووەتە ئەو ئەنجامگیرییە کە بەهۆی دەمارگیری نەتەوایەتی بە تایبەتی هی نەتەوە سەردەستە(عەرەب، فارس، تورک) ،داگیرکەرەکان هەردەم بەچاوی گومان و سوکەوە سەیری گەلی کوردیان کردووە و هەرگیز ئەو مافە ڕەوایە(کوردستانێکی سەربەخۆ) بۆ کورد بەڕاست نازانن. هێڵە سەرکییەکانی بەشی یەکەم ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لە چەند خاڵێکی سەرەکی:

0. هێزە ئیسلامیەکان بە کوردیەکانیشەوە، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە فەلەستین خاکی عەرەبە و لەلایەن زایۆنیزم و کوفری جیهانیەوە داگیرکراوە،

ئەرکی هەموو موسڵمانێکە کە دەبێت جیهادی بۆ بکات و هەوڵی ڕزگارکردنی بدات. کە دێتە سەر باسی کێشەی کورد، هەمان هێزی ئیسلامی(بە کوردیەکانیشەوە) هەڵوێستی پێچەوانە دەنوێنن و دەڵێن کێشەی کورد (کێشەیەکی ناوخۆییە و زۆر گرنگ نیە و موسڵمانان هەموویان بران و نابێت خاکی عێراق و تورکیا، سووریا و ئێران بەش بەش بکرێت، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژ ٢٢ لا ٧).

1. بۆ بەربەست دروستکردن لە داخوازییەکانی کورد و گومڕاکردنی هەڵویستی گشتی، نووسەر دەڵێت: ئیسلامییەکانیش وەک مارکسی و لیبرالییەکان دەها بیانو و ئایەتی قورئان دەهێننەوە تەنها بۆ ڕێگەگرتن لەوەی مافی کورد نەدرێت و سوود بۆ نەتەوە داگیرکەرەکان بگەڕێتەوە، بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا ٨ ).
2. حزبی دەعوە و بزوتنەوەی ئیسلامی عێراق دەڵێن: دەبێت کار بۆ یەکێتی خاکی عێراق بکرێت و هەرێمی کوردستان بەبەشێکی نە پچڕاوی خاکی عێراق دەزانن، ئەو ناوچە هێمنە ئازادەی کە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژ ئاوا بۆ کوردیان لەساڵی ١٩٩١ وە کردووە دژی پرنیسپ و پیرۆزیەکانی ئیسلامە. نووسەر باسی هەڵوێستی دەسەڵاتی چەوتی ئیسلامی شیعزم لە ئێران دەکات کە ئەوانیش چۆن هێزی ئیسلام بۆ سەرخستنی دەمارگیری فارسی دژی داخوازیەکان کورد بە کار دەهێنن، بڕوانە(هەمان سەرچاوە،لا ٨-٩).

3. نووسەر ڕاشکاوانە باسی ڕۆڵی چەوتی(اخوان المسلمین) ی عێراقی دەکات کە دیسان چۆن بە هەموو شیوەیەک باسی مانەوەی یەکگرتووی خاکی عێراق لەسەر جەستەی کورد دەکەن. داگیرکردن و زەوتکردنی ماڵی یەکتر بە پێی قورئان و سوننەت حەرامە و گوناهێکی گەورەیە(هەمان سەرچاوە. لا ٩) ، بەڵام ئەو نەتەوانە(حزبە ئیسلامییەکانیان) پابەند نین بەو دەقە ئاسمانیانەوە کە خۆیانی بۆ ئەدەن بە کوشت و ئامادەن بچن غەزای ئیسرائیل و کافرانی خاجپەرست بکوژن.

نوسەر لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەیەدا باسی ئەوە دەکات کە تەنها چەند نوسەرێکی عەرەب و تورکی هەقبێژ وەک دکتۆر فەهمی شەنناوی، دکتۆر حەمدی موراد، ئیسماعیل بێشکچی و دکتۆر محەمەد مەهدی نەبێت، زۆربەی ناوەندی ئیسلامی و چەپ و لیبرالی بەرامبەر دۆزی کورد تەواو بێ دەنگن و زۆرجاریش دژایەتی دەکەن. شایەنی باسە زۆربەی شیوعییەکانی عێراق(هەرچەندە حزبی شیوعی عێراق یەکەم حزب بووە لە سەرەتای دروست بوونییەوە پێش پارتییە نەتەوەییەکان، مافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی بۆ کورد لە باشوور دیاری کردووە)، تودەییەکانی ئێران و چەپەکانی تورکیاش هەمان هەڵوێستیان هەیە و کێشەی کورد بە کێشەیەکی ناوخۆ تەماشا دەکەن و دەڵێن چینی کرێکاران هەموو برای یەکترن و ئەگەر کرێکاران ڕزگاریان بوو کوردیش ڕزگاری دەبێت. بۆ کرێکارانی کورد بڤەیە باسی سەربە خۆیی

کوردستان بکەن. لێ ئەوە دەبێتە هۆی لاوازی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین. نووسەر گەیشتوتە ئەو ڕایە کە کورد میللەتێکی تەنیایە و تەنها دەبێت پشت بە خۆی ببەستێت بۆ هێنانەدی سەروەری و ڕزگاری.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی نووسەر دەربارەی هەڵویستی لاوازی هەندێ شیوعی عێراقی، نموونەیەکی زیندو دەهێنمەوە. ساڵی ١٩٨٧ کە بنکەکەمان لە شیوی قازی لە ناوچەی قەراغ بوو، لە ناوی نەخشەیەکی جیهان کە بە دیواری بنکەکەوە هەڵواسرابوو، سنووری کوردستانی گەورەم بە پێنوسێکی سوور جیاکردەوە، چەند کاژێرێکی نە خایاند هاوڕێیەکی عەرەبم لێ ڕاستبووەو ووتی هاوڕێ تۆ دەتەوێت عێراق پارچە پارچە بکەیت، شیوعی نابێت نەتەوەپەرستبێت. جێگەی ئاماژەیە ئەو هاوڕێ عەرەبە پتر لە چوارساڵ لە نێو کوردا بوو بەڵام تاک و تەرا نەبێت ووشەی کوردی نەدەزانی، بەڵام بەدوو ساڵ باشترین سویدی فێربوو.

سەرچاوە

مامۆستای کورد: ژمارە ٢٢ لاپەڕە ٧ – ١٢.

## شێخ عومەر غەریب:-
## هەندێ نووسەری ئیسلامی ئەوەیان بەڕاست زانیوە کە سەددام چەکی کیمیاوی دژی خەڵکی سڤیلی کورد لە هەڵەبجە بەکارهێناوە*

## بە دواداچون
## بەشی دووەم و کۆتایی

٨-٥-٢٠١٠ سوێد

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەیدا( بڕوانە ماموستای کورد. ژمارە ٢٧ لا ٢١- ٣٠) نووسەر، شێخ عومەر غەریب، بە ووردی هەڵویستی دژەکوردی ئەو هێزانە هەریەکە بەجیا دەخاتە ڕۆ کە چۆن بە هەموو شێوەیەک هێزی ئاین، ئابوری بۆ دژایەتکردنی کورد بە کار دەهێنن. نووسەر ڕاشکاوانە و بێ ترس روی ڕاستە قینەی هەریەکە لەو هێزانە دەخاتە ڕو کە چۆن کورد وەک(ماشە) بۆ مەبەستی خۆیان بەکاردەهێنن. تەنانەت خود خۆی لەلایەن ئەو هێزە ئیسلامیانە دەکرێتە ئامانجی تیر و تانە و بە نەتەوەپەرست دێتە ناسین و بە توندی لە لایەن گەورە ئیسلامانەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت:

- هەڵوێستی شیعیزمی ئیسلامی ئێران دژی کورد وەک نەتەوە: نووسەر ڕەخنە لە ئێران دەگرێت کە چۆن لە سەر زۆربەی دیوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراوە (ما بە کرد نمی جنگیم، با کفر می جنگیم، لا ٢٢ هەمان سەرچاوە) واتە ئێمە دژی کورد ناجەنگێین، دژی کوفر دەجەنگێین. هەرچەندە

بەشی زۆری ئەو بەشەی کوردستان موسڵمانن، بەڵام کە داوای مافی سەرەتایی خۆیان دەکەن کوشتنیان لەلایەن ئاخوندەکانەوە حەڵال دەبێت. نووسەر کارا ئایەتی قورئانیان بۆ دەهێنێتەوە لە دەقەکانیەوە پێیان دەسەلمێنێت کەئەوەی ئەوان دژ بە کورد وەک نەتەوە دەیکەن حەرامە و لادانە لە قورئان و سوونەت. بۆ نموونە ومالکم لاتقاتلون في سبيل الله والمستضعفين ٧٥/٤ واتە بۆ لە پێناوی خودا و چەوساوەکاندا ناجەنگێن و خەبات ناکەن؟ بەڵام بەداخەوە بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەچاوێکی مرۆڤانەو و دروست سەیری گەلی کورد و نیشتمانەکەی ناکەن کە داگیر کراوبێت. ( هەمان سەرچاوە لا ٢٣).

- هەرچەندە کە میسر پایتەختی بەلاغەی ئیسلام و مزگەوتی ئەزهەرە، لەوێشەو دیسان دانایانی ئیسلام و ڕابەرێک وەک دکتۆر يوسف القرضاوي و دکتۆر احمد العسال..هتد ئەو بایەخە بە دۆسی نەتەوەی کورد نادەن، بەڵام ئەوەی کە ئاسایشی نەتەوەی عەرەب دەخاتە مەترسییەوە بەرگری لێ دەکەن و هەڵوێستە وەردەگرن. بزوتنەوەی ئیخوان المسلمين مافی ڕزگاری بە هەموو نەتەوەیەک دەدەن تەنها بۆ کورد نا. نووسەرەکانیان هەردەم بیری ژەهراوی دژی گەلی کورد بڵاو دەکەنەوە(هەمان سەرچاوە، دکتۆر محمود حسينات لا ٢٣). بە داخەوە گەلی کورد لە باشووری سێ ملێونە بەڵام بەکەمینەی دەزانن و لە جولەکە نزمتر سەیری دەکەن.

- نووسەر لە ساڵی ١٩٩١ دەچێت بۆ دایرەی" هيئة الاغاثة الاسلامية العالمية" لە پیشاوەر، لەوێ کۆمەڵێک کاربەدەست دەبینێت و لە ناویاندا قوتابییەکی فەلەستینی.

کاتێ قوتابییەکە دەزانێت نووسەر کوردە دەکەوێتە باسی پیا هەڵدانی کورد. نووسەریش دەکەوێتە باسی مێژووی کورد، بەلام سەلەفییەک بە ناوی ( شيخ عبدوالحميد سلفي) قسەکانی پێ پەسەند ناکرێت و ژوورەکە بە جێ دەهێڵێت. بۆ ڕۆژی داویی هەمان کەس دەڵێت چۆن شیخ عومەر غریب باسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکات. (بڕوانە هەمان سەرچاوە لا ٢٧).

- پێشنیارەکەی نووسەر لە کۆنفرانسی پاکستاندا لە ١٥-١٢-١٩٩٢ دا دەربارەی دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی ئیسلامی توند لەلایەن زۆربەی نوێنەرانی حزبە ئیسلامییەکانەوە ڕەت دەکرێتەوە و بەڵکە بوختانیشانی بو هەڵدەبەستن کە دەمارگیری نەتەوایەتی زاڵە بەسەریدا. تەنانەت پارتی دەعوەی عێراقی ساڵی ١٩٨٥ ڕازی نەبووە کە پارتێکی دەعوەی کورد دابمەرزێت ئەگەر ناوی کوردی لەسەر بێت( لا ٢٧ هەمان سەرچاوە).

نووسەر لەمەڕ هەڵویستی نەرێنی ئیسلامیەکانەوە بە دەها نموونە دەهێنێتەوە کە پڕن لەو ڕاستیانە کە بزوتنەوە ئیسلامییەکان چەند بەرامبەر کورد وەک نەتەوە داخ لە دڵن و چۆن هەردەم ئامادەن کورد، لەبەر ئەوەی کە موسڵمانە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان بە کار و لە خشتەی بەرن . هەندێ نوسەری ئیسلامی ئەوەشیان بەڕاست زانیوە کە سەددام چەکی کیمیاوی دژی خەڵکی سڤیلی کورد لە هەڵەبجە بەکارهێناوە(ئەبو ئیحسان، لا ٢٩ ) چونکە بە بۆچونی ئەوان کوردەکان هاپەیمانی ئێران بوون بۆ بەرپەرچدانەوە و زاڵبوون بە سەریاندا چەکی کیمیاوی باشترین ڕێگەیەکی چارە بووە.

کەواتە بۆچونی ژەهراوی ئیسلامییەکان کاریگەرترە لەو چەکە کیمیاویەی کە سەددام بە کاری هێنا، چونکە ئەمان دەروون و خودی تاکی کورد لە هەموو وێژدان و هەستێکی نەتەوایەتی دەسڕنەوە و لە چەند لاوە گەماڕۆی گەلی کوردیان داوە. بۆ نموونە کارەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان(هەرچەندە پاشگری کوردی لە خۆ ناوە و هەندێ جار بەرگری لە داخوزایەکانی کورد دەکات) کە ڕۆژانە هەوڵ دەدات سیمبۆلە نەتەوایەتییەکانی (نەورۆز، ناوی منداڵانی کورد) کورد بسڕێتەوە و لە بری بایەخدان بە دۆزی کورد خەریکی بە موسڵمانکردن و بڵاوکردنەوەی پان ئیسلامیزمی عەربیزمە لە کوردستان و ئەوروپا، (بڕوانە دەنگی سەربەخۆ بە موسڵمانکردنی لاوانی سوێد، ئەحمە موفتی)*.

وێ دەچێت کە داگیرکەران(عەرەب، فارس و تورک) لەوە بترسن کە هێزی ئاینی ئیسلام بکەوێتە دەستی کورد و وەک خۆیان بۆ ئامانجی سەرخستنی گەلی کورد بە کاری بهێنێت، بۆ نموونە فارس و تورک کە ساڵانێکی دێرە گەلانی تریان بە هۆی ئیسلامەوە تاڵان و ئەنفال کردوە و کە سێتی ئەو نەتەوانەیان تێکشکاندوە!

هەستی دەمارگیری نەتەوایەتی لە نێو ئەو نەتەوە داگیرکەرە موسڵمانانەدا(عەرەب، فارس و تورک) هێندە بە هێزە کە تەنانەت چارەسەرێکی ئیسلامی لە چوارچێوەی ئاینی ئیسلامدا بۆ کورد بە ڕەوا نابینن، بڕوانە ( بەشی سێ، ئیسلامییەکان و کێشەی کورد، مامۆستای کورد، ژ ٢٩). هەموو هێزی خۆیان تەرخان کردووە بۆ چەوساندنەوەی ئەو گەلانەی کە لەژێر دەستیانن.

سەرچاوە:

مامۆستای کورد. ژماره ٢٧ لا ٢١- ٣٠)
http://www.kurdistanan.net/index.php?sid=20211

## لە ڕوی فیزیکی و سایکۆلۆژییەوە نەبوونی سەروەری یاسا چۆن کاردەکاتە سەر بیرکردنەوەی تاک بۆ نموونە بیرکردنەوە لە دەوڵەتی نیشتمانی و نەتەوەیی..

سوێد ٢٠١١/٩/١٢

**سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە خەون ئەگەر تاک خاوەنی سەرکردەی کارا نەبێت و ئەو خەونە نەکاتە ئامانج کە بوونی تاکی تێدا دەستەبەر بێت..**

دامەزراندنی دەوڵەت یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی هێزە بزوێنەر و بەبزوتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کە خۆیان بەڕابەر و سەرکردەی جەماوەر دەزانن و بە دەمڕاست ناسراون.

دەوڵەتی نەتەوەیی، یان نیشتمانێکی دیاریکراو کە هاولاتی، کە تاکی کۆمەڵگەیەک ناسنامەیەکی هەبێت و لە نەتەوەکانی دی جیایان بکاتەوە، خەسڵەتێکە کە بوونێکی فیزیکی و دەروونی بەو کۆمەڵگە دەبەخشێت. تاک لە دوای سەرهەڵدانی هەستی نیشتمانی نەتەوەییەوە، لە سەردەمی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە(ڕێنسانس) ئەو هەستەی لا پەدا بوو، کە بە بێ بوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی، بوونێکی نا دیاری دەبێ، لە نێوان گێژاوی بێ ناسنامەییدا تووشی سەرلێشواوی دەبێ. ئەو خۆنەناسین و سەرلێشواویەش کاریگەری تەواوئ دەبێ لە سەر دامەزراندنی کەسێتی. هەربۆیە کە نەتەوەیەکی سەردەست نەتەوەیەکی دی ژێر دەست دەکات، لە هەوڵدا دەبێ بۆ سڕینەوەی هەموو لایەنەکانی کەسێتی تاکی ئەو نەتەوە ژێر دەستەیە. ئێمە وەک کورد زیندوترین نموونەمان هەیە، پرۆسەی تەعریب، تەرحیل و گۆڕینی ناسنامەی کوردی لە باشوور و ڕۆژ ئاوای کوردستان. ئێمە ئەزمونی باکوری کوردستانمان هەیە، کە

پان تۆرانیزم وای لەو بەشەی کوردستان کردبوو، کە تا چەند ساڵێک لەمەوبەریش تاکی کورد پێی نەنگ بوو بڵێ کوردم. نموونەی دی زۆر هەیە.

ئەرکی ئەو دەوڵەتە یان ئەو نێشتمانە نەتەوەییە لەوەدایە، کە وەک مەکۆیەک تاکەکان لە یەک ناسنامەی نیشتمانی کۆدا بە کۆمەڵگەیەکی تایبەتەوە، کە تاکی بوونی خۆی تێدا بدۆزێنەوە، گری بەدا. قەوارەی ئەو نیشتمانە، کە ناسنامە بە تاکەکان دەبەخشێت لە چەند روێکی یاساییەوە گرنگی خۆی هەیە. لەوانە دەبێ هاوکێشەیەکی هاوتا لە نێوان ئەرکە و مافەکانی تاکدا هەبێت. ئەگەر وانەبێت، بۆ نموونە تای تەرازوی ئەرکەکان لە مافەکان سەنگین تربێت، ئاڵۆزی و پەشێوییەکی هەمەلایەنە کەسێتی ئەو تاکە دەشکێنێت لە نێو تەنگەژەی بێبرواییدا وون دەبێت. ئەو پردە فیزیکی و دەروونییە هاوتایە چێ نابێت کە تاک خۆی تێدا بدۆزێتەوە. دەوڵەت ڕێکخراوێکی مەزنە لە کۆمەڵێک کۆئورگان پێکدێت کە دەبێ سەروەری تاکی تێدا بپارێزرێت، ئەو سەروەرییەش لە رێگەی سەربەخۆیی ئەو دامەزراوە و ئۆرگانانەیە و هەڵوێستیان بەرامبەر ماف و ئەرکەکانی تاک. Alvsson& Sveningsson (یروانە چاپی ئینگلیزی٢٠٠٨ لا ٣٥-٥٠) ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە دەبێ تاکەکان بەشێک بن لەپرۆسەی گۆڕینی فەرهەنگی ئۆرگانێک، ئەگینا پاسیڤ دەبن و داهێنانیان نامێنێت، لیرەدا مەسەلەی سەروەری و ئازادی دینەمۆی ئەو بەکارا بوونەیە.

لەڕێگەی بوونی کۆمەڵێك دامەزراوەی سەربەخۆوەیە کە تاکەکان هەست بەو بوونە (فیزیکی و دەروونی)ە دەکەن کە بەشێکن لەدەوڵەت و کاران لە پشخستنی ئەو نیشتمانەی کە خۆیان بە خاوەنی دەزانن. بیرنەکردنەوە لە دامەزراندنی

دامەزراوەی سەربەخۆ لە لەلایەن هێزە بزوێنەرەکانی کورد لە باشوور، چەند هۆکارێکی بنەڕەتی لە خۆ گرتووە لەوانە:

- سووربوونی ئەو هێزانە لە سەر بەرنامەیکی حزبی بۆ بەندکردن و توانەوە تاکی کوردی، بێ بروایی ئەو هێزانە بەو دۆخەی کە ئێستا لە باشووری کوردستان ماوەی بیست ساڵە پتر دروست بووە، چونکە هێزێکی دەرەکی بەدی هێناوە نەک خودی ئەو هێزانە.

- بڕوا نەبوونی ئەو هێزانە بە ئازادی تاک و بەردەوامبوونیان لەسەر فەرهەنگی مانەوەی بنەماڵە و حزب، پێش بوونی نەتەوە

- دورستبوونی دامەزراوەی سەربەخۆ واتە لاوازی ئەو هێزانە کە چەند ساڵێکە ئاوەزی تاکی کوردیان تووشی مۆرانە کردوە ڕێگرن لە بەردەم پێشکەوتنی. هوشیاربوونەوەی تاک واتە سەرەتای مەرگی ئەوان دەست پێ دەکات. واتە نەوەیەکی نوێ جێگەی ئەو نەوە کۆنە دەگرێتەوە کە فەرهەنگێکی دۆگمی(بنەماڵەیی نەگۆڕ) هەیە. جێگربوونی دامەزراوەی سەربەخۆی یەکسانە بە کۆتاییپێهاتنی سەرۆکی سەروەور و باوکی گیانی و سەرۆکی دیکتاتۆر کە لە ڕێگەی هێزی کاریزما و تۆقاندنەوە ئەندام و لایەنگرانی ڕابەری دەکات، بروانە( Northouse چاپی سێیەم ٢٠٠٣ لا ٦٩).

- بێگومان فاکتەری هێزە ناوچەیی و جیهانیەکانیش ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەرییان لەسەریان هەیە ..بەتایبەتی کۆمپانیا سەرمایەدارەکان کە قازانج ئامانجی سەرەکییانە و ئەوانیش ( هێزە کوردییەکانی هەرێم) بەشدارێکی ڕاستەوخۆن

له وەبەرهێنانی ئەو سامانە سروشتییەی کە هەیە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی بەنجە بخرێتە سەر ئەوەی کە هێزە دەسەلاتدارەکانی هەرێم لە رێگەی تۆڕی ئەندام و لایەنگرانیەوە سامانی کوردیان بۆ خۆیان مۆنوپۆل کردوە ڕژێمێکی ئابوری تایبەتیان بۆ خۆیان و پارت و بنەماڵەکەیان دامەزراندوە، سیستەمێک کە جومگە گرنگەکانی کۆمەڵگەی خستوە ناو بەزەیی بەرداشی سەرمایەکانیانەوە، هەروەک شیێخەکانی کەنداو. بەکارهێنانی ئەو سامانە بەو شێوەیەی ئەمرۆ، وای کردوە کە ئامانجی ئابوری و پاشکۆیی بۆ سەرمایەدارە بەرپرسەکان، ئامانجی سەرەکی تاک بێت، نەک بیرکردنەوە لەدەوڵەتی نیشتمانی نەتەوەیی. ئەو دەسەلاتە هەمیشە تاکی خستوەتە ناو گێژاوی نیگەرانی ترس لە ئازادی و سەربەخۆیی، گوایا دوژمنانی کوردستان لە بۆسەدان. ئەو ترسە بوەتە مایەی نیگەرانی نەبا جارێکی دی مالوێران و دەربەدەری هەژاری ڕوی تێبکات. دەسەلات بەو جۆرە مافی ئۆتۆنۆمی خودی بیرکردنەوەی لە تاک زوەت کردوە. بڕوانە Stevens 2007

ئەو هۆکارانە و کۆمەڵێک هوکاری لاوەکی دی تاکی لە باشووری کوردستان ناچارکردووە کە نەک بیر لە ناسنامەی نەتەوایەتی نەکاتەوە، بەڵکو گاڵتەشی پێ بکات. کرێکارێك یان کارمەندێکی کورد کەڕۆژ تا ئێوارە کاردەکات و هێچ بێمەو مافێکی نەپارێزراوە، بێگومان هەموو ووزەی بۆ ئەوە بەکاردەهێنێت کە بژیوی ماڵ و منداڵی مسەوگەر بکات. ئەگەر یاسا گەلێک هەبێت ژیانیان ڕێکبخات، بیر لە شتی دی دەکەنەوە. لێرەشدا لە بیرمان نەچێت دیسان دەسەلات تاوانباری یەکەمە، چونکە سەرچاوەی بژێوی و دامەزراندن و کاسپیان، لە ڕۆژانی تاک

قۆرخ کردووە و هەرکەسێکیش شەقامی ئەوانی بەدڵ نەبێت پەراوێزی هەمەلایەنە دەکرێت. ئەوە تاکتیک و ستراتیژی دەسەلاتی کوردییە لە دەستەمۆکردنی تاک و کۆمەڵگەی کوردی. تاک گیانەلەبەرێکی بێ دەسەلاتی نێو یاساکانی پارتییەکانە، نەک یاساگەلێکی سەر بە خۆ کە تاکەکان وەک یەک سەیربکات. کە تاک هەستیشی نەکرد بەشێکە لە گۆڕانکاری، ئەوسا وەک ئامێرێکی بێگیانی لێ دەێت و گوێ بە ئاسۆی هوشیاری نادات( بروانە، organization culutre Changing چاپی ٢٠٠٨ لندن لا ٤١ تا ٥٠ Alvesson & eningsson ). هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگە ئەرکی هوشیار کردن و بەرەو وپێشبردنی تاکیان لە ئەستۆدایە، ئەگەر ئەوەش، بۆ نموونە ناسنامەی نەتەوایەتی لە تاکی کۆمەڵگەیەکدا بەدی نەکرێت، کەمتەرخەمی ئەوان دەسەلمێنێت، نەک بێ ئاگایی تاک.

وەک ئاماژەم پێدا فەرهەنگی ڕێکخستنی هێزە بزوینەرەکانی کۆمەڵگە، تەنانەت لە ڕێکخراوێکیشدا، گەلێک گرنگە بۆ ئاشنایی تاک بە مافەکانی و ناسینەوەی بوونی خۆی لە قەوارەیەکی نیشتمانی یان نەتەوەییدا. ئایا بۆ نموونە پارتی و یەکێتی و تەنانەت پارتێکی وەک حزبی شیوعی کە پێگەیەکی جەماوەری بەهێزی هەبوو، ئەو کارەیان کردووە؟ نە خێر. تاکەکان پاسیڤن و چالاک نین لە بەر ئەوەی سەرکردایەتی ئەو پارتانە لە دڵەڕاوکێی و ئەوەدابوون و ئەوەدان کە بنەماڵە و هێماکانیان پۆستی ڕابەری لە دەست بدەن وجەماوەریان بە ئاگا بێتەوە، ئەوە فەرهەنگێکی تێکەلێ ڕۆژهەڵاتی دەربەگی و بنەماڵەییە، کە دەبێ تاک لە پێناوی گشتدا بسوتێت. کە دەبێ تاک ببێتە رەبۆتێکی بێگیان و تەنها ئەرکی هەبێت.

لە کۆی ئەو بۆچونەی  سەرەوە ئەوە دەستەبەر دەکرێت، کە زۆر ئاساییە لە شوێنێکی وەک باشووری کوردستان، کە ناویشی حکومەتە، هێزە بزوێنەرەکانی دژ بە سەروەری یاسا بن بواری تاک نەدەن کە بە ئاگا بێت لە چۆنییەتی خەرجکردنی سامانی نیشتمانەکەی. فرە ڕۆشنە کە تاک ئەو جوانییە لەسەروەری یاسا نەبینێت و بە بەرچاوییەوە بەرپرسەکانی پارتیەکان ببینێت کە خاوەن سەرمایەن و ئازادییەکی ڕەهایان هەیە لە بە فیڕودانی سامانی کوردستان بۆ مانەوەی سەرۆک و حزب، نەک دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی. هەربۆیەش ئایندەی دروستکردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بە واتای مۆدێرن بەندە بەوەی کە یاسا چەند سەربەخۆیە و دامەزراوەکان کێ دەیانبات بەڕێوە، تاک چۆن خۆی پیناسە دەکات و لە چیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر گریمانەی ئەوەش گوڵبگرێت و دەوڵەتی کوردی دروست ببێت، ئەگەر یاسا سەروەر نەبێت، لە نیشتمانی وڵاتە عەرەبییەکان باشتر نابێت، کە دوای چل ساڵ پتر یەک لە دوای یەک لەماوەی شەش مانگدا هەرەسیان هێنا.

سەرچاوەکان:

Northous, G (2003). *Leadership Theory anda practic. London*: Sage Publication

Alvsson& Sveningsson (2008).*Changing Organization Culture*. Routledge: London an New York

Stevens R (2007). *Att förstår människor*. Lund: Studentlitteratur  تێگەیشتن لە مرۆڤەکان

تێبینی: هەموو مافێکی بلاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ خودی نووسەر و هەفتەنامەی هاوڵاتی پارێزراوە

## دۆسیەی پرسی دەوڵەت لە باشووری کوردستان / هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە ٧٤٩ ی ٢٠١١/٧/١٧ سلێمانی ئامادەکاری دۆسییە موحسین تالیب

٩-٤-٢٠١١ سوێد

لە دەوڵەتی نەتەوەییەوە بۆ دەوڵەتی نیشتمانی، بۆ؟ چونکە وەک خۆت هێمات پێداوە، بە هۆی جیهانگیرییەوە(گلوبالیزمەوە) سنووری نەتەوەکان کاڵ دەبێتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی ناسنامەیەکی دی وەردەگرێت. لە نێشتمانێکدا وەک باشووری کوردستان چەند نەتەوەیەکی تری تێدا دەژێت و لە دروستکردنی هەر قەوارەیەکدا دەبێ ئەوانیش ببنە بەشێک لەو میکانیزمە. لەبیرمان نەچێت کایەکانی بازاڕی ئازادیش ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە دروستکردنی ئەو ناسنامە نوێیە. ئەو ناسنامە نوێیەش بەپێی هێزی ئەو سیستەمە ئابوریە سایکۆلۆژییەتی ئەو هاونیشتمانیانە دیاری دەکات. بۆ نموونە خاوەن کۆمپانیایەک با کوردیش بێت، کە ڕۆژانە پیوەندی ئابوری و گرێبەستی لە گەڵ عەرەب و تورکمان و یابانی هەبێت، هەمان هەست و ناسنامەی نەتەوایەتی نابێت وەک تاکێکی پێش ڕاپەرین کە بەدەست سوپای عێراق دەچەوسایەوە، هەمان کاردانەوە و ڕقی نەتەوایەتی هەمەلایەنەی دژی ئەو نەتەوە سەردەستانەنیە کە نیشتمانەکەیان داگیرکردوە، نابێت. لێرەدا لە ئەنجامگەلی ئەو پێوەندییە ئابورییە بەرینە نوێیە، پەسەندکردنی یەکتر دێتە ئاراوە و میکانیزمێکی دیموکراتی لە دایک دەبێت. پرۆسەکە چینەکانی ناو کۆمەڵگەش دەگرێتەوە، بەهۆی ئەو جوڵە ئابورییەوە و ناسنامەی چینەکانیش جێگۆڕکێ دەکەن و شوێنی

خۆیان لەو سیستەمە کۆمەلایەتییەدا دەگۆڕن (یروانە کرۆمپتۆن، لا ۱۲۲ چاپی ۲۰۰۷). نموونەیەکی تر، سوێدی پێش بیست ساڵ سوێدی ئەمڕۆ نیە، ئیسلام و مزگەوت و نەتەوەکانی دی بەشێکن لە سوێدی نوێ، هەمان شت ئەڵمانیا، بریتانیا..تەنانەت ئەو ئاینە نوێیەش ئاویتەی ئەو ناسنامە نوێیە دەبێت و بووە. سەرکردە سیاسیەکانیش پێش هاوڵاتی ئاسایی ئەو ناسنامە نوێیە پەسەند دەکەن. سکرتێری پێشووی پارتی سەنتەر، لەم ڕۆژانەدا باسی ئەوەی کرد کە بێگانە کاریگەر خۆی هەیەلە سەر قەواری ئابوری سوێد و دەبێت بەهەندە پێگەی بۆدابنرێت، ئاماژەی بەوەدا کە ساڵانە دەهەزار کەسانی ئەکادیمی روودەکەنە سوێد، لە چوار دکتۆردا یەکێکیان بێگانەیە، ئیدی بۆ بەهەند وەریان نەگرین( ماود، سکرتێری پارتی سەنتەر، سوێد، ۲۰۰۱/۷/٦ ڕۆژنامەی داگس نیهێتەر، بڕوانە فایلی هاوپێچ).

دەلتانیش(کە پرۆفیسۆری کۆمەڵناسیە لە زانکۆی لیڤەرپۆل، بڕوانە سەرچاوەی سوێدی هاونیشتمانیبوون لە دنیای جهیانگیریدا چاپی ۲۰۰٦) ئەوە ڕاستیە پشتڕاست دەکاتەوە کە هۆکاری ئابوری و جێگۆڕکێی نەتەوەکان و کۆچکردن پێناسەیەکی نوێی بە نیشتمانی نەتەوەیی داوە. کاتێک بازاڕ و هێزی بەکارهێنان سنووری نەتەوەکان، بەواتای کۆن، دەبەزێنێت، ئیدی دەبێ پێناسەی نەتەوەی و نیشتمانی نەتەوەیی بگۆردرێ. (هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٦٤). بەشێکبوون(ئینتیما ) لە نەتەوەی نوێ دەبێ هەموو چین و توێژەکان بگرێتەوە، ئەدی وا نەبێت، گەڕەگی گەیتوو لە ئەنجامی پەراوێزبوون دروست دەبێت و لە ڕوی سایکۆلۆژییەوە هەستێک دروست نابێت کە ئەو کەمەیاتییە بەبەشێک لەو

نیشتمانیە نەتەوەییە خۆ بزانێت. بە داخەوە گەرەکی و شارۆچکەی لەو جۆرە لە وڵاتی سوێد بەرەو هەڵکشانە(شارۆچکەی تێنستا، بەریخوێ،،هتد). لە باشوری کوردستانیش ئەگەر دەسەلاتی کوردی هەنگاوی زانستیانە نەنێت، هەمان کێشە دێتە ئاراوە و چارەسەرکردنی دەرهاویشتەکانی ئاسان نابێت. خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوبات ئەمساڵ تەنها سەرەتا و زەنگێکی مەترسین کە دەبێ بە چاوێکی دییەوە سەیریان بکرێت. هاوڵاتی دەبێ ڕۆڵی لە دروستکردنی نەتەوەی نوێدا بە دیدی بەرجەستانە ببینێ.

هێزە بزوێنەر و دەستڕۆیشتوەکانی کوردی، کە هێزێکی سیاسی و ئابوری بالایان هەیە دەبێ هاولاتیان وەک یەک بە هەژمار وەرگرن، ناتوانن، بە تایبەتی هەندێکیان پێوەری خێڵەکی خۆیان(بۆ نموونە پدک و بنەماڵەی بارزانی) بە سەر هاولاتی لە نیشتمانی نوێدا خۆیان بسەپێنن و پەراوێزی بکەن. لە راستیشدا هاولاتی دەها ڕێگەی دی بە هۆی کارئاسانیەکانی پرۆسەی جهیانگیرییەوە، ئینتەرنێت، فەیسبوک، دەکارێت بگرێتە بەر بۆ دۆزینەوە خۆی. چونکە لە ڕوی دەروونیەوە تاک هەمیشە لەخۆ بەراوردکردندایە لەگەڵ تاکەکان دی، لە هەرکونجێکی دنیادا، تاک ئەمڕۆ پتر کۆنجکۆڵ(فزولیە)ترە تا جاران. کوردستانیش ولاتێکی پچڕاو نیە لە گەشەی هەمەلایەنەی بە جهیانبوون. دەبێ تاک لە نەتەوەی نوێدا، خۆی لە ئاوێنەی قەوارەکەدا کە ناوی نیشتمانی نوێیە بدۆزێتەوە، دەبێ نوێنەری هێمایی(ڕەمزی) نوێنەرایەتی هەبێت لەو ناسنامە نوێیەدا. لێرەدا جێگەی ئاماژەیە کە زۆربە وەکی جاران ناتوانێت خۆی بەسەر کەمینەدا بسەپێنێت. لە کورستانی ئێمە هێشتا بەدەست ئەو کێشمەکێشە پاشکەوتووە و دەناڵێنن و سەرەتای

سەرهەڵدانی مافەکانی تاک، لە نیشتیمانی نەتەوەیی نوێدا بەرەو هەڵکشانە، هەربۆیەش دەبینین، بۆ هێزێکی پاشکەوتووی سیاسی و خێڵەکی وەک پارتی، ئاسان نیە بە چاوی سێهەمەوە ئەو ناسنامە نێشتمایەی پێ بهاردرێت(هەزم بکرێت) یان بجوێنرێت. Delenty (٢٠٠٦ لا ١٦٤ تا ١٨٢) بەڕاشکاوی باسی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا دەکات کە چۆن دوای پۆست مۆدێرنیزم و جەنگی جهیانی دووەم کۆمەڵگەکانیان ناسنامەیەکی نەتەوەیی نوێیان وەرگرت. کە نیشتمانی نوێ ڕوبەرێکی ئازادە بۆ کایە و هاوئاهەنگی هەمەلایەنی تاک و نەتەوەکان لە سنوورێکی دیاردا، هەمووان پێکەوە دەکارن ئاین، نۆرم و پیوەرەکانی خۆیان بەکاربەرن و لە هەمان کاتیشدا خۆیان بەهاوڵاتی ئەو وڵاتە بزانن، بەریتانیا باشترین نموونەیە، تاکەکان وەک یەک ماف و ئەرکیان هەیە و یاساگەلیک هەیە کە دەیانبات بەڕێوە. کەمینەی هندی یا کوردی پێویست ناکات لە نەتەوەی ئینگلیزدا بتوێنەوە و زمان و ئاینی خۆیان موتوربە بکەن، لە هەمان کاتیشدا هەردوو تاکی ڕەوەندی ناوبراو خۆیان بە بەریتانی دەزانن.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسی ئەوەی کە ئەگەر کوردێك بیر لەدامەزراندنی دەوڵەت بکاتەوە پێویستە بیر لەچ جۆرە دەوڵەتێك بکاتەوە؟ دەبێ بیرکردنەوەکەی هەمەڕەنگ و فرەلایەنەی هەبێت، کە تاک وەک ئامارژەم پێدا خۆی بەشێک لەو نێشتمانەو نوێیە بزانێت و بەوپەڕی شانازییەوە بتوانێت بلیت من هاوڵاتی کوردستانم. ئەوەش کاتێک چێ دەبێت کە ئەو هاولاتیە هەست بەبوونی خۆی بکات و مافەکانی لە ئاست ئەرکەکانی هاوتەریب بن، نەک وەک ئێستای باشووری کوردستان ئەرکەکانی لە مافەکانی پترتربن و هێزێکی سیاسی و

خێڵەکی دیار ناچاری بکات دەستبەرداری کەسێتی خۆی بێت. ئەگەر تاک هەست بەبوونی خۆی نەکات کەبەشێکە لەو نەتەوەی نوێیە، وەک Zygman Bauman دەڵێت، ئەوسا خۆی بەژێر دەستە دەزانێت و ئەو هێزەش کە دەیچەوسێنتێتەوە وەک داگیرکەر سەیری دەکات.


چین و چینەکان

- Crompton. R (2007). *Class and stratification*. Printed in Britain

دەلنتی: هاونیشتمانیبوون لە سەردەمی جهانگیریدا

- Delanty. G (2006). *Medborgarskap i Globaliserings tid*. Studentlitteratur: Lund

کۆمەڵگەیەک لەژێر گەمارۆدا

- Bauman ,Z (2004). *Samhälle under belägring*. Göteborg: Daildalos bokförlag http://www.dn.se/nyheter/politik/maud-olofsson-talar-i-almedalen

## لە کایەی سەردانەکە بارزانی دووەم
## کێ بەگ دەبێ

### بۆچون

وتوێژ هونەرێکی تەواوکەرە لە هونەرەکانی دی و شێوازێکی تری دۆزینەوەی ڕێگەچارەی زاڵبوونە بەسەر لایەنی نەیاردا. کە بارزانی دووەم(مسعود) زانی لە دیگەڵەوە بە دیوەکەی نیشتمانی سەوزدا، هێشتا ئەو هێزەی نیە و ڕەنگ و بوونی پارتییەکەی هەنوز، سەرباری تەرخانکردنی سامانێکی خەیاڵی بۆ ئەندام و لایەنگرانی، کە زانی هێزێکی دی، ڕەنگێکی دی برەوی هەیە و بەرامبەری کایەی دەسەلات دەکات، لەوپەڕی بەهێز

بیەوە، دوای شەڕێکی میدیایی و گوشاری شەقام، ناچار ئامادەی گەشتی کایەی وتوێژ بوو. لە ماوەیەکی کورتدا لە گەڵ سەرۆکی ئەو بزوتنەوەیە، کە نەیاری خۆیی و ماڵباتەکەیەتی دوو دانیشتنی کرد.

ئەوپرسگەلەی کە دەبێ بزوتنەوەی گۆڕان لە خۆی پرس بکا و بۆ ئەندام و لایەنگرانی ڕونیبکاتەوە ئەوەیە: ئاخو ئەو هاندەرە چی بێت کە زلهێزێکی وەک پارتی( بە هێزێکی بنەماڵەیی و ڕێکخراوەیی) لە لانەی خۆیەوە ناچارکردبێ کە لەگەڵ نەیارێکی سەرسەختدا رووبەر دانیشێت، یان سازش بکات. لەگەڵ نەیارێکدا کە نزیکەی چڵ ساڵە ئالای شەڕی بنەماڵەکەی

هەڵگرتووە(بروانە م پشكۆ نەجمەدین، یاد و ئەزمون، سەرەتای لا ٢٠٨).

پارتی وەک ماڵباتێکی بنەماڵەیی و پارتێکی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان، زلهێزێکی ئابوری سیاسی، خاوەن ئەزموٚنێکی میژینە، چ لەڕوی نسکۆ و داڕمانەوە، سازش لە گەڵ هێزەکانی ناوچەدا و باشووردا، هەمیشە هەوڵی قوتدان و لاوازکردنی لایەنەکانی تری داوە، ئەگەر بە ڕێگەیٚ شەڕیش بیٚ. هەمیشە وا سەیری ڕێکەوتنەکانی کردوە، کە بەباشترین قازانج بۆ خۆی بگەڕێتەوە، ئەگەر بەملشکاندنی لایەنی هاوپەیمانیش بێت حشع بە نموونە (ڕێکەوتنەکانی جود لە ساڵانی هەشتا) لە شەڕی پشت ئاشان و ساڵانی نەوددا. پارتی لە ڕێگەی ئابوریشەوە. ئەو میتودەی بەکارهێناوە بۆ کڕینی خەڵکانێک کە بە باشترین شێوە بەرگری کوێرانەی لیٚ بکەن.

سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕان، لە هەموو کەس باشتر ئاشنای تاکتیک و جوڵەی پارتییە. ئەو مەترسیانەی کەدەبیٚ لەو وتوێژەدا ڕەچاویان بکات:

- بزوتنەوەی گۆران هێشتا لە قۆناغی هەنگوینی گردبوونی ڕێکخراوەییدایە و هێشتا ئەرک و دەسەلاتەکان بەتەواوەتی لەنێودا دابەش نەبوون. ڕێکخراوێک یان پارتێکی لەو جۆرە چۆن بەرگەی سازان و وتوێژ لەگەل پارتێکی بە ئەزمون وەک پارتی دەگرێت، کە خاوەن هێزێکی هەمەلایەنەی ئابوری، سیاسی و جەماوەرییە و پیوەندییەکی دەوڵەمەندی ناوچەیی و جیهانییە. کە ساڵانێکی دێرەرە لە گەڵ ساواک،

کەیجبی ڕوسی و سی ئای ئەی ئەمریکی، ئیتلاعاتی ئێران و بەعس و میتی تورکی، لە هەندێ خاڵدا هاو ئامانج بووە.

- ئەندام و دۆستانی گۆڕان لە تێکەڵەی سۆزی کەسانی کۆنە یەکێتی، شیوعی، ناڕازی، ماندوو، پەراوێز، ڕەخنەگر، نووسەر و هتد پێکهاتووە، پارتیش لە هێزی بنەماڵەیەکی تۆکمە و پارتێکی تاڕادەیەک خاوەن دامەزراوەی سیاسی بەرفراوان..لە کایەی وادا بێ گومان گۆڕان لاوازدەبێ، بە تایبەتی لە دوارۆژدا.

- سەرکردەی گۆڕان دەبێ هاوتای تەرازوی جەماوەری خۆی، کەتێکەڵە و هێزی ڕێکخراوەیی فرە سەرچاوەیە، رونتر ئەو کایە بەرەو ئاراستە هێنانە دی داخوازییەکان، نەک سازش، دەستنیشان بکات. لێ بزوتنەوەی گۆڕان دەیەوێت نەخۆشییە کوشتندەکان لە کۆمەڵگە بنبڕبکات.

- سەرکردەی گۆڕان دەبێ زیرەکانە مێکانیزمی ناکۆکی نێوان خۆیی و بارزانی دووەم(مسعود و بنەماڵەکەی) زاڵ نەکات بەسەر پێناسەی بزوتنەوەی گۆران وەک ئۆپۆزیسۆن، ئەدی لە لە کایەی وادا بەرگەی بەهێزی بنەماڵەی بارزانی و پارتی ناگرێت. لێ کە ئەو پێناسەیە گۆڕا(کەناکۆکییەکە کرا بەشەڕی خۆیی و ماڵباتی بارزانی)، ئیدی ناکۆکیەکە دەبێتە ناتەبایی دوو لایەنی میژینەی نەیار، نەوشیروان موستەفای ساڵانی شەست و موستەفا بارزانی ئەیلول. لێرەدا دیسان بارزانی براوەیە.

- نەوشیروان موستەفا دەبێ لەدەرووەی کایە سیاسیە کۆنەکانی بارزانی و پارتی هەنگاو بنێت، دەبێ خواستەکانی ئەمرۆی جەماوەر بکاتە یەکەیەکی فرە خواست و بناغەی مەرجی ڕووبەڕووبوونەوە، نەک لە نیوە ئامانجی چکۆلەدا ( برینی موچە، دەرکراوەکان..هتد) گیربێت و ئامانجی سەرەکی گۆڕان فەرامۆش بکات.

بارزانی دووم(مسعود) لە کایەی وادا بەگ و سەرکەوتوو دەبێ، ئەگەر توانی سەرۆکی بزوتنەوەی گۆران فریوبدات و ئەو هێزە جەماوەرییەی لە پەل و باڵ بخات. ئامانجی هەنووکەیی و نزیکی بارزانی دووەم، هێدیکردنەوەی تۆڕەیی شەقامە بەرامبەر بە پارتەکەی و ئەو کارتێلە(ڕێککەوتنە نایاسییەی) ستراتیژییەی کە لەگەڵ یەکێتی بەستویەتی. ئەگەر گۆڕان سازشی کرد، ئیدی دوور نیە تووشی پەتاکەی حزبی شیوعی، سۆشیالست و ئیسلامییەکان نەبێت، چونکە پارتی و بنەماڵی بارزانی دەستیان خستوەتە قورگیان و چوارپەلی جەماوەرەکەیانی سالأنێکە شکاندوە. قەوارەکەیان وەک تابلۆیەکی بێ ڕەنگ ماوە و هیچی تر، هەر کاتێک ویستیشی بەدڵی خۆی ڕەنگیان نوێ دەکاتەوە.

سەرچاوە:-

**"نەوشیروان، پێی وابوو ناکۆکی لە گەڵ پارتی و ماڵباتی بەرزانیدا سەرەکییە و ئەوان لە بەرەی دژە شۆرشدا وەستاون.!"**
**بڕوانە سەرەتای لاپەڕە 208.**

# ڕێککەوتنی ستراتیژی(نێوان پارتی و یەکێتی) لە ژێر بەزەیی کارتێلێکی فرەلایەندا

دیدو بۆچونی زانستی

هەفتەنامەی هاولاتی
سوێد ١٩-٩-٢٠١١

**کارتێل(پەیمانی هاوکاری نا یاسایی)* ئەو ڕێککەوتنە فرەلایەنەیە کە لە نێوان کۆمەڵێك کۆمپانیای و کارگە پێک دێت بۆ شکاندن و وەلانانی بازاڕی لایەنی سێیەم کە دەخوازێت پێشبڕکێی نرخەکان بکات. لە ڕێگەی کارتێلەوە ئەو کۆمپانیانەی کە بەشداران لە نێو کارتێلێک دەتوانن بازارەکان لە نێوان خۆیاندا بەشبکەن و یاری بەنرخەکانی بکەن. هەروەها دەتوانن قەیرانی ئابوری بسازێنن و مۆنۆپۆڵی بازارەکان بکەن (بروانە لینکی هاوپێچ، ویکیپێدیا، ٢٠١١/٩/١٩).**

ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی لە کۆتایی ساڵەکانی نەوەدی سەدەی پێشودا، دوای شەڕێکی خوێناوی و بە کوشتدانی سەدەها هاونیشتمانی کورد وتێکدانی ژینگەی هەمەلایەنی باشووری کوردستان، هەروەها ئاوارەبوونی سەدەها تر، هەردوو هێز کە سەرچاوەی شەڕەکەیان کە شەڕی دوو لایەن بوو لە سەر دەست بەسەرگرتنی سامانی باشووردا، نەک چارەسەری دۆزە چارەنووسازەکانی، هەردوو لایەن، بە سەرپەرشتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی شەری کەنداو، ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژییان مۆرکرد و هاوکۆکییەک لە

سەرخانی(مەبەست لەسەر ئاستی سەرکردیەتی) هەردوو لایەن، نەک لە سەر ئاستی جەماوەری هاتە کایەوە. هەردوو پارت لە سەر کۆمەڵێک خاڵ تەبا بوون. لەوانە ناوچەی سیاسی و ئابوری تایبەت، سۆران و بادینان. لە بەشە ئابوری و سەرمایەکدا تاڕادەیەکی باش لە دابەشکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان کە لە ١٧% داهاتی عێراقە، لە نێوان هەردووکیاندا بێ دەنگ بەشکرا. بوارەکانی دی وەک یەکگرتنەوەی پێشمەرگەو هەندێ باری تر، هێشتا بەدەست دەسەلاتی دوو هەرێمی ڕەنگ جیاوازەوە دەناڵێنن.

لەڕوی زانستی، سیاسی و ئابوریشەوە، ئەگەر دەرهاوێشتە و ئەنجامگیری ئەو ڕێککەوتنە ستراێژییە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بۆ بکرێت، لە کارتێلێک(لە هاوکۆکییەکی نایاسایی) زیاتر تێپەڕ ناکات، چونکە دواڕۆژ و چارەنووسی باشووری کوردستانی خستوەتە بەر هاوکێشەیەکی مەترسیدارەوە، لەو مەترسیانە:

- دابەشکردنی سامانی نەتەوەیی و داهاتەکەی لە نێوان دوو هێزی نەیار، کە دوورنیە بە هەڵوشاندنەوەی، ئاگری شەڕی دانەگیرسێتەوە، چونکە پێوەندی سەرمایە و قازانج زاڵ بەسەریدا. هەروەها کە ئاستی کێبڕکێی وەرگرت و لایەنێک پۆست یان سەرمایەی لەوی دی پتر بەرکەوت، تای تەرازووەکان تێکدەچێت.
- ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵێک سەرمایەداری سەربە پارتیەکانی دروستکردوە ، کەوا دەکات بەرژەوندییە

تایبەتییەکان زاڵ بن بەسەر بەرژوەندی گشتیدا و هەرێکە و لایەنێ هەوڵدەدات لایەنی لاواز بخاتە ژێر ڕکیفی خۆیەوە.

- دابەشکردنی سامانی سیاسی نەتەوەیی لەژێر بەزەیی کارتێلی نێوان دوو نەیار، واتە قوتدانی لایەنی سیاسی گچکە، کە لە پرۆسەی هەلبژاردندا کارا دەبن، ئەگەر ئەو کارتێلە نەبێت. بۆ نموونە حزبی شیوعی، سوشیالسیت..هتد
- دەست بەسەراگرتنی بازاری کوردستان و لەو ڕێگەیەوە کۆنترۆلکردنی ژیانی هاونیشتمانی کورد، کە ئەمڕۆ بێ دەسەلاتە، کە دەبێتە هۆی بەستنەوەی دەروازە سەرکییەکانی ژیان بەرامبەری..
- پەراوێزکردنی ئەو کۆمپانیا نوێیانە کە لە دایک دەبن و پشکی پارتییەکانی تێدا نیە. یان قورخکردن و خنکاندنی هەموو هیزێکی نوێی سیاسی کە لە دایک دەبێ، بۆ نموونە گۆڕان، پارتی چەپ، پارتی کار و لایەنی ئیسلامیش..
- مانەوەی ئەو دوو هێزە کۆنخوازە وەک دوو زلهێزی داسەپاو و ئاستەنگ لە بەردەم گەشەکردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگە. سروشتییە بۆ مانەوەی دەستکەوتەکانیان هەموو شێوازێکی توند، فاشی و دیکتاتۆری بە کاردەهێنن، بۆ نموونە کوشتنی منداڵانی کوردستان لە خۆپیشاندەکانی ١٧ ی شوبات.
- ئاشکرا نەبوونی سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونی سەرمایەدارانی ئەو دوو پارتە، کە ئەمڕۆ ئاسان نیە بزانرێت چون بودجەی هەرێمی کوردستان لە نێوان خۆیان دابەشدەکەن.
- **گەورەترین مەترسی ئەو کارتێلەی نێوان پارتی یەکیتی ئەوەیە کە هوشیاری سیاسی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستان زۆر لاواز کردوە و تاک و کۆمەڵگەی لەو پرسە چارەنووسازانە دوور خستوەتەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە**

**ژیانی داهاتوویانەوە هەیە، لەوانە سەربەخۆیی کوردستان، کەسێتی سەربەخۆ، دیموکراتی، هەڵبژاردن، سەروەری یاسا و ئفلیجکردنی دامەزراوەی مۆدیرنی شارەستانی(مەدەنی) کە بڕبڕەی پشتی پێشەوەچونی کۆمەڵگەیە.**

لەو مەترسییانەی دەرهاویشتە ترسناکەکانی کارتێل (ڕێککەوتنی نایاسایی) دەردەکەوێت، کە ئەو ڕێککەوتنەی نێوان پارتی و یەکێتی کە بە ڕێککەوتنی ستراتیژی ناسراوە، لە دابەشکردن و دەسخەڕوبیکردنی پرۆسەی دیموکراتی لە باشووری کوردستان پتر تێپەڕناکات. چونکە هێشتا دوو ناوچەی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی هەیە، دوو هێزی پێشمەرگە، دوو بازاری جیاواز، دوو دەزگای ئاسایش(زانیاری و پاراستن) و ئاکاری جیاواز لە کارکردن هەیە. کەواتە ئەو ڕێککەوتنە پەردەیەکە، کارتێکە بۆ شاردنەوەی ئەو ناکۆکیە مێژووییەی کە لە نێوان، دوو هێزی بادینان و سۆران، دوو بنەماڵە نەیار. ستراتیژی ئەو ڕێککەوتنە فڕی بە یەکگرتنەوەی ماڵی کورد نیە، چونکە هاولاتی بە پێچەوانە هەست دەکات، نێوان سلێمانی و دهۆک و هەولێر وەک سێ یەکەی جیاوازە، ئەوەی لە سلیمانی برەوەی هەیە، لە هەولیر بێ نرخە. بە پێچەوانەشەوە. ئەو کارتێلە ناڕەوایە تەنانەت ڕەوندی کوردیشی لە دەروەی کوردستان دابەشکردوە و خەڵکانی بێلایەن و ڕەخنەگری پەروایێزکردوە و وەک نەیار سەیریان دەکرێت. ئەو کارتێلە ووزەی لە ڕەوتی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بڕیوە.

لەبەر ئەوەی هێڵە سەرەکییەکانی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە ڕون و ئاشکرا نیە، کارتێلە، هاولاتی باشووری کوردستان سەری

لێشواوە و تا ڕادەیەکی باش مافەکانی خۆی لێونە، چونکە ئەگەر هاولاتی لە باشووری کوردستان مافەکانی خۆی بزانیبایە، ئاستی داواکانی لە حکومەت بڵندتر دەبوون و داخوازی زیاتری خواست دەکرد(یروانە نەجمیاس لا ٨ تا ٢١). کەواتە کەسێتی هاولاتی لە باشووری کوردستان لە سایەی کارتێلی ئەو دوو زلهێزەوە(بە تایبەتی پارتی کە بە تەمایە یەکێتیش بە هەموو شێوەیەک لاواز بکات)، پشێلکراوە و بوارەکانی گەشەکردنی هەمەلایەنی لە بەردەم بەربەستە. ئەو کارتێلە، هاولاتی کوردی تووشی سترێسێک(پسانێکی دەرونی)کردوە و بیزاری بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی. دوورنیە ئەو بێزاریەش لە دوا ڕۆژێکی نزیکدا ببێتە هێزیکی هەرەوەزی و بە ڕوییاندا بتەقێتەوە، مەیدانی سەرای سلێمانی(حەڤدەی مانگی یەک ٢٠١١) باشترین نموونەی زیندوە کە دەبی هەردوو هێز بە هەندی وەرگرن. چونکە ئەو دوو هێزە دیسکۆسێک و ڕاستییەکیان(ریالێتی) بۆخۆیان دروستکردوە کە تەنها جێگەی بڕوای خۆیانە و بەس، نەک هاولاتی. چونکە لە سیستەمێکی نیمچە سەرمایەداری هەردوو لایەندا (پارتی و یەکیتی) هاولاتی لەسەر خاکی خۆی تووشی نامۆیی بووە،( بروانە لا ٢٦١ تا ٢٦٦ گیبن، میتودەکانی شارەستانی بوون، ٢٠٠٥).

پارتی و یەکێتی و تەنانەت هێزەکانی دیش، دەیانتوانی لە باتی ئەو کارتێلێە فرە لایەنە، سەکۆیەکی نەتەوەیی دیموکراتییان دروستکردایە کە ئاستی هوشیار هاوڵاتی و کۆمەڵگەی پێشخستایە. لە سەکۆیەکی دیموکراتی وادا هەموو هیزەکان بەوپەڕی وێردەوە ئازادانە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیان

بخستایەتە بەردەم هاولاتی، نەک هەوڵدان بۆ کۆیلەکردنی لە ڕێگەی کارتێلێکی واوە..

سەرچاوەکان

Referens:


- http://en.wikipedia.org/wiki/Cartel
- http://lexin.nada.kth.se/lexin/#searchinfo=both, swe_sdh,kartell*
- Nachimas. D.(2006). *Reserch Metod in the social sciencen*. Fifith Eddition: British Library publication data
- Gieben, (2005). *Formations of Modernity*. Britain: open university

## گەنجی سەردەست و بندەست
## بەرهەمی پارتیزەکردنی کەسێتی

له زانستی دەروونناسی کۆمەلگەوە
هەفتەنامەی هاولاتی ىلاوكراوەتەوە
٢٠-١٠- ٢٠١١ سوێد

بەدواچونی زانستی

گەنجان ئەو توێژەن کە ئەرکی پێشبردن و نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆدایە و بەرپرسن لەو گەشەکردنەی کە هاوڵاتی نیشتمانێک، بە گشتی چاوەڕیی دەکات. پارتیزەکردنی گەنجەکان لە سەرەتای پێکهاتنی کەسێتیان لە باشووری کوردستان و کردنیان بە ڕەبووتی بێگیانی پارت و ڕێکخراوە داخراوە و بنەماڵییەکان، نە شارەستانی و سەروەرەکان، کۆمەڵێک زیانی هەنوکی و درێژخایەنیان پێ دەگەێنێت و لە ئاسۆی بیری ئازاد و گەشەی هەمە لایەندا ڕاگیر و قەتیسیان دەکات. ئەگەر وەستانێك لە سەر هەڵسەنگاندنی گەنجانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بکەین، دەبینین زۆربەی گەنجان یان هەرهیچ نەبێت، ئەو گەنجانەی کە کراوتەنە ئامێر دەستی پارتی و ڕێکخراوەکان، بێجگە گیانێکی پارتییانە(حزبیانە) هیچی تریان پێ نیە زۆرجاریش دنیای دەروەیان لێوونە. ئەو نزیکبوونەوە گیانیە لە پارت و ڕێکخراوەکان، بڕوایی بە جیهانی دەروەی لێ زەت کردوون و تەنها ئەو ڕاستیە دەبینن کە لەRەتی ڕاهێنراون، مەبەست پێناسەی پارتییەکان. زۆرجاریش

پیوەندییەکە هێندە گیانی و پتەوە کەوەک تراوما لێهاتووە و ووزەی پێشکەوتنی لێ بڕیون.

ئەگەر لەو گەنجانەوە دەست پێکەین کە ڕەوندن و هەندێکێشیان شانسی ئەوەیان هەیە لە وڵاتێکی وەک سوێد پێشکەون، هێشتا بەدەست نە خۆشی حزبەوە دەناڵێنن و بە گشتی لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو وڵاتە گەلێک پاشکەوتوون. پاشکەوتنەکە بەوەش ناوەستێت، بەڵکو هەندێکیان هەرچەندە بڕوانامەی زانکو و ئەکادیمین، ئاستی ڕۆشنبیر و بیرکردنەوەیان لە ئەندامی دەستەیەکی ئاینی دەچێن کە سەدەها ساڵ کۆن بێت. لێرەدا دیسان ئەو هێزە بزوێنەرانە بەرپرسن کە ژیانی خەڵکیان پارتیزە و قۆرخکردوە. بوونی دەزگای پارتییەکان لە خوێندگاکان، دامەزراوە و فەرمانگەکان، تێکەڵکردنیان بە دنیای سیاسەت لە منداڵییەوە، لە ڕێگەی هاندان و قوتکردنەوەی هێمای بنەماڵە و تایفەکان و سەرۆکی پارتییەکان بەنموونە، ڕێگەی سەروەری بیرکردنەوەی لەو گەنجانە بلۆک و چەپاندوە، ئەو گەنجانە بێجگە کۆدی حزب و پارتییەکانی چیدی نازانن، تەنانەت هەندێکیان لە گەنجانی وڵاتێکی وەک ئەفگانستان و سۆماڵیش پاشکەوتووترن.

فاکتەرێک یان هاندەرێکی دیش لە بەردەم گەنجانی ڕەوندی کورد ئەوەیە. نەبوونی سەنتەری سەربەخۆ کە گەنج ڕوی تێبکات و لەو ڕێگەوە هەر نەبێ خۆی بە شارەستانییەت ئاشنا بکا. ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەش کە هەن زۆربەیان، ئەگەر هەموویان نەبێتماڵی پارت و لایەنەکانن. لە بیرکردنەوە و چالاکی ئابوریشدا، ئەو گەنجانە سەرمایەی پارتییەکان، نەک

خۆیان. بە سامان تر دەکەن. پارتیزەکردن هەموو دەروازەیەکی لێ داخستوون و زۆربەیان کاری پیتزا و چێشتخانەکان بەرەش دەبەنە سەر.

لە باشووری کوردستان، بگرە کارەساتە دەروونی و کۆمەلایەتییەکە مەزنتر و دیارترە، چونکە بژێوی ئابوری ڕاستەوخۆ لە گەنجینەی پارتییەکانەوە بەکار دەبرێت و دەدرێت. نەک تەنها گەنج بەڵکو تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگە ئەو داهێنانەی لێ زەوتکراوە کە بۆنێ نوێکار و گۆڕانی لیوە بێت.
دیاردەی پارتیزەکردن، بەتایبەتی گەنجان کۆمەڵێک خاڵی نەرێتی بە دوای خۆدا دەرهاویشتە دەکات:٠

- کوشتنی داهێنان و کازێوەی بیرکردنەوەی هەمەلایەنە و ڕەنگاو ڕەنگ، ئەوەش سەرەتای کێشە و ناکۆکی بێ چارەسەرە دەخەملێنێ. چونکە هەموو پارتییەک بەو جۆرە گەنجانی ئەندام، بۆ نموونە پەروەردە دەکات کە کوێرانE بەرگری لێبکەن. کارەساتی کوشتنی خوپیشاندەرانی ١٧ ی شوبات، شایەنی باسە گەنجی وا هەبوو، هەرچەندە لە ئەورپاش بوو، بۆی بکرابایە لە خوێنی گەنجانی نەیار تێر نەدەبوو. ئەمەش وەک ئامازەم پێدا میتودی پارتیزەکردن لێی بەرپرسە. ئەو ڕقە لە فەیسبوک و پالتاک بە ئاشکرا دیاربوو.
- بە نەیار سەیرکردنی ئەو گەنجە بێلایەنانەی کە بیرو ئایدیای ئەو پارتییانەیان بۆ پەسەند ناکریت، یان بیرکردنەوەیەکی دییان هەیە. بۆ نموونە ناکۆکی نێوان

گەنجانی گۆڕان و گەنجانی لیستی کوردستانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

- پەراوێزکردنی یەکتر و هەندێ توێژی دی لە پرۆسە و پرسە گرنگەکانی دی کۆمەڵگە، کە دەبێتە هۆی بێبڕوایی ومتمانە بەو دەسەلاتەی کە برەوی هەیە. ئەوش دیسان دەبێتە سەرەتای لە دەستدانی گیانی لە خۆپیپرسینەوە. نموونە، زۆرجار بەرپرسە حزبییەکان دەڵێن گەنجی ئەمڕۆ هەستی نیشتمانییان نیەو و هەست ناکەن کە کوردن.
- **دروستبووبی گەنجانی سەردەست(کوڕو وکچی بەرپرسەکان) و گەنجانی بندەست(بێلایەن و ناحزبی)، کە ئەوەی یەکەمیان هەردەم بە چاوێکی سووکەوە سەیری دووەمیان دەکات و بە کویلەی خۆی دەزانێت. ئەو دیاردەیە ڕۆژانە لە شارەکانی باشووری کوردستان بەدی دەکرێت و کوڕ و کچی بەرپرسەکان سووکایەتی بە گەنجانی دی دەکەن .**
- قۆرخکرن و زەوتکردنی سامانی هەمەلایەنەی نیشتمانی ( خوێندن، ئابوری، موزیک، خانووبەرە، زەوی،شەقام،..هتد) لە لایەن گەنجانی سەردەستەوە. بۆ نموونە مسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی. کۆپیەکی تری کوڕ و کچی دیکتاتورەکان.
- پاشکەوتنی گەشەکردنی هەمەلایەنەی ئەو گەنجانە و لە کۆتایشدا پاشکەوتنی سەرجەمی کۆمەڵگە. ئەدی گەنجان نین لە هەموو کۆمەڵگەیکدا سەرپشک و بڵێسەی گۆڕانکارین.

کەواتە بۆ ئەوەی گەنجان لە باشووری کوردستان پێشبکەون کۆمەڵگە ئەو گۆڕانکارییە پێویستەی خۆی بکات، پیویستە پارت:-

- چیدی میتودی و ڕێگەلی پارتیزەکردنی گەنجان نەکرێت و ڕێزی سەروەری و کەسێتی گەنجان بگیرێت
- پیویستە یاسایەک دابنرێ بۆ قەدەغەکردنی ڕێکلامی پارتی(حزبی) و کاری ڕێکخراوەیی، ئاینی، هتد کە بیر و سەربەخۆیی گەنجان تێکدەدات. هەروەها سزادانی ئەو پارتیيانە کە ئەو کارانە دەکەن، بە تایبەتی لە خوێندگا و شوێنە گشتیەکان
- کردنەوەی دامەزراوە وسەنتەری گەنجان بۆ پشخستنیان لەروی فەرهەنگییەوە، چ یانەی وەرزشی یان بۆ نموونە یانەی موسیکی، دوور لە کاریگەری حزبی. کە ژیانی ڕۆژانەیان پڕچالاک بەشێوەیەکی زانستی بکاتەوە.
- دابینیکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ پەرەپیدانی گەشەی هەمەلایەنەیان و دروستکردنی دامەزراوەی زانستی بۆ تویژنەوە و پلاندان

**بۆردمانی قەندیل**
**لە نێوان پرسەی دایکی سەرۆک و هەستی نەتەوەییدا**
ڕەخنە

٣٠-٧-٢٠١١ باشووری کوردستان



پتر لە دوو هەفتەیە هێزە داگیرکەرەکانی فارس - عەلپەرستەکان، باشووری کوردستان بۆردومان دەکەن و بەرپرسانی هەریم بەرەخنەی سەرپێی نەبێت هەوڵێکی وا نادەن کە ئەو دەستدرێژییە بوەستێنێن. بەڵێ ئەوە لە کاتێکدایە کە لەم ڕۆژانەدا پرسەی دایکی بارزانی دووەم. مسعود بارزانی، حەمایل خان، لە هەموو شاروشارۆچکەکان ئەوپەڕی بایەخی پێدرا، لە گەڵ ڕێزمدا. دەکرا گیانی پاکی ئەو گەریلایەنەش بەهەند وەرگێریایە، نەك پەراوێزکردن و بچوکردنەوەی..لێرەدا دیسان ئەوە دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کوردی چەند پێوەری بنەماڵەیی و عەشیرەتگیری بەسەریدا باڵا دەستە و بوونی هەستی نەتەوایەتی هیشتا لای تاکی کوردی بە تایبەتی لە باشووری کوردستاندا نە بزوتووە.

نەبوونی هەستی نەتەوایەتی لە کارو پلاننامەی پارتییەکان و ڕێکخراوەکانی باشووردا، ئەگەر هەشبێت، گیرۆدە و سوود بە گیانی بنەماڵەگەری دەدا. نەبوونی هەستی نەتەوایەتی هێندە لە ئاستێکی نزمدایە کە تاکی کورد لە باشوور بێ ئاگایە لەوەی کە لەسنووری نیشتمانەکەی چی ڕوو دەدات، ئەگەر پێیشی بزانێت، جێگەی سەرنجی نیە. ئەوەی لەم ڕۆژانەدا لە باشوو بژێت، بە ئاسانی هەست بەو کەمتەرخەمیە دەکات، کە تووشی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بووە. ئەوەی کە باسنکرێت، نەتەوەیە، کوردستانە، نیشتمانی سەربەخۆیە. لە هەندێ شوێندا، لە بەرزترین لوتکەدا بە عەرەبی، بە فارسی و تورکی مانشێتەکان نووسراون، داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک تەنگیان بە نەتەوەی کورد چنیوە..

## ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن

**١٧-١٠-٢٠١٠ سوێد**ئازادی ڕادەربڕین کۆمەڵێک لایەنی سەرەکی لە ژیانی بنچینەییانەی ڕۆژانەدا گرتووەتە خۆی کە بەبێ بوونی سانسۆر و چەپاندن لەلایەن ئەو دەسەلات و هێزە بزوێنەرانەی کە ئەو کۆمەڵگەیە دەبەن بەڕێوە دەبێت



دەستەبەر بکرێت. ئازادی ڕادەربڕین ئازادی قسەکردن، ئازادی مانگرتن و ئازادی دەربڕینی هەست و هەموو ئازاییەک کە بوونی مرۆڤ و مافەکانی لە گەڵ مرۆڤەکانی تردا بە چاوێکی یەکسان بێت، (یڕوانە لینکی هاوپێچ) ئازای رادەبرین ئازادی چاپەمەنی و رەخنەو و ئایدیاکانیش دەگرێتە خۆ.

پێوەست بە پرۆسەی ئازادی ڕادەربڕین، دەسەڵاتی کوردی و هێزەکانی، چەند لافی دیموکراتی و باسی مافی هەمەڕەنگی بۆچۆنی تاکی کورد لێبدەن، ناگەنە پێناسەی تەواوی ئەو مافە(مافی ئازادی رادەربڕین)، ئەگەر دەسەلاتێک کە لە هەموو رەخنەیەک بترسێت و سنوورێکی دیار بەپێی بەرژوەندی دەسەڵاتی خۆی بۆ نووسەران و یان هاولاتی دابنێت، ئەو مافە سەرەتاییە کە تاک هەیەتی لێی زەوت دەکات و قۆرخ دەبێت.

لە مندالّدانی ئازادی ڕادەربریندا مرۆڤەکان سەرباری ڕەنگی جیاواز لە بیرو رایاندا، پتر هەست بە بوون و یەکسانی خۆیان دەکەن و بەشداری لە پرۆسە سەرەکییەکانی دروستکردنی پێوەرەکانی کۆمەڵگەدا دەکەن. پێچەوانەکەشی دەبێتە هۆی پەراویزکردنی توێژێک یان چینێک بێ دەسەڵات دەبێت و پەیڕەوی چینێکی تری سالار بکەن کە جڵەوەی لایەنە گرنگەکانی دەسەلاتیان مۆنۆپۆڵ کردوە یان دەستیان بەسەر سەرمایەی ئابوریدا گرتووە. مەترسی ئەم بارە لەوەدایە، کە چێنی بێ دەسەلات یان بەرینەی فراوانی کۆمەڵگە بێ دەسەڵات دەبێت و خواستی ناگاتە مەبەست، چونکە کەس گوێی لێناگرێت یان سەکۆکانی ئازادی رادەربرینی لێ زەوت کراوە.

## ڕەخنەگرتن- بەشێکی ئازادی بیراندنە

کە ئازادی رادەبڕین هەبوو، هاولاتی دەکارێت بەرگری لە مافەکانی بکات و بێ ترس کاربکات بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی. کە خواستەکانی هاتنە خەملاندن ، هەست بە بوونی خۆی دەکات کە بەشێکە لەو کۆمەڵگەیە. لێرەدا ڕەخنە

یەکێکە لەو ئامێر و دەسەکە گرنگانەی کە ئازادی را دەربڕین بەرجەستە دەکەن و ژیانێکی پێ دەبەخشن. مەرج نیە تەنها سەیری کایەکانی رەخنە وەک پرۆسەیەکی نەرێنی بکرێت. لەڕێگەی ڕەخنەوە هاولاتی دەتوانێت چاودێری کارەکانی ئەو دەسەلاتە بکات کە باسی هەمەرەنگی سیاسی، ئابوری، ئاینی، کۆمەلایەتی، ڕەگەزی..هتد دەکات.

**ڕادەربرێن پیوەست بە ڕەخنە لە دەسەلاتی خۆماڵی**

خوێندنەوەیەکی سەرپێی بۆچونی دەسەلات دەربارەی ڕای ئازاد و لە ناویشایاندا رەخنەگرتن، ئەو ئەنجامە دەستەبەر دەکرێت، کە دەسەڵاتی کوردی( پارتی و یەکێتی و تاڕادەیەکیش پارتییەکانی تر و هەریەکە بەپێی قەوارەی)، پێیان وایە دەبێت ڕەخنەگرتن بەپێی پەیڕەوپرۆگرامی ئەوان بێت هیچ هاوڵاتییەک لە بەندی سنوورەکانیاندا دەرنەچێت. راستە باسی ئازادی و ئارامی و کەشوهەوای ئازادی رەخنە دەکەن، بەڵام بۆ ڕێگەگرتن لە هاوڵاتی کورد و کۆتکردنی، بۆ دەمکوکردنی دەنگانی ئازاد و نموونە پێنوسە بێلایەنەکان کە خۆ بەختانە رەخنە لە گەندەڵی و شیوازی بەڕێوەبردنی ئەو دەسەلاتە دەگرن، ئەو دەسەلاتە حەشامەتێک لە میدیای زەبلاحی کارتۆنی دروستکردووە و لایەنی راستەقینەی ئازادی ڕادەربڕینی قۆرخ کردوە. دەسەلات پێی وایە بوونی دەها گۆڤار و چەند کەناڵێکی تیڤی(کە سەرجەم هی حزبن) ئیدی ئازادی بۆ هاوڵاتی دەستەبەر کردووە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کەناڵ و راگەیاندنی ئەو پارتییانە ڕەخنەیەکی توند بۆ جارێک لە جارن لە سەر خۆیان بێ سانسۆر بڵاو دەکەنەوە؟ وەڵامەکەی نەخێرە. لی تا ئەمرۆش بۆ نموونە نە ڕۆژنامەی خەبات کە زمانحاڵی پارتیە رەخنەیەکی لە سەر

بارزانی دووەم (مسعود بارزانی) بلاو نه کردوەتەوە، نه کوردستانی نویٚ که ئۆرگانی یەکێتیه ، باسێکی نەرینی له سەر تالەبانی نه نووسیوە. کەواته هێشتا ئازادی رادەربرین له باشوری کوردستان و له نێو ڕاگەیاندنەکانیدا به تایبەتی ڕاگەیاندنی پارتەکاندا له دایک نەبووە، ئەو ئازادیەی کەباسی دەکەن له سنووری شیکردنەوەی پەرتووکه ئاسمانیەکان و پێغەمبەرەکانیان تێپەڕناکات، بقەیه ڕەخنەی نەرێنی له دەرەوەی ئازادی و یاساگەلەکانیان ڕەخنەیان لێ بگیرێت. کفرێکی گەورەیه و ئەگەر کەسێک ڕەخنه بگرێت، یەکسەر وەک دوژمن سەیری دەکرێت. ئەو پێنوسانەش که به هۆیەک یان له دەروەی بازنەی دەسەلاتن(بەتایبەتی ڕەوند) تووشی گەورەتین سزای پەراوێزکردن و سووکایەتی دەبنەوە، ئەوانەی له نیشتمانیشن، چارەنووسیان له سەردەشت عوسمان سۆرانی مامه حەمه باشتر نابێت.

ئەگەر هاولاتی کورد له باشوری کوردستان، وەک ئامارژەم پێدا، هەست به بوون و خۆی به گرێدراوی ئەو دەسەلاتەوە نەکات، نه توانیٚ به ئازادی باسی خواستەکانی خۆی بکات، ئەوا سەدەها ڕۆژنامەو تیڤی و راگەیاندی دیش دروست بکرێت، به سامانی خۆیانی نازانێت و بگرە گوێشی پیٚ نادات. له بەر ئەوەی ئازادی ڕادەبڕین بوونی نیه، داهێنانش ئەستەمه بوونی هەبێت. که داهێنانیش نەبێت، شتێک نابێت ناوی چالاکی بێت که ئەو راگەیاندنانه بەرەو پێش بەرێت.

بۆ سەلماندنی ئەو راستیه، دەبینن زۆربەی هاولاتیانی کورد له باشوری کوردستان هێنده چاودیری و سەیری کەناله کوردیەکان

ناکەن و بگرە لەشکری خوێنەری ڕۆژنامەکان تا دێت کەمتر دەبیت، چونکە هاولاتی کوردی بە گشتی بوونی خۆی تیا نادۆزێتەوە.

ڕەخنەگرتن، تێڕوانین و سەرنجدان و هەڵسەنگاندن لەو پرۆسە زیند و پێویستیانەن کە بۆ نۆژەنکردنەوەی لایەن هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە پێویستە. لەباربردنی پرۆسە نووسین لە لایەن دەسەلاتەوە لە باشووری کوردستان، کە دەسەلاتی حزبی تێدا مۆنۆپۆل و سالارە، یەکێکە لەو مەترسیانەی کە تووشی پرۆسەی نووسین و ڕەخنەگرتن لەو بەشەی نیشتیمان تووشی نەخۆشی و سیستی کردووە. دروستکردنی لەشکرێک نووسەر لە ئەندام و لایەنگرانی هەردوو پارتی دەسەلاتدار لە پێناوی سەرخستنی بنەماڵە و بەرژەوندی ئابوری لەلایەک و بەکارهێنانی پارتیسازیدا لە هەموو کونجەکانی ژیاندا، دژایەتیکردنی نووسەرانی راستەقینە و دڵسۆز بە نیشتمان و نەتەوە، بە تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر، بووەتە دیاردەیەکی ترسناک، کە نەك تەنێ ڕەخنەگرتن، بەڵکو زانستەکانی تری پێویست بۆ کۆمەڵگە لاواز ببێت و ئەوانەی کە بەراستی دەیانەوێت خزمەت بکەن، لەبەر قەڵەمهەڵگرە ئەکتەرەکانی پارتەکان، کە پێش داهینانی چاوەڕێی پاداشن لەو دەسەلاتە، کاریان بۆ نەکرێت و خوێنەران چەواشە بکرێن. کردنەوەی دەرگاکان بە ڕوی گۆار و ڕۆژنامە کارێکی باشە و سیمای پێشکەوتنە، بەلام نە لەسەر لاشەی زمان و خنکاندنی گیانی ڕەخنە. کە گیانی رەخنەگرتنیش خنکا ئیدی شتێک نیە ناوی سەرەوەری و ئازادی مرۆڤ بێت لە دەربریندا، هەندێ ئەندامی کۆمەڵگەش فێری ڕەوشتی دووڕویی و مەرایی دەبەن، لە هەر

لایەک پاداش زیاتر بێت، ئەوان بە ١٨٠ پلە با ئەدەنەوە. ئەو سیمایەش یەکێکە لە پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگانەی کە دیکتاتۆرێک و دەسەڵاتێکی یەک لایەن دەیبات بەڕێوە.

تێبینی ئەم وتارە لە هەفتەنامەی میدیا ژمارە ٤٥٧ لاپەرە ٥ ی ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٦ بڵاو بوەتەوە..
http://en.wikipedia.org/wiki/Freedom_of_speech

## گەنجە بەرەڵاکانی کوردستان و ئافرەتە بێ مێشکەکانی وڵاتی یەمەن

بە دوادا چوون

١٩-١١-٢٠١١ سوێد

ووڵاتی یەمەن و هەرێمی کوردستان ، مەگەر ئاینیان هاوبەش بێت، ئەگەرنا چەند هەزار میلێک لەیەکدییەوە دوورن، ئەگینا هیچ خاڵکێکی گرنگی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێیان نادات. بەڵام ئەوەی کە باری ئەجەندەی سیاسی ئەو دوو بەشە خاکە یەکانگیر دەکات، ڕابوونی گەلی هەردوو لایە دژی گەندەڵی و خواستیان نوێکارییە. ژنانی یەمەن هەر چەندە لە ژێر چادر و پەچەدا دەناڵێنن، بەڵام بە گوڕەوە شەقامەکانیان پڕکردوە و سوورن لە سەر گۆڕانکاری، نە لوولەی تفەنگ دەیانترسێنێ، نە ستەمی پیاوسالاری و زەبری ئاین. لەو ووڵاتەدا کە ١٤٠٠ساڵ پترە دەچەوسێنەوە و لە کونجی تاریکی ژوورەوەدا حەشارن، دەها ئیدی شتێک نەماوە بیانترسێنیت و نکوڵی لە بوونیان بکات، ئەوان ئەمڕۆ بوونێکی پۆڵاییینیان هەیە و بۆ پاشەوە پەژیوان نابنەوە. هەرچی زۆربەی پیاوانیش هەن بە بەبێ مێشک و نەزان لە راگەیاندنەکان پێناسەیان دەکەن، بە تایبەتی پیاوانی ڕژێم، بۆ شکاندنی ئابڕوییان هەموو جۆرە ناتۆرەو ناوی ناشیرینیان دەدەنە پاڵ. ئەوەش بۆ دارماندنی وورەیان و چۆلکردنی شەقامەکانە. لەم ڕۆژانەدا پەیمانێرێکی سویدی چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند پۆلیسێکی سەر بە عەبدوولا

ساڵەحی سەرۆکی ئەو وولاتە دەکرد کە بۆچی ئافرەتان بە پلەی یەکەم دینەمۆی خۆپێشاندەکان دەکەن، لەوەلامدا ووتی: ژن بێ ئەمێشکەو زوو هەڵدەخەلتێ، هەربۆیەش کە یەکێک بەڵێنێکیان پێ دەدا خێرا باوەڕ دەکەن. ئەگەر وا نەبووایە خودا رێ نەدەدا پیاوێک بتوانێ چوار ژن بێنێ و لەو دنیاش حەفتاوحەوت پەری پاکیز هەبێ.

بەڵی! لەوڵاتی یەمەن لە بەر ئەوەی ژنان پشکۆی ڕابوون و شۆڕشن بە بێ عەقڵ جاهل دێنە پێناسەکردن.

لە باشووری کوردستانیش کە گەندەڵی بووەتە فەرهەنگ و خەریکە وەک خوێن لە دەمارەکانی تاکی کوردا هاژەی دێت(بڕوانە ڕەفعەت هەڵەبجەیی، لینکی هاوپێچ)، کە گەنجانی نوێ خۆیان کردوەتە ئاڵای ئەو شۆڕشە، دەسەڵات و لایەنگرانی، تەنها بە دەست بڕینەوەیان ڕازی نابن، بە کوشتنیان تێرنابن، بەڵکو شەرێکی دەروونیشیان پێ دەفرۆشن و بە بەرەڵا و ناحاڵی ناویان دەبەن. لە ڕابوونی ١٧ی شوپاتدا هەندێ ئەندام و لایەنگری هەردوو زلهێزەکە دەیانووت: ئەوانە گەنجن و ئاگایان لە دنیا نیە و بەرەڵان، نە ئەنفالیان دیوە نەشاخ، نە دەزانن پێشمەرگایەتی چییە و خۆشیان بە کورد نازانن.

کەواتە دیکتاتۆرەکان بۆ مانەوەی خۆیان ئامادەن هەموو جۆرە ڕێگەیەک بگرنە بەر و لە پێناسەی نەیارەکانیدا و ئەو هێزانەی کە

دەخوازن گۆرانکاری بکەن، بەشێوازی جۆراو جۆر سووکیان بکەن. حسنی موبارەک، قەزافی، سەددام و هیتلەر هەمان میتودی لێدانی بەرهەڵستکارانیان بەکار هێنا. گەنجان و لاوانی کوردستان کە دژی سەددام بوون بە تێکدەر پێناسە دەکران و زۆرجاریش بۆ شکاندنی وورەیان بەرەو پەتی سێدارە ڕاکێش دەکران. کێشەی زۆربەی دیکتاتۆر و زۆردارەکان ئەوەیە، کە دەیانەوێت خەڵک بە چاویلکەو بیرکردنەوەی ئەوان گۆڕانکارییەکان بخوێننەوە.

گەنجانی دوای ڕاپەرین کە لەژێر گوشاری بایکۆتی ئابوریدا گەورەبوون و چاویان بە شەڕی براکوژی و کاولکاری، دوای پرۆسەی ئازادیش ساڵی ٢٠٠٣ هەلهێناوە، بێ گومان دەسەلات ناتوانێت داخوازییەکانیان تێربکات. دەسەلاتێک کە هێشتا لە ساڵانی شەستی میژووی شەڕی مەلایی/جەلالیدا دەژی. دەسەلاتێک کە هێشتا هەست بەوە ناکات کە سنووری نێوان مرۆڤەکان کالبووەتەوە بە هۆی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە ، کە بازاڕ دەسەلاتی باڵای هەیە، ئیدی چۆن لەو گەنجانە تێدەگات کە ئەمرو فراوانتر پێوەندییان لە دنیای گلوبالێزمدا هەیە. دوور نیە بۆ ماوەیەکی کاتی بتوانێت گەمارۆی هەمەلایەنە بخاتە سەریان، بەلام ئایا تاسەر دەتوانێت ئەو کارە بکات؟

ئەمڕۆ نەبێت یان سبەی لەنگەری هێزە کۆنخوازەکەی دەسەلات لار دەبێتەوە و چەمک و گۆڕانکارییەکان پێناسەو ئاراستەیەکی دی وەردەگرن. گریمانەی ئەوەش هەیە، ئەگەر دەسەلات بە گیانێکی دیموکراتی(هەرچەندە ڕووداوەکانی حەڤدەی شوبات ٢٠١١ سەلماندیان کە دەسەلاتێکی بنەماڵەیی نەک نیشتمانی

نەتەوەیی زاڵە و وەک دوژمن سەیری لایەنی دی دەکات) هەڵسوکەوت نەکات، کۆمەڵگەی کوردی لە باشوور دووچاری هەمان کارەساتی شەڕی نێوخۆی وەک یەمەن و شوینەکانی دی دەبێتەوە. بۆ؟ چونکە تا ئەمڕۆ زۆربەی گەنجانی باشووری کوردستان، بە تایبەتی ئەوانەی سەربەخۆن و دوورن لە پرۆسەی پارتیزەکردنی حزبی، خۆیان بە بەشخوراو و ژێر دەستە دەزانن، گەنجی حزبەکان بەسەردەستە، ئەوەش دیاردەیەکی نوێ و داهێنانی دەسەلاتە، بۆ نموونە گەرەکە قەدەغەکراوەکان کە کوڕان و کچانی بەرپرسان و سەرمایەدارەکانیان های لایڤ تێیدا دەژین. ئەو وێنە ڕەشەش کۆمەڵگەی کوردی لە باشوور کردوەتە چەند بەشێکی نەیار و دابڕاو لەیەکتر. تەنانەت لە جوگرافیای دابەشکردنی گەرەکەکانی شارەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، گەرەکی هەژارنشین و دەوڵەمەند. لێرەدا دەسەڵات بەشی شێری بەرپرسیارییەتی بەردەکەویت.

لەبەر ئەوەی دەسەلات(بەتایبەتی دەسەلاتی بنەماڵەیی بارزانی) هێزی ئابوری و بژیۆی گەلی بەدەستە، دەتوانێت بە ئاسانی بەرگری لەو کارەساتە بکات. ئەو کاتەش کە داینامیکی پرۆسەی دابڕان بەهێزبوو، دەها کارەساتی وەک حەڤدەی شوباتی لێ دەکەوێتەوە. چونکە وەک ئامارژەم پێدا، هێزەکان بەچاوی نەیار و دوژمنەوە سەیری یەکدی دەکەن. بۆیە دەسەلات دەبێ فێری وانەی داینامیکی دایەلۆگی دیموکراتی و بینینی ڕەنگ و توێژەکانی تری ناو کۆمەڵگە بێت. دەبێ خوێندنەوەیەکی زانستی لە مەڕ گۆرانکاری نێو کۆمەڵگەی

کوردی بکات. نابێت ئەو هێزە ئابوری و سەرمایە هەمەلایەنی کە هەیەتی خۆپەرستانە بەکاربهێنێت!

لەم بەراوردەدا، ئەوەی ئەم دوو توێژە پێکەوە دەکاتە یەک هێزی لەیەکچوو، ئەوەیە کە هەردوو توێژ دینەمۆی گۆڕانکارین و هێزی بزوێنەری کۆمەڵگەن. هەردوو هێزی ژێر دەستەی دوو دەسەڵاتی جیاوازن و تا ئێستاش جڵەوی بریارکانی کۆمەڵگەیان بە دەستەوە نیە. لە هاوکێشەی دەسەلاتدا لە تای لاربووەوەی تەرازووەکەن، شوڕشیش بکەن، بێجگە دیلییەکەیان نەبێ هیچ لەدەست نادەن. بە پێچەوانەوە بۆ دەسەلاتێکی زۆردار و گەندەڵ دوژمنی سەرسەخت، ساڵح بە تۆپ و فرۆکە لە ناویان دەبات و دەسەڵاتی گەندەڵی بەناو کوردییش، بۆ برینەوەی دەستەکانیان هەزارەها مولازم موحسین و مشاربەدەستیان تێبەردەدات.

سەرچاوە:-
http://hawpshti.com/kurdi/babeti_gshti/7677.html

## کورد وەک قەوارە
## لە نێوان ئەگەری بوونی نەتەوەیەیی و هۆز و بنەماڵەگەریدا

خوێندنەوەیەکی دەروونناسیانەی کۆمەڵایەتی بۆ
پەڕتووکی (بەراووردەکانی ) لە نوسینی هاوڕێ باخەوان

٢٠١١-١١-٢٥ سوێد

**دەستپێک**

ئەگەر بوونی نەتەوایەتی نیشتمانی لە نێو ناخی زۆربەی تاکەکانی گەلی کورد دا پێش هەموو شتێک نەبێت، کەسێتییان بە بەرژەوەندییەکی گشتی هاوبەشەوە گرێ نەدرابێت، پێکەوە پێوەست نەبێت، ئەوا نەتەوەیەک نیە ناوی کورد بێت و وەک نەتەوە پێناسەی بۆ ناکرێت. ساناش نیە وەک نەتەوە بە هەند وەربگیرێت و لە داهاتوودا تەماشای بکرێت. لێرەدا هەرچی قوربانیش درابێت دەرژێتە سوودمەندی کەناڵێکی ترەوە کە نابێتە هۆی خەملاندن و سازبوونی ناسنامەی نیشتمانیی کوردییەوە. لەم ڕۆژانەدا بەرێکەوت لەسەر کار کارمەندێکی هاورێم لێپرسیم کە کورد بە چزمانێکی دە ئاخەفێت، ژنێکی فارس یەکسەر ووتی زمانێک نیە ناوی کوردی بێت، بەڵکو تەنها زاراوەیەکی فارسییەو کوردەکان هەر لە خۆیانەوە خۆیان جیا کردوەتەوە. منیش ووتم باشە من بە کوردی ڕستەیەک دەڵێم بزانم تێدەگەی؟ بێگومان تێنگەیشت. لە کۆتاییدا کەمن بۆم

ڕونکردەوە کە فارس ڕۆژهەلاتی کوردستانیان داگیرکردوە، پەژیوان بووە و ووتی هەمووومان ئێرانین.

نەوشیروان موستەفا (کێشەی پارتی و یەکێتی، بروانە چاپی فینلەندا ١٩٩٥) بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات لەبەر ململانێی نیوان پارتی و یەکێتی ساڵی ١٩٩٥ پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی کوریی کە لایەن فەرەنسا پێشنیارکرابوو، بووە قوربانیی کێشە نیوان پارتی و یەکیتی. ئەوە سەلماندنێکی ڕونە کە هێشتا گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ناو زلهێزترین کوردیدا دروست نەبووە و بەرژەوەندی بنەماڵ و ناوچە پێش هەموو شتێکە.

مەبەست لە هێنانەوەی ئەو نموونەیە ئەوەیە، کە لەبەر ئەوەی کەسێتی کوردستانی(نیشتمانی کوردستان) سەرەتای دروست بوونیەتی، هەنووز کەسێتی عێراقی، ئێرانی و سوریی لێمان نابێتەوە. هەرکاتێک کورد وەک نەتەوە توانی کۆقەورارەیەکی کوردی لە ڕوی دەروونی و کۆمەلایەتییەوە بۆ خۆی دروستبکات و لە جیاتی ئەوەی بڵی من خەڵکی یەکێک لەو وڵاتانەم، بڵی خەڵکی باشووری یان ڕۆژهەلاتی کوردستانم، ئەوسا ئەو ناسنامەیە پتر جێگەی خۆی دەگرێت و لە لە دەرەوەی ئایدیای تاک و کۆمەڵگەی کوردستان بە نیشتمانێکی کوردستان دێتە ناسین. ئاسۆ بیارەیی

**هێڵە سەرەکییەکانی پەڕاوی بەراووردەکان لە ڕووی نەتەوایەتی و قەوارەی نیشتمانی کوردستان ئەو دەردەخات:-**

1. کە کورد هێشتا نەتەوەییەکی هاوڕاو ئایدیایەکی نەتەوایەتی پتەوی لە سەر ئاستی میکرۆ و ماکرۆدا نیە، واتە هاندەرێکی ناسنامەی کە بەگشتی بلێت کوردم، نیشتمانم کوردستانە، نیە ئەگەر هەشبێت، لەرزۆک و شەرمنە. لە سەر ئاستی چەند تاکێک ئەو بۆچونە بە هێزە، بەلام بە گشتی هەروک نووسەر ئامازەی پێداوە، ڤاریابڵی(هاندەری هۆز، بنەماڵە و ناوچە) زاڵە بەسەریدا. هەر کە هاندەری بنەماڵە بۆ نموونە کەوتە مەترسی. ئیدی ئەو تاکە دەبێتە رۆبۆتێکی بێ گیان و خۆی لە پێوەری ئەو بنەماڵەیدا، نەک نەتەوایەتیدا، دەدۆزێتەوە. ناسنامەی پانەندبوون بەو بنەماڵە یان ناوچەیە زۆر زاڵتر دەبێ. نموونە: بارزانی دووەم لە دوا کۆنگری حزبەکەیدا، هێندە بە شانازییەوەی باسی ژمارەی پیاوی بنەماڵەکەی دەکرد ئەوەندە قوربانی و کۆششی ئەندامان و دۆستانی پارتەکەی بەرزڕانەگرت، ناسنامەی بنەماڵە بارزانی پتر زاڵ بوو بەسەر هزریدا.

2. بەرهەمی بەراووردەکانی نووسەر باخەوان، ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن نیشتمانی نەتەوە و ناسنامە دەبێ بەکار بێت و ئەو هێما و بنچینانەن کامانەن کە پێتڤێ بۆ ئەوەی کۆمەڵێک یان گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێی بوترێت نەتەوە. بەراووردکردن لە ژیانی منداڵی و ئەو هۆزەی نووسەر پابەند و ئەندامە تێیدا، ئەو دەرهاوێشتە و ئەنجامگیرییەمان دەداتێ کە هەندێ خاڵی بنەڕتی هەن بۆ ئەوەی کۆمەڵێک مرۆڤ لە ژێر چەترێکی نەتەوایەتیدا ببستێتەوە، لەوانە زمان، ئابوری هاوبەش، جوگرافیا، پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و لە دوادا

ئامانجی هاوبەش کە هیچ لە تاکی ئەو گردبوونە کۆمەلایەتیەدا پێشیلی نەکات.

3. باخەوان لە سۆسیۆلۆژیایەکی سادەوە هاتووە باسی هۆز، بنەماڵە و ناوچە کوردنشینەکان دەکات، کە چۆن وەک درامایەک کێشەکان تائێستا لە نێو هزریدا پاشکەوتکراون و نووسەریان گەیاندوەتە ئەو دەرهاویشتەیە کە هێشتا دروستبوونی گەلێک بە ناوی کوردەوە لە سەدەی بیستەهەمدا سەرەتای دروستبوونی نەتەوەیەکە ناوی کوردە. باخەوان ئۆستایانە باسی ئەوە دەکات کە هێشتا کێشە کورد نەبووەتە کێشەیەکی کەسێتی تاکی کورد و ببێتە هاندەرێک کە بەرگری لە کەسێتی نیشتمانی کوردی خۆبکات. کێشەکان هێشتا ململانێی مانەوە هێزی ئەو بنەماڵە و هۆزانەیە لە نێوان خۆیاندا و ئامادەشن کە هێزی دەرکی بۆخۆیان دژی یەکتر بەکاربەرن. ئۆجەلانیش لە یەکێک لە ئاخافتنەکانیدا دەربارەی گیانی نیشتمانی کوردی دەڵی:" *ئەگەر بە پیاوێکی کورد بڵێیت تۆ نیشتمانێکی سەربەخۆت نیە هێند وەڕەس و تووڕە نابێت، بەڵام کە جنێوێکت بە ژنەکەی یان بنەماڵەکەی دا ئیدا قیامەت دروست دەکا*". فۆڵگەر و ستوتمان(بڕوانە Working thro conflict چاپی ئەمریکا ٢٠٠٦ لاپەرە ١٠٤ – ١١٠) ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە کاتێک گرتنی دەسەلات نەک بەرژوەندی گشتی دەبێتە ئامانجی دوو لایەن، ئیدی دەرگای چارەسەر نامێنێ. ئەوە پێشەی هۆز، بنەماڵە و زلهێزەکە کوردیەکانی ئەمرۆشە. هێنانی سوپای پاسداران و سوپای عیراقی لە سالانی نەوەدی سەدەی پێشوو، زیندوترین نموونەیە، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هێشتا گیانی نەتەوەیی یان نیشتمانی کوردستانی ئەو بچینە فراوانەی نیە

کە جێگەی ئومێدی دامەزراندنی نیشتمانێکی سەربەخۆی بەناوی کوردستانەوە تیابیت. تەنانەت هێزێکی وەک پککەش هێنده بایەخ بە سەرۆکی و لۆگۆی خۆی دەدات، ئالای کوردستان هەڵناکات. هەروەها شێوازە سۆزادرییەکە زاڵە بەسەر زانستیەکەدا لەمەڕ دۆزی نەتەوایەتییەوە.

4. نووسەر پێبزانێ یان نەزانێ، پەنجەی خستوەتە سەرناسنامەی ئەو هێزە بزوێنەرانە کە کاریان بۆ پەروەردەی نەتەوایەتی نەکردووە، شەڕی مەلایی-جەلالی، هۆزەکانی بادینان-سۆران و ناوچەگەرایی، بە شێوەی سۆز باسی ئەو ئاستی پشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی کردووە. لە ڕاپۆرتی سەرکردایەتی کاتی پدکدا، ئەوە بەڕاشکراوی باسکراوە کە فاکتەرێکی دارمانی بزوتنەوەی ئەیلول، زاڵبوونی گیانی دەرەبەگایەتی بوو( بڕوانە راپۆرتی هەڵسەنگاندنی شۆرشی ئەیلول ١٩٧٦لا ١٤ تا ١٥) ئەو لەشکرەی کە پارتی دروستی کردبوو لە دەربەگ و کۆلاک پێکهاتبوو، بەرژوەندی تایبەت و تەسک، نەک نیشتمانی زاڵبوو بەسەریاندا. لێرەدا شایەنی ئەوەیە کە سووتاندنی جامانەی سوور چکاردانەوەیەکی هەبوو لە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە لە کاتی خۆپیشاندانەکانی شوباتی ٢٠١١ لە شاری سلێمانی. هەرچەندە ڕژێمی داگیرکەری عیراق هەشت هەزار بەرزانی پتر کوشت، هەرچەندە هێشتا هەندێ ناوچەی باشووری کوردستان نە گەڕاونەتەوە سەر ئەو پارچەیی نیشتیمان. ئەو دیاردانە هەمووی ئەو ئەگەرە پشتڕاست دەکەنەوە، وەک نووسەر دەڵێ، کە گیانی نەتەوایەتی ئەو نرخەی نیە لە ئاست گیانی بنەماڵەیی و ناوچەگەری. دیسان دەبێ هێزە ئاینیەکانیش بە نموونە بهێنینەوە، لە پرۆسەی شوومی ئەنفالدا سەرباری

قوربانی گیانی، بە دەها مزگەوتی کورد وێران کران، بەڵام بە گشتی نوێنەرەکانی ئاین، نەیانتوانی هەڵمەتێکی نەتەوایەتی بۆ سەرخستنی موسڵمانانی کورد لە نیشتمانێکی نەتەوەییدا دروست بکەن. تەنانەت وانەیەکیشیان لە کەسێکی وەک ئەردۆگان یان سوننیەکانی عێراق وەرنەگرت.

5. هێزە بزوێنەرەکانی دی کۆمەڵگەی کوردیش(هێزی ئاین. سەرمایەدارەکان، دابونەریت، پارتییە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکان) ئەو ڕۆڵە نەتەوایەتیەیان نەبینیوە لە پەروەردەکردنی گیانی نەتەوایەتی نیشتمانی کوردی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. زۆرجاریش وێنەی هێزی کۆلاک و نیمچە دەربەگ و تێکەڵەی بۆرژوا گەشەسەندنی سیستەمی ژیانی خەڵکیان لە قەوارەیەکی پاشکەوتوو هێشتووەتەوە. نووسەر ڕاشکاونە پشتگیری ئەو رایە و باسی ئەوە دەکات، کە پێش هەرەسی ١٩٧٤ و ئاشبەتاڵ، بزوتنەوەی ئەیلول ئەو سیما پێشکەوتووەی پێوە نەبووە، کە ژیانی ڕۆژانە خەڵک ئاسان و پێشبخات. باخەوان کە ساڵی ١٩٨٦ سەردانی گوندەکانی بناری شارەزوور دەکات، هەمان وێنەو ستروکتوری پاشکەوتوو دەبینێ لە نەبوونی ئاوەڕۆ و شوێنی خۆشتن(بروانە باخەوان، بەراوردەکان لا ٧-٨ ساڵی ٢٠٠٩). ئەو باسەی هاوڕێ باخەوان ئەوەم بیر دەخاتەوە کە دوای بیست سال کەسەردانی بیارەم کرد، لەو خانەقا گەورەیە، هیچ گۆڕانکارییەک نەهاتبوو بە نۆژەنکردنەوە خانو و ئاوەڕۆ، هەرچەندە بۆ نموونە چەند هێزێکی کوردی لەوێ ماوەیەکی زۆر دەسەلاتداربوون. تەنانە لە زۆر شوێندا لە باتی دروستکردنی پردێک، هەمان داری کۆن داناربوو کە لە منداڵی بینیومە. لەڕوی فەرهەنگی

نەتەوایەتیشەوە، هێندەی گیانی ئاینی و حزبایەتی زاڵە، کەم کەس باسی نەتەوایەتی و نیشتمانی کوردی دەکا. لە بلاوکراوەیەکی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کوردستاندا(بروانە چاپی ١٩٨٣ لا ٩-١٧)، تێشک لە سەر ئەوە دانراوە کە بۆژوای کورد و سەرمایەدارەکان، بە گشتی ئەو هەستە نیشتمانی و نەتەوایەتییەیان تیا نیە، وەک هاوڵەکانیان لە عەرەب و فارس و تورک. بەپێچەوانەوە لەباتی دروستکردنی و پتەوکردنی سەرمایەی نیشتمانی کوردستان، بازارەکانی ئەوانیان ئاوەدان کردوەتەوە و پێکەوەلکاندنی ئەو پارچەی کوردستان بە عێراقی داگیرکەرەوە چڕتر کردوە، ئەوان گوێ بەوە نادەن ئەگەر بۆ نموونە خانوێک لە هەولێر یان سلێمانی عەرەبێک بیکڕێت، قازانج لای ئەوان مەبەستە، نە کوردستانیەت.

6. سیستبوون و نەبوونی گیانی نەتەوەیی نیشتمانی، وەک نووسەر باسی دەکات، لانەسازی و سروشتیشی گرتووەتەوە. کاریگەری لەسەر ڕێزگرتن و بەرزنرخاندنی سامانی نەتەوەییشی داناوە. کوردستان پڕە لە بەرد و دار جوان(نووسەر باسی بەردەکانی گەرەکی مەڵکەندی دەکا لە شاری سلیمانی)، بەلام بازرگانە کوردەکان هێندە گیانی نەتەوەییان نزمە، لە تورکیا یان ئێران بەرد دەهێنن..

7. کێشەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەدا، لە نێوان مامۆستا و خوێندکاردا، دیسان هەمان بێ ڕەنگی گیانی نەتەوایەتی پێوە دیارە. کە مامۆستایەک لە خوێندکار دەدات و دەیترسێنێت، ئەو ئەنجامە نیشان دەدات، کە ئەو هیزانەی کۆمەڵگەی کورد دەبەن بەرێوە، هێزێکی بنەماڵەیی و پاشکەوتووی سەردەمی پێشوون و هەمان زمانی تۆقاندن بە کاردەهێنن، کە هی سەردەمی دەربەگایەتی و بنەماڵگەری

کۆچبەرانەن. ئەی وەک نووسەر دەڵێ لێدانی خوێندکاران بە تەمەتەمەی(نوکی ئاسنین) مزراح لەسەر خوێندن ئەوە ناسەلمێنێت؟( بروانە هەمان سەرچاوە لا ١٩-٢٠). من خۆم چەند جارێکی مامۆستا لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە دارهەندێ جاریش بە زلە لێیداوم.

**هەڵسەنگاندن و دەرئەنجام**

زانستی دەروناسی کۆمەڵگە، ئەو زانستەیە کە پێوەندی نێوان کەسەکان وکۆمەڵگە، نێوان کۆمەڵگە و کەسەکان شرۆڤە دەکات، یۆنسۆن.( ٢٠٠٥ لا ١٣-١٩). زانستێکە ئەو میتودانە بەکاردهێنێت بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسە دینامیکیەی نێوان تاک و کۆمەڵگە و دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو دیاردە و گۆڕانکاریانەی کە کۆمەڵگەو تاک بە ناویدا تێ دەپەڕن. هەروەها کاریگەری هەردووکیان(کۆمەڵگەو تاک) لەسەر یەکتر. لە پەرتوکی بەراوردەکانی (باخەوان)دا، ئەو کاریگەریەش بەڕونی دیارە، لەلایەک کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکی پەڕتەوازە و پاشکەوتووە، پێوەرەکانی خێل و بنەماڵە و..هتد باڵا دەستە.

لەلایکی تریشەوە نووسەر توانیویەتی ئەو کاریگەرییەی پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر تاک بخاتە بەردەم خوێنەر، کە تا چئاراستەیەک هێزەکانی توانیویانە ئەو تاکە پێشبخەن و تاکیش چیکردوە، چلەڕوی ڕابەری یان زانست و زانینەوە. بەرهەمی بەراوردەکانی بەرهەمێکی سادەیە، بەلام ئاوێنەیەکە کە گەنجینەیەکی سۆسیۆلۆژی لە خۆ گرتووە کە دەکرێت لە دواڕۆژدا دەوڵەمەندتر بکرێت. نووسەر توانیویەتی ئاستی پشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی بەرجەستە بکات و بوێرانە

باسی ئەو کەموکوڕیانە بکات کە کۆمەڵگە و تاک و هێزەکانی پێوەی بریندارن و کلیکی ئەوە بداتە دەست خوێنەر کە بۆچی هێشتا سەرەتای دروستبوونی نیشتمانی نەتەوەیی گەلی کورد هێندە دواکەوت و کاری بۆ ناکرێت. باخەوان لەم بەرهەمدا پرسێکی گرنگ دەخاتە بەردەم گەلەکەی: ئایا نەتەوەیەک دروستبووە و هەیە بە ناوی کورد؟ ئەو هێزە بزوینەرە خۆماڵیانەی کە هەن بۆ کاریان و کارناکەن بۆ ئەو دۆزە، دۆزی دروسکردنی نیشتمانێکی کورد؟

سەرچاوەکان:-

سەرچاوەی کوردی


- هاوڕی باخەوان (٢٠٠٩) بەراووردەکانی ژیان. تۆڕی ئنتەرنێت: http://www.bakhawan.com/hawdocs/bj.pdf
- نەوشیروان موستەفا. (١٩٩٥). کێشەی پارتی و یەکێتی. ئامادەکردنی لوقمان عەلی، هانکۆ- فینلاند
- ڕاپۆرتی سەرکردایەتی کاتی پدک. (١٩٧٦). ڕێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد. چاپکراوکانی پارتی
- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(١٩٨٣).عێراقچیەتی داگیرکەرو بۆرژوازی کوردستان، کوردستانی بوونی کرێکاران و ڕەنجدەران. تۆڕی ئنتەرنێت: http://en.calameo.com/read/000747308972903291959

- ئاسۆ بیارەیی (٢٠٠٩). ***چەند شارۆیەک لە نێو لاپەرەکانی شۆڕشی ئەیلولدا***. تۆڕی ئنتەرنێت: http://emrro.com/cendsharoyek.htm

سەرچاوەی ئینگلیزی: ***کارکردن لە نێو کێشەکان، ستراتیژی لە پێوەندییەکانی، پیر، رێکخستن.***

Folger, Poole&K. Stuman.(2009). *Working Through Conflik, strategies for relationships, group an organisation.* Printet: Unite Stat of America

سەرچاوەی سوێدی: ***دەروونناسی کۆمەڵگە، بیردۆزی مۆدێرن و هەڵوێست***. یۆنسۆن. شاری لوند: وێژەی خوێندکاران

Johansson T (2006). *Socialpsykologi, moderna teorier och perspektiv*. Lund: Studentlitteratur

## لە قۆناغی وەرچەرخاندنی بزوتنەوەی کوردی باکوردا دەسەلاتی باشوور نابێت هەستی نەتەوایەتی لاواز بکا

بۆچون

٦-١١-٢٠١١ سوید

لە کاتێکدا کە گەلی کورد لە باکور دووچاری لە ناوبردن و نەمان دەبیتەوە، لە کاتێکدا کە کوشندەترین چەکی قڕان دژی بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا کە تۆرانیە دڕندەکان پەنا دەبەنە بەر چەکی کیمیاوی، دەسەلاتی باشوور کوردستان، ئیسلامە ئەردۆغانچیە ئیخوانە ترسناکەکانی باشوور بەوپەڕی بێشەرمییەوە جاڕی جەژن دەدەن و خەڵکی هان بۆ شایلۆغانی و کەیف دەدەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە تەنها لە شارێکی وەک وان دەها کەس بوونەتە قوربانی زەمینلەرزە و سوپای تۆرانیەکان سووکایەتی بەتەرمی گەریلاکان دەکات.

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی خاڵی وەرچەرخانی شۆڕشی ڕزگاریخوازە لە باکوری کوردستان. هەمان وێنە کاتێک کە ڕژێمی سەددام زانی بە چەکی ئاسایی ناتوانێت وورەی پێشمەرگە و گەلی کورد ، بە تایبەتی لە ناوچەکانی یەکیتی بشکێنێت، ئیدی هانای بۆ بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ڕەشە کوژی برد . تۆرانیە فاشستەکانیش بە ئاواتی ئەنگاوتنی هەمان ئامانجن، ئەی ئەوە ترسناکترین چەکیان دژی پۆلە شۆڕشگێرێک بەکارهێناوە، کە کاریگەرترین چەکیان بیر و باوەڕو خۆشەویستی نیشتمانە. تۆرانیە دڕندەکان بەوەش

ناوەستن بەڵکو ناهێڵن زیاتر لە سەدا بیستی یارمەتی جیهان بە خەڵکی لێقەوماوی وان بگات. لەم ڕۆژانەدا پەیامنێرێک لە ناوچەی هەکاری و باکوردا لە گەشتێکدا ڕوماڵێکی ڕووداوەکانی دەکرد، چاوپیکەوتنی لە گەڵ چەند ژەندەرمەیەکی تۆرانی داگیرکەر دەکرد کە ئایا چۆن شەڕ دژی گەریلاکان و کوردەکان دەکەن، یەکێک لە ژاندرمەکان ووتی: ئێمە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەلاتی تورکیا لە زیندانێکی گەورەین و تەنها چەند کاژیرێک بەڕۆژ نەبێت، ئیدی لە سەنگەرەکانمان دیلین، دارو بەردەمان لێ بووەتە کورد و گەریلا( ڕادیۆی پێ یەکی سوێدی، ٣ی یانزەی ٢٠١١ کاتژمێر ٤ پاش نیوەڕۆ) و ناوێرین خۆمان دەربخەین.

سەرکەوتنی چەرخاندنی لوتکەی ئەو شەڕە ڕزگارییە، پێوەستە بە تا چەند داگیرکەرانی کوردستان و هاوپەیمانانیان دەتوانن کایەکانیان بۆ دووبەشکردنی کورد بخەنە گەڕ، تاچەند دەتوانن هێزەکانی باشوور بە قازانجی خۆیان بەکاربهێنن و دژی باکور بیکەنە سووتەمەنی. تا ئێرە هێشتا هێزەکانی باشوور، لە بەر ترسی لە ناوچوونی خۆیان نایەنەوێت ببنە بەشێک لە ووزەی ئەو کایە ژەهراوییە، ئەوەش هەنگاوێکی باشە. پرسیارەکە ئەوەیە تا کەنگێ دەتوانن بەرگەی گوشاری هەمەلایەنە بگرن، لەوانە گوشاری ئابوری چونکە پتر لە ٩٠٠ کۆمپانیای تۆرانی لە باشووری کوردستانە، زۆربەی سەرمایەی سەرمایەدارە کوردەکانی کە بەشی زۆریان سەربەحزبی دەسەلاتدارن، لە ولاتی تورکیایە. لە ووتەکە بارزانی دووەمدا(مسعود) ئەو ترسە تەواو لە نێو ووشەکانیدا دەخوێنرایەوە، بە نەمانی قەندیل، ئەوانیش پەلوپۆیان دەشکێت و هەموو شتێکیان لە دەست دەروات. ئەگەر کایەکە بەوە

نەوەستا و تورک پتر سەری بۆ داخوازییەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا دانەواند، ئەوا ئیدی کورد دەکرێتەوە قوربانیە گەورەکەی ناوچە و ئەو خاڵی وەرچەرخاندنە مژدەی ئاشبەتاڵکی تر دەدات. بەڵام ئەگەر زلهێزەکانی کورد، ووتەکانی بارزانی دووەم سوور بوونیان تیابێت و بەرژەوندی گشتی کوردستانی زاڵبێت بەسەریاندا، بوار نەدەن بکرێنە سووتەمەنی ئاگری تورکە فاشستەکان، ئەوسا دەبنە خاوەن کارتێکی بە هێز و تینێکی گەرمتر دەدات بە کوردی باکوور. ئەو خاڵە دەبێتە خاڵی پرشنگداری سەرکەوتنی مێژوویی یەکبوونی گیانی نەتەوایەتی. پێچەوانەکەشی گەورەترین کارەسانی نەتەوەیی و مێژوویی.

سەرچاوە: هاوڵاتی
http://www.hawlati.co/babetekan/8804

## پێنج هەزار کوردی تر لە نوێترین گۆڕێکی بە کۆمەڵدا تاوانێکی تری ناسیۆنالیزمی فاشستی عەرەبی و هەندێ کوردی سیخوڕ

بەڵگەیەکی تر
بۆ دەسەڵاتدارانی کورد لە باشوری کوردستان

۱۰-٦-۲۰۱۰ سوێد

شاری دیوانیە لە عێراقی عەرەبیدا لەو شارانەیە کە زیاتر لە ۱۰۵ گۆڕی بە کۆمەڵی گرتووەتە خۆی کە زۆربەیان سیڤیلی کوردی تیایە لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج. بەپێی ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط ۲۰۱۰/٦/۱۰) لە ناوچەی بیابانی (الجربیعیات) ی شاری دیوانیە بە دەها گۆڕی سەردەمی ڕژێمی داگیرکەری عەرەبی ئیسلامی عێراقی تیایە و لە هەندێ لەو گۆڕانەشدا عەرەبی ناوچەکانی تر و وڵاتانی دی تیایە، لەوانە وڵاتی بەحرین. ئەو شایەتحاڵە(ئەبو عەلی) دەگێرێتەوە کە چەند سەرهەنگێکی سوپای عەرەبی لە مانگی ئازاری ۱۹۸۸ عیراق هاتن و داوایان لێکرد کە پێویستیان بە کێڵگەکەی هەیە بۆ کاری ڕاهینان و مەشقی سەربازی. تا سێ ڕۆژ چاڵی گەورەیان هەڵکەند و تاچەند ڕۆژێک گوێمان لە تەقەبوو. دواتر پێڵاو و جل و بەرگ و پشتیوێنی کوردی دۆزرایەوە...بڕوانە فایلی هاوپێچ لە کۆتایی ئەم هەواڵەدا.

ئەوەی کە گرنگە لە ئاشکرابوونی ئەو گۆڕانەدا، ژمارە و شوێنی ئەو قوربانیانەیە کە دەبێت دەسەڵاتدارانی کورد لە باشووری کوردستان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کاری بۆ بکەن، لەوانە:

0. ریسوایی کردنی ناسیۆنالیزمی ئیسلامی وعەرەبی فاشست کە ئەمڕۆ بێ دەنگ و بەگومانن لەو تاوانانە..
1. هێنانەوەی تەرمی ئەو قوربانیانە بۆ باوەشی کوردستان، تاکو لە خاکی بێگانەدا (عەرەبی داگیرکەردا) لە ناو نەچن.
2. داداگاییکرنی تاوانبارە کوردەکانە لە سەرۆک جاش و سیخورە بە عسییەکان کە ئەمڕۆ زۆربەیان لە نێو ڕیزی پارتییەکانی کوردستانن، بە تایبەتی پارتی و ینک بە پلەی یەک و دەسەڵاتدارن. ئەگەر دەسەڵاتی کوردی پەلە لە پرۆسەی دادگاییکردنی ئەو تاوانبارانەدا نەکات، ئەوا، بەپلەی یەکەم تاڵەبانی و بارزانی بەرپرسی یەکەمن و پارتییەکانیشیان پرسێکی گەورەیان لە ئەستۆدایە، چونکە ئەو تاوانبارانەیان بیست ساڵە زیاتر داڵدە و پەنا داوە. بۆیە پێویستە پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارە کوردەکان لە سەرۆک جاش و بەعسیی و سیخورەکان دوا نەخرێت.

بە دواچونی ئەم کەیسە پێویستییەکی هەنووکەییەو پشتوگۆێ خستنی گەورەترین زیان بە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕوی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە دەدات و کەلێنێکی گەورەو دوبەرەکی دەخاتە ناو پێکهاتە جیاوازەکانیەوە. ئەوەی کە ئەمجارە ئەم گۆڕە بە کۆمەڵانە لەوانی تر جیاوازتر دەکات، ئەوەیە کە کۆمەڵێک خوێندکاری عەرەبی وڵاتی بەحرێن و کوێتی تیایە کە بۆ خوێندن لە شاری نەجەف گێراون و کوژراون و وڵاتەکەیان کاریان بۆ دەکات. لێرەدا گرنگە دەسەڵاتدارانی

باشوری کوردستان سود لەو هەلە وەربگرن و بوونی قوربانیانی عەرەب لەو گۆڕانەدا وەک کارتێکی گوشار دژی حکومەتی عێراق و دڕندەیی سوپای فاشستی بەعسییەکان، ئیسلامیە شۆڤێنیە عەرەبیەکانی عێراق و هاوکارەکانیان ڕیسوا بکات کە ئیدی ئەوە ڕێگربێت لە دوبارە بوونەوە ئەو جۆرە تاوانە مرۆییانە.

بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە کلیکی ئەم فایلە بکەن:
http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issueno =11517&article=573316&feature=

## هەڵوەشاندنەوەی عێراق باشترین چارەسەرە

## پێشنیار

دروستکردنی وڵاتی عێراق لەلایەن ئینگلیز و فەرەنسا پێش 80 ساڵ، گەورەترین زیانی بە گەلانی عێراق گەیاندوە، لە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تر، بەڵکو ئاڵۆزترین خاڵی دووبەرەکی و کیشەی ناوچەکەیە.
مێژووی لکاندنی باشووری کوردستان بەخاکی عروبەوە ئەوەی سەلماندوە، کە نە کورد برای عەرەبە و نە عەرەبیش چارەی کوردی دەوێت، نەوەکو گەلێکی سەربەخۆش سەیری دەکات. لەبەر ئەوەی عەرەب نەتەوەی سەردەستە و خۆی بە کوێخای دەزانێت، بە چاوێکی سوکەوە سەیری گەلانی دی دەکات.
هەڵوەشاندنەوەی عیراق قازانجی نەک هەر کوردە، بە ڵکو نەتەوەکانی تریشە، کە ئاخەنراونەتە ناو سنوورێکی خوێناوییەوە.
لە بەر ئەوەی نەتەوەی عەرەب کۆڵۆنیالستە، سروشتییە کە خەمی یەکگرتوویی ئەو قەوارەیە بخوات، خاکی عێراقیش بەبەشێکی ئومەی عەرەب بزانێت. لە ژێر هەزارەها بیانو، پیلان بگێڕێت بۆ نەتەوەکانی ترد و تە عەرییبیان بکات.

نەتەوەکانی ناو سۆڤیەتی جاران، نەتەوەی ڕوسیان بە داگیرکەر دەزانی، بۆیە ساڵی نەوەدەکان بە جاڕی هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکگرتنە، هەر یەکەیان خۆی سەربەخۆکرد و جیابوونەوە،. هەمان پرۆسە لە کۆماری یۆگوسلاڤیا ڕویدا و هەر حەوت کۆمارەکە لە وڵاتی دایک کەرت بوون، هەرچەندە بە شەڕێکی

خوێناوی کۆتایی هات. سەیر ئەوەبوو ئەو نەتەوانە برایەتییان لە ناو یەکتردا، لە ئێمەی کورد وعەرەب خۆشتربوو، بەڵام لە بەر ئەوەی شوورەوی لە سەربنەمای ئارەزوومەندانە دروست نەبوو بوو، دوای حەفتا ساڵ، پەرەوازەبوو.

ئێمە و عەرەب لە عێراقدا، تەنها ئاین پێکەوە گرێمان دەدات، ئەویش بە فتوحات و زۆری شمشێر، ئەگینا عەرەب بە قێزەوە سەیری نەتەوەکانی تری کردووە.

هەروەک چۆن نەتەوەی ڕوس، حەفتا ساڵ زیاتر، کۆمونیزمی بۆ دەمکوت کردنی نەتەوەکانی ناو شوورەوی بەکاردەهێنا، بە هەمان شێوە، شۆڤێنیستە عەرەبەکانیش، ئیسلام کوشندەترین چەکی دەستیانە، بەڵکو گەورەترین هۆکاری دواکەوتنی ئەو نەتەوانەشە کە لە ژێر چەپۆکیدا دەناڵێنن دەکەوێتە ئەستۆی.

من لێرەدا باسی کورد لە باشووری کوردستاندا دەکەم ، کە عەرەب یەک برگە ئازادی پێ ڕەوا نابینێت، ڕۆژانە عەرەب بە هەموو مەزهەبەکانییەوە هێرش دەکەنە سەرکورد و بە جیاخوازی تاوانباری دەکەن.

لە سەر ڕۆشنایی ئەو فاکتەرانە و کۆمەڵێک ڕاستی تر، کە باس و لێکۆڵینەوەی قوڵتری پێویستە، هەڵوەشاندنەوەی عیراق نەک تەنها قازانجی بۆ گەلانی عیراق هەیە، بەڵکو گەورەترین سوود بەمیللەتانی تر دەگەیێنێت، چونکە زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە سەر بنەمای کوشتن و بڕین پێکەوە نراون، تا ڕۆژێک زۆتر هەڵوەشێنرێنەوە درەنگە.

که عیراق هەڵوەشایەوە، سنوور جیاکرایەوە، نەتەوەکان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، ئەوسا پێوەندییەکە دەبێتە دۆستایەتی و لە سەربناغەی دیموکراتی و ڕێزگۆڕینەوە شێوازی سروشتی خۆی وەردەگرێ،و سوکایەتی نامێنێت.

نموونەی بارودۆخی ئیمڕۆی عێراق شایەتی ئەو ڕاستیانەن. کە کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێردەست، بەجاڕی سەربەخۆیی، زۆربەی کێشەکانی لە گەڵ عەرەب بن بڕدەکات و دەکەوێتە کارکردن بۆ پێشکەوتنی خۆی. ئەوسا چێژی دراوسێیەتی تامێکی تردەدات.
بوونی ووتاری یەکگرتووی کورد و سەرکردەی بوێر، پرۆسەی ئازادی کوردستان پێشتر دەخات و تەمەنی ژێردەستەیی دەنێتە چاڵ. بۆیە دەبێت کورد ڕابەری ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بکات و گۆێ نەداتە هەڕەشەی داگیرکەران، کە هێشتا عێراقیان بۆ پێکەوە نابەسترێتەوە، چونکە کورد ئەم جارە ، هێزێکی پتە و ناسراوی سەر زەوی ئەم کارەیە. لێرەدا کەواتە کورد کلیلی ئەو هەڵوەشاندنەوەی لە دەستدایە. چونکە بێ کورد داگیرکەران هیچیان پێناکرێت، دەباماڵی خۆمان یەک بخەین و پێکەوە بڵێین :
بەڵێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی عیراق
بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان!

**ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە ٧٩٦ سالی ٢٠١٢ بلاوکراوەتە.**

----------------------------------------

*تێبینی/سوود لە بابەتی ئەم سایتانە وەرگیراوە*

-1
http://www.manifest.se/forlaget/fredsbomber/fredsbomber.html
http://www.sallskapet.org/bull/bull12003/4.html-2
3-صوت الشعب - العـــدد 228 [ الاربعاء، 7 أفريل 2004 ]
4-النظام العربي: بين الاستقالة أو استعادة الثقة-غسان الإمام-
**http://www.asharqalawsat.com/leader.asp?section=3&article=298477&issue=9660**

## بۆ دەبێت تاوانبارانی ئەنفال بدرێنە دادگا،
## بە تایبەتی هەندێ لە کوردەکان؟

**دیمانە و ئەنجامی سۆسیۆسایکۆلۆژی**
**خەروارێک لە لێکۆڵینەوەی( کاریگەری تاوانی ئەنفال لە سەر ژنانی کورد)**

**(2004 تا 2008 زانکۆی خێڤدە /سوێد)**

یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوە زانستیەی کە کردوومە لە سەرکاریگەری ئەنفال لە سەر حەوت ژنی کورد لە تەمەنەکانی 18-76 لە سوێد، لە سەر باری سۆسیۆسایکۆلۆژی ، بەتایبەتی باری کەسایتی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەو ژنانە، ئەوە دەردخات کە دادگایی نەکردنی تاوانبارانی ئەنفال بە تایبەتی هەندێ سەرۆک جاش و کوردە سیخوڕەکانی سەردەمی بەعس، گەورەترین ئازاری دروونی و کۆمەڵایەتیان لە لای ئەو قوربانیانە دروستکردووە. ئەو حەوت ژنە کوردە، نەک تەنها باسی خۆیان دەکەن کە چۆن ئازادی ئەو تاوانبارانە ئازاریان دەدات، بەڵکو ڕزگاربوونی ئەو تاوانبارانە لە سزا و دادگاکاریگەرییێکی سۆسۆسایکۆلۆژی نەگەتیڤی بەجێهێشتووە و بووەتە ئەنجامێک کە قوربانیانی ئەنفال بەگشتی خۆیان بە تاوانبار بزانن. دروستبوونی ئەو هەستە دەروونیە لە ئەنجامی دەربازبوونی ئەو تاوانبارانەیە کە ئەمڕۆ لە پاڵ دەسەڵاتی

کوردیدا بێخەم کاری خۆیان دەکەن و دەسەڵاتداریشن و هەندێکیشیان وەکو شەهید دێنە ناسین، سەرباری تاوانەکانیان.

لێکۆڵینەوە زانستیەکانی قوربانیان شەڕی بۆسنیە 1994 و شەڕی دووەمی جیهانی، بە تایبەتی پاکتاوکردنی نەژادی جوەکان و شەڕی ڕوەندە ساڵی 1994 ئەوەیان سەلماندووە کە، سزادانی تاوانبارانی شەڕ و بکوژانی مرۆڤ، ئارامییێکی دەرونی و بڕوایەکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێتەوە بۆ قوربانیەکان. هەروەها ئەو سزدانە دەبێتە ڕێگرێکی ناوچەیی و جیهانی لە دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە دەرهەق بە مرۆڤ، ئاژەڵ و ژینگە. سزادانی تاوانباران داخوازێکی دەروونی ڕەوای قوربانیانە و یەکێکە لە گرنگترین خاڵی قەرەبووکردنەوە کە ووزەیەک دەبەخشێتەوە بە تاوانلێکراو و ئاسانکردنی ژیانی.

Knutsson ساڵی 2004 لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنی لە بۆسنیە و کەرواتیا کردووە و بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە سزادانی تاوانباری شەڕ چەند پیویستە بۆ ئەوەی تاوانلێکراو بتوانێت درێژە بە ژیانی داهاتووی خۆی بە شێوەیەکی سروشتی بدات. کنوتسۆن دەڵێت: زۆربەی ئەو ژنانەی کە دوای شەڕ ژیانیان ئاسایی بووەتەوە، ئەو ژنانەن کە دەزانن تاوانبارەکان بە سزای خۆیان گەیشتوون و لە دوا ڕۆژیشدا چیدی کەسا ناتوانێت هەڕشەیان لێ بکات.

کەواتە سزا نەدانی تاوانباران، تاوانلێکراوان تووشی ترس دەکات ، لە لایەکی تریشەوە بێ بڕوایان دەکات بەو سیستەمە دادپەروەریەی کە دەسەڵاتی هەیە. خاڵێکی گرنگ کە شایەنی پێ داگرتنە ئەوەیە کە ئازادبوونی تاوانباران، ڕێگە بە دووپاتبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە دەدات. نموونەکان زۆرن لەوانە دەنگ نەکردنی جهیان بەرامبەر پاکتاوکردنی کورد لە

لایەن تورکە نەژادپەرەستەکان و رەفتاری دەسەڵاتدارانی ئیران بەرامبەر بەرهەڵستکارانی. ئەگەر ئەو ئەنجامەی کنوتسۆن ببەستینەوە بە بەباری دەروونی ئەو حەوت ژنە کوردەی کە من لێکۆڵینەوەم لەسەر کردوون، یان گشتی بکرێت لەسەر قوربانیانی تاوانی ئەنفال، بەشیوەیەکی سادە و گریمانە، دەردەکەوێت کە مانەوەی تاوانبارانی ئەنفال(عەرەب و کورد و تورکمان..) بەبێ داداگایی و سزا، گەورەترین زیانی سۆسیۆسایکۆلۆژیان پێ دەگات، ڕۆژانە بەدیتنی ئەو تاوانبارانە کە ئازادن، تاوان دژیان دووبارە دەبێتەوە و دەبێتە زەنگێکی دووبارە بووە کە ژیانی ڕۆژانەیان لێ تێکبدات. نەک تەنها لە خۆیان بەڵکو ئەو نەوانەش کە بەدەستی ئەوان پەروەردە دەبن.

کەواتە داداگایی کردنی تاوانباران لە باشووری کوردستان و عێراق، خاڵی وەرچەرخانی ئاسودەکردن و ئارامی قوربانیانی ئەنفالە. هەروەها پێویستە دەسەڵاتی کوردی بە پەرۆشەوە کاربکات بۆ دادگاییکردنی ئەو تاوانبارانە و بایەخی سزادانیان ڕەچاو بکات کە چەند قازانجی هەیە بۆ ئاسودەکردنەوەی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو قوربانیانە.

سەرچاوەکان

Kaplan, S. (2003). *Barn under Förintelsen då och nu.* Finland: tryckning WS BO Bookwell. ISBN 91-27-09648-8

Knutsson, M.(2002). *Att leva vidare efter krig och etnisk rensning. En empirisk studie av kvinnors mentala*

*hälsa i Bosnien-Hercegovina och Kroatien.* STOCKHOLMS UNIVERSITET: PSYKOLOGISKA INSTITUTIONEN.

## مەترسی بەعەرەبکردنەوەی باشووری کوردستان

15 -5-2006
سوێد
شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی

ئەگەر سەرنجێک بدەینە باری نەتەوەیی ئەمڕۆی باشووری کوردستان دوای ڕوخاندی ڕژێمی داگیرکەری عێراق، دەبینین لە جاران زیاتر کۆچکردنی نەتەوەی عەرەب بۆ ئەو بەشەی کوردستان بەردەوامە. ئەمە خۆی لە خۆدا زەنگێکی پڕ مەترسیە بۆ داهاتووی پێکهاتەی نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەی تەواو جیاواز لە نەتەوەی عەرەب، کە پێویستە بە هۆشمەندی کاری بۆ بکرێت.

مەترسیەکان کۆچکردنی عەرەب بۆ کوردستان
هاتنی هێزی کاری عەرەب و نیشتەجێبوونیان لە باشووری کوردستان، ئەگەر لە ژێر هەربیانوێکدا بێت، گەورەترین زیان بە کۆمەڵگەی کوردیمان لە زۆر دەروازەوە دەگەیێنێت:

- عەرەب هێشتا خۆی بەنەتەوەیەکی سەردەست دەزانێت و هەمیشە نەتەوەکانی تر بە نزم سەیر دەکات.
- عەرەب زۆربەی نەتەوە ئیسلامیەکان بە بەشێک لە ئومەی گەورەی ئیسلام دەزانێت و لێرەوە زمان داب و نەریتی داوکەوتوی خۆی، بە زۆریش بێت دەسەپێنیت.

- عەرەب ئەمڕۆ لە عێراق لاوازە و بەبیانوی نەبوونی ئاسایش و کار، بە وپەڕی زیرەکیەوە دەخوازیت نەک کەرکوک و ناوچەکانی تر نەچنەوە سەر باشووری کوردستان، بەڵکو شارەکانی تریش وەکو سلێمانی ،هەولێر و دهۆک تەعریب بکاتەوە.
- سەپاندی زمانی عەرەبی بە سەر زمانی دانیشتوانی کورد دا لە و شوێنانەی کە کاردەکەن.
- دروستکردنی کێشەگەلی ئابوری لە شارەکاندا وەکو کێشەی خانو، ئاو، کارەبا، خۆێندگە، قەرەباڵغی، و تەندروستی..هتد
- گرفتی کۆمەڵایەتی، لە ئاژاوەنانەوە، لەش فرۆشتن . چونکە پێوەری کۆمەڵایەتی نەتەوەی عەرەب زۆر لە هی نەتەوەی کورد جیاوازترە.
- کێشەکانی کار و هەڕەشەکردن لە سەر کرێکارانی کورد و بێکاری کردنیان و دابەزینی ئاستی بژێویان.
- کێشەی چەوسانەوەیان لە لایەن سەرمایەدارە کوردەکان، چونکە ئەوان بۆ بژێوی خۆیان ئامادەن بەکرێیەکی کەم کاربکەن. ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی قوڵکردنەوەی گیانی دژایەتی لە گەڵ کرێکارە کوردەکاندا.

مەترسیەکانی تەعریب لە ڕوی زانستیەوە

لە بەر ڕۆشنایی ئەو هۆکار و مەترسیانەی سەرەوە و کۆمەڵێک فاکتەری تر، کۆچکردنی عەرەب بۆ کوردستان، کاردەکاتە سەر دەرون و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی نەگەتیڤ. مێژوو سەلماندویەتی کە هیچ نەتەوەیەک یان

کەمەینەیەک دەستبەرداری بوونی خۆی نابێت، کەئەوەش مافێکی ڕەوایە. پێوەر و نۆرمی جیاواز سەرچاوەی کێشەن.
کاتێک کەسێک یان کۆمەڵێک نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵێن، هەستی نەتەوایەتیان و بوونی خۆیان لە گەڵ ئەو وڵات و نەتەوە نوێیەدا کە لەگەڵیدا دەژین دیارتر دەبێت و خۆیان دورەپەرێز دەگرن. سنورێک لە نێوان خۆیان و ئەو نەتەوەدا دروست دەکەن. لە دایک بوونی ئەو سنوورە زۆر جار دەبێتە هۆی دابڕان لە نێوان نەتەوەی نامۆ و نەتەوەی دووەم . پێویستی ئەو سنوورە لە وەدایە کە بوونی خۆیان و نەوەکانیان لە توانەوە بپارێزن. ئەو سنوورە دەرونیە زۆر جار کیشەی ڕۆژانە و درێژخایەن دروست دەکات.

لە ڕوی دەروونیەوە، نەتەوە یان کەمینە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدایە کە داب و نەریتی نەتەوەی دووەم کارنەکاتە سەر کەسەکانی خۆی.

گۆمان لە وەدا نییە کە نەتەوەی میوانداریش یان خاوەن دەسەڵات بۆ توانەوەی ئەو کەمە نەتەوەیە هەموو ووزەی خۆی دەخاتە گەڕ، یان بۆ پاراستنی داب و نەریتەکانی، بە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی و سیستەمی دەسەڵاتەکانی هەوڵدەدات کە مەنەتەوە ناچار و گۆشەگیر بکات.

لە دیدی کۆمەڵایەتیەوە، نەتەوەی کۆچکردو بۆ وڵاتێکی دووەم، کۆمەڵگەلێک کیشەی ڕەوشتی و خێزانی بۆ ئەوە ووڵاتە دروست دەکات، چونکە دیسان دوو پێوەر و بیرکردنەوەی جیایان هەیە لە بارەی ژیانەوە.

لە ئاستی مێژووییەوە، مانەوەی نەتەوەی کۆچکردو لە وڵاتی دووەمدا دەبێتە پرۆسەیەکی بەرجەستە و بوونێکی نوێ لە خاکی نەتەوەی دووەمدا قوت دەکاتەوە...بۆ نموونە تورکەکانی وڵاتی ئەڵمان و عەرەبەکانی فەرەنسا گەورەترین کێشەن بە ئەو دوو وڵاتە. یان تورکمان و عەرەبە هاوردەکانی شاری کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان.

شیکردنەوە و گرێدان
کۆچکردنی عەرەب بۆ کوردستانی باشوور، ئەنجامگەلێکی نەگەتیڤ لە سەر کورد وەکو نەتەوە بەجێ دێڵێت:

لە ڕوی ئاینیەوە لە بەر ئەوەی کورد و عەرەب هەردووکیان دوو نەتەوەی موسڵمانن، ئاسانە بۆ تاکێکی عەرەب کاربکاتە سەر تاکیکی کورد، لە هاوسەرگرتن و ڕەفتاری مرۆییدا، ساڵانێکی دیرینە کە دراوسێشن. پردی ئاین نێوان عەرەب و کورد، بەهێزترین کەناڵی بەستنەوەیە کە عەرەب زیرەکانە چەندەها ساڵە کوردی بە خۆیەوە گرێداوە و بەڵکو کوردستان لە فەرهەنگی عەرەبیدا بوونی نیە. بوونی عەرەب لە باشووری کوردستان دەبێتە بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی و لە ئاکامدا نەمان و لەقکردنی دەسەڵاتی کورد.

هاتنی عەرەب بۆ باشووری کوردستان، واتای بەستنەوەی ئابووری کوردە بە عەرەبەوە و بچڕاندی چرۆی سەربەخۆیی ئابوری کوردستانە، دژایەتی ڕاستەوخۆی چینی کرێکای کوردە

و لاوازکردنیان. مانای زاڵبوونی سەرمایەی عەرەبەکانە لە کوردستان.
هاتنی عەرەب بۆ باشووری کوردستان، دژایەتی کردنی زمان و ڕۆشنیری کوردیەوە، لێ میدیای کوردی زۆر لاوازە و توانای بەرگری نییە. منداڵان و لاوانی کوردیش یەکەم توێژن کە دووچاری زیانی مێژوویی دەبن و کەسایەتیان دەکەوێتە هەڵدێرەوە.

ژنان و کچان بە هەمان شێوە، بگرە گەورەترین زیانیان لە ڕوی مافدا لێدەکەوێت، چونکە کۆمەڵگەی کورد بۆچونێکی لیبراڵ و ئازادتری هەیە بەراورد لە گەڵ عەرەب. هەروەها بوونی ئافرەتی عەرەب لە کوردستان دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی ڕادەی هاوسەرگرتن(ژنهێنان و شووکردن) و بڵاوبوونەوەی کاری نابەجێ و پساندنی نۆرمە پیرۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردیمان و لاوازی خێزان و پەڕەوازەی تاکی کورد و بچڕاندی شیرازەی خیزان، نەمانی سۆز و زاڵبوونی گیانی پیاو سالاری...
نیشتەجێبوونی عەرەب لە باشووری کوردستان، دەبێتە هۆی لاوازکردنی ناسنامەی کوردی کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە، چونکە لە بری بایەخادان بەزمان و فەرهەنگی کوردی، زمانی عەرەبی دەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان.

کوردستان لە قۆناغی دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدایە، هاتنی عەرەب دەبێتە هۆی شێواندن یان لاوازکردنی گیانی دیموکراتی لە ناو تاک و کۆمەڵگەدا، لێ عەرەب پێوەری خۆیان هەیە لە مەڕ ئازادیەکان و گیانی ئاین و تایفەگەر زاڵە بەسەریاندا.

هۆکارەکان

دوورنیە هێزێکی شاراوە هەبێت هانی عەرەب بدات بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ئاشتیانە، دژی سەربەخۆیی کورد بێت و نەخشەی ئایندەی هەبێت بۆ لێدانی کورد و شێواندی ئاسایش. ئەگینا عەرەب خاوەنی 22 وڵاتن بۆ ناچن لەوێ کاربکەن. یان خۆ شارەکانی باشووری عێراق شەڕیان تیانیە. لە بیریش نەچێت کە عەرەب ئەمڕۆ خاوەنی هێزی شەڕ نییە.

لاوازی یان نەبوونی هوشیاری سەرکردایەتی بزوتنەوە کورد، کە کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەیەکی ئەکتیڤی بەرهەمهێنەرەوە کردوەتە کۆمەڵگەیەکی پاسیڤ و بەرهەمخۆر و تەمەڵ، هەرچاوەڕێی موچەبێت. یان دووبارەکی ساردی نیوان دوو پارتییە خاوەن دەسەڵاتدارەکەی نێو کابینەی پێنج.

هۆکاری نەبوونی ئاسایش، قەیرانی ئابوری لە شارە عەرەبیەکان، شەڕی نێوان سننە و شیعە نەبوونی یاسا و پاشاگەردانی، کە بوەتە هۆی هەڵهاتن و گەڕان بۆ شوێنێکی ئارام کە بتوانن بوونی ژیانی خۆیانی تێدا پارێزگاری بکەن.

ڕێگە چارە

باشترین چارەسەر چالاکردنەوەی چینی کرێکاری و هێزەکانی تری ناو کۆمەڵگەی کوردیە، لە توێژێکی خاوەن مووچەی بێ بەرابەر، بۆ توێژێکی ئەکتیڤ کە بوونی خۆی تێدا هەبێت و خۆی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا سەروەربێت.

خستنە گەڕی هەموو تواناکان بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی میدیاکان و یانە ڕۆشنبیریەکان، لە مەترسی هاتنی عەرەب و پرۆسەی بە عەرەبکردنی نوێ و پوچەڵکردنی پیلانی ئەو هێزانەی کە بەنهێنی هاندانی کۆچکردنی عەرەب دەکەن بۆ کوردستانی باشوور.

دەتوانرێت سوود لە کرێکاری بەشەکانی تر کوردستان وەربگیرێت، کە سەرەرای گەشەی ئابوری و نەتەوایەتی.

دارشتنی نەخشەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی کارکردنی کرێکارانی باشووری کوردستان کە

کەلەبەر و پێویستیبوون بە کرێکارانی بێگانە کەم بکاتەوە لە ڕێگەی دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ناردنی کرێکاران بۆ کۆرسی فێربوونی پێشە هاوچەرخەکان.

دانانی یاسای کار کە جیاوازی نێوان کرێکاری بێگانە و کورد نەهێڵێت و بەیەك چاوی سەیری کرێکاران بکرێت، نەک سوکایەتیکردن.

ناچارکردنی سەرمایەدارە کوردەکان کە یاسا گشتیەکانی کار بە شێوەیەکی ڕێک و پێک پەیڕەو بکەن، لە ڕێگەی کۆنتراتی کار و گرێبەستی سەندیکاکانەوە کە دەسەڵاتیان هەیە لە باشووری کوردستان.

جیاوازی کردن لە نێوان ئەو عەرەبانەی کە بەڕاستی بە هۆی هۆکاری ئاسایش و بژێوی ژیان ڕوو دەکەن کوردستان، لەگەڵ ئەو عەرەبە شۆڤینستانەی کە بۆ کاری تێکدان و ئاژاوەگەری خۆیان مەڵاس دەدەن . ئەمەش ئەرکی دەزگاکانی حکومەتەی

باشووری کوردستانە کە بەشێوەیەکی دینامیکی و بەردەوام کاری بۆ بکات.

بەستنەوەی مەبەستی پرۆگرامی خوێندگاکانی باشووری کوردستان، بە بنەمای ژێرخانەوە کە ببێتە تەواوکەر و پاڵپشتی دوارۆژێکی پرشنگدا بۆ بناغەی کوردستانێکی سەربەخۆ.

لە سەر رۆشنایی ئەم لێکۆڵینەوە سادەیە، ئەرکی سەرشانی حکومەتی باشووری کوردستان و سەرمایەدارە کوردەکانە، کە بە گیانێکی نەتەوایەتیەوە بڕواننە قەیرانی کۆچکردنی کرێکاری عەرەب بۆ کوردستان. کە کار بۆ کرێکاری کورد و کارمەندی خانە خۆیی پەیدابکەن، نەک کرێکاری بێگانە کە گیرگرفتی هەنووکەیی و مێژوویی بەدواوەیە. چونکە بەهێزبوونی ئابوری لە کوردستان دەبێتە هۆی گەشەسەندنی لایەنەکانی تری ژیانی کورد وەکو نەتەوە.

---

تێبینی/ لەم سەرچاوە زانستیانەی خوراوەوە سوودم وەرگرتووە

Giddens- Sociology
Anderson & Kasperson :Klassik och modern Samhälles
Björn Nilsson& Anna-Karin Waldemarson :Kommunikation & Samspel mellan människor

# ڕێبوار ئەحمەد و حسەین شەهرستانی
# کامیان نەیاری کوردن؟

## ڕەخنە

**2007-11-25** سوێد

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، پەکەکە و پژاک شۆڕگێڕ نین

شەهرستانی عەرەبێکی ڕاسیست و دلڕەش، هەڕەشە لە کورد دەکات کە نەوتی خۆی نەفرۆشێت و سەروەرنەبێت لە بەکارهێنانی سامانی خۆی، بە هەوڵدان بۆ هەڵوشاندنەوەی ئەو گرێبەستانەی کە حکومەتی باشووری کوردستان بەستوونی. ڕێبوار ئەحمەد کە سەرکردەی حزبی کۆمۆنیستی عێراقی عەرەبی داگیرکەرە ، وەکو عەرەبێک، فارسێک و تورکێکی تۆرانی بە بزوتنەوەی باکور دەڵێت شۆرشگێڕنین و سەرانە و ڕێگە بەکاروانچیە کوردەکان دەگرن. ئەگەر ئەو ووتانەی ئەو وەرگێڕدرێتە سەر زمانی تورکی یان عەرەبی یان فارسی، کە ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی دەهۆڵی بۆ لێ دەدەن، هیچی لە بوختانی داگیرکەرە دڕندەکانی کوردستان جیاواز نییە. ئاخر ئەو عەرەب و تورکمانانەی کەئەوان بەرگریان لێ دەکەن، تا ئێستا کوردیان بە مرۆڤ نەزانیوە.

من لە نزیکەوە حەوت ساڵ لە گەڵ نێونەتەوەییترین و بەهیزترین حزبی شیوعی کارم کردوە، کە بە داخەوە هاوڕێی

عەرەبی وا هەبوون 9 ساڵ زیاتر لە باشووری کوردستان بوون، بەڵام چونکە نەتەوەی کوردیان وەکو خێڵێکی کۆچەر دادەنا، ژێردەست سەیر دەکرد، هەرچەندە لە هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد کۆمۆنیستر بوون، کوردی فێر نەبوون و باسی جیابوونەوەی کوردستانیش لایان بقەبوو، نموونەیەک تر( کاتێک عەلیپەرستەکان قاسملۆیان شەهیدکرد و لە هەمان ڕۆژیشدا سوپاکەی عێراق عەرەبی شاری قەڵادزیی دەتەقاندنەوە، هەندێ هاوڕێ عەرەب پێیان خۆش بوو و ڕێزی هاوڕیانی کوردیان نەدەگرت، تەنانەت هەندێکیان دەیانووت قاسملۆ نۆکەری سۆشیال دیموکراتە، ئەو وێنەیە لە مانگی حەوتی 1990 لە چیای قەندیل، چەکوش و سادربوو)*، دڵنیام حزبی توودەش و کۆمەڵە و چەپی تۆرانیەکانیش هەروا بیردەکەنەوە. لێرەدا جیاوازی نێوان ئەو کوردە کۆمۆنیستانە و ئەو کوردە سەرۆک جاشانە لەوەدا بوو، کە کۆمۆنیستەکان بەشێوەیەکی زانستی و لێزان کوردیان دەتوانەوە و سەرۆک جاشەکان کوردیان بە پارە دەفرۆشت. کەواتە ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕیکانی بەو شێوە نەزۆکانە ژەهراویترین نەخۆشی تووشی جەستەی کورد دەکەن، بە دروستکردنی لایەنگری بیرو باوەڕ و زانستی کۆمۆنیزم بۆ توانەوەی گەلی کورد. ئاخر کەس هەیە نەزانێت تۆرانیە تورکمانەکانی کەرکوک یان عەرەبە شۆڤێنستەکان چ بەلایەکن بۆ کورد، تەنانە شیوعیەکانیشیان کە هی وایان هەبوو چەند ساڵێک زیاتر نانی جوتیارانی کوردیان دەخوارد، ئەمڕۆ دژی سەربەخۆیی کوردستانن و پێیان بکرێت زمانی کوردی قەدەغە دەکەن. بۆ تێبینی ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی، من تا بە کۆمۆنیستەکانی عێراق(شیوعیەکان) ئاشنا نەبوو، تێنەگەیشتم کە نەتەوەی سەردەستی عەرەب لە عێراقدا چەند

ڕقی لە کوردە و هەمیشە کورد لە سەر خاکی خۆی بە میوان دەزانێت. تا لەشاربووم زۆر لە ئێوە نێونەتەوەییانە ترم بیرم دەکردەوە، بەڵام کەزانیم هێزەێک هەیە خودم لێ زەوت دەکات و ناسنامەی نەتەوەکەم دەشکێنێت، کە بینیم چۆن سوپاکەی عوجە منداڵانی هەزارانی کورد، دایکی دڵشکاو ئەنفال دەکات، کە بینیم 5000 هەزار کەس بە فڕۆکەی عەرەبی داگیرکەر و سوپای فارسەکان لە شاری هەڵەبجە ژەهراوی باران کران، کە بینیم کرێکارانی عەرەب بۆ تەعریب و تاڵانی ڕوو لە شاری بابەگوڕگوڕ دەکەن و ئەوان بێ هەڵوێستن، نەمتوانی بێ دەنگ ببم و بەوپەڕی هیزەوە بەرگریم کرد و سەروەری کوردستانم کردە هێڵی سوور، هەرکەسێک یان لایەنێک بیشکێنێت بەگژیدا دەچمەوە. ئەوەش مافێکی سروشتیە نەک تەنها بۆ مرۆڤ بەڵکو مافی هەموو گیان لەبەرێکە بەرگری لە خۆی بکات. بەڵی کاک ڕێبوار ئەحمەد! ئەوە هوشمەندترین چینی هەڵبژاردەی عەرەبی داگیرکەرە، با بەشە عەوام و شۆڤێنستەکەی بووەستێت کە بە ئاشکرا ئەنفالی کوردی کرد.

ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی، یان تەواو خودی خۆیان و کەسایەتیان وەکو مرۆڤێک لێ وونبووە یان ڕۆڵی سوپای داگیرکەران دەبێنن، وەکو ڕەفیق حزبیەکانی بەعس بیرباوەڕی عەفلەق* بڵادەکەنەوە، ئەگینا هێندە دوژمنایەتی بزوتنەوەی کوردی دەکەن، هێندە وێری ئەو ناکەن بەگژ تورکمانە تۆرانیەکاندا بچنەوە، یان دژی عەلیپەرستەکانی ئیران و تۆرانیە دڕندەکان هەڵوێستە بکەن. هێندە دژی کوردپەروەرانن، دژی ئەنفالچیە عەرەبەکان نین، دژی تورکە تۆرانیەکان نین کە 400 ساڵە گەلانی ناوچە سەردەبڕن.

ئاخر چەند نازیزم لە کوشتنی جولەکان تاوانبارە، چەند عەرەب لە قرکردنی کورد تاوانبارە، چەند تورکە دڕندەکان لە کۆکوژی کورد وەنەتەوەکانی تر دەستیان سورە، هێندەش کۆمۆنیزمەکەی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەدا لە کوشتنی 20 ملێون مرۆڤی سیڤیل تاوانبارە. ئاخر شەرمە بەرگریکردن لە بزوتنەوەیەک کە کۆکوژی مرۆڤی کردبێت. هەرچەندە هێشتا ڕێبوار ئەحمەد هاوڕێیانی ناگەنە کۆمۆنیزمبوونی سادەترین سەربازێکی سوپای سور کە نازیزمیان ڕوخاند.

ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی، پێش ئەوەی سووکایەتی بە بزوتنەوەی باکوور بکەن، خۆیان لە بەردەم شێخەکانیان لە فارس و تورک و عەرەبدا ڕیسواکردووە، هێندە کەسایەتیان شکاوە، کە شەرم دەکەن بلێین کوردین. کەمرۆڤێکش خودی خۆی دۆڕاند کەسایەتی و هوشیار لە دەستدا، لە ژیاندا وێڵە و مردووە. لێرەدا تاوانی ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی زۆر گەورەترە لە دوژمنانی کوردستان، چونکە ئەوان(ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی) مێشکی لاوانی کورد دەسووتێنن بۆ خزمەتی داگیرکەران ، ئەوان گومڕایان دەکەن و ژیانیان لێ دەسەننەوە. بۆیە ئەگەر بزوتنەوەی باکوور شۆڕشگێڕ نەبێت، ئەوا ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی ڕاستەو خۆ خوێنبەری کوردبوونی نەتەوەی کورد لە ناو دڵی کورددا دەبڕنەوە.

مارکسیزم بەچاوێکی یەکسانەوە سەیری کرێکاری هەموو نەتەوەکان دەکات، نەک کرێکارێکی عەرەب لە سلێمانی بە چاوی نەتەوەی سەردەستەوە بڕوانێتە برا کوردە کرێکارەکەی و

لە ژێر پەردەی برایەتیدا بێت تەعریبی بکات. زیندوترین نموونە ڕۆژانە بە سەدەها کرێکاری عەرەب لە باشووری کوردستان گەورەترین مەترسی لە سەر ژیانی ئابوری کرێکارە کوردەکان دادەنێن و بێ بەرنامە یان بە بەرنامە بێت، باری هەموو جۆرەی ئەو شارانەیان تێکداوە. هەمان وێنە کرێکارێکی فارس یان تۆرک، لە بەر ئەوەی خۆیان بەنەتەوەی سەردەست دادەنێن، ژیان بە کرێکارانی کورد ڕەوانابینن. هاوڕێ ڕیبوار و هاوڕیانی بە هەڵوێستیان دژی کورد، گەورەترین زیان بە فەلسفەی مارکسیزم دەدەن و لە فەلسفەیەکی هوشیاریەوە دەیکەنە تارماییێکی ترسانک کەسایەتی کوردی پێ دەتوێننەوە. مارکسیزم کەلەبچەی دەستی کرێکاران دەکاتەوە و هوشیاریان دەکات، بەلام ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی بەو کەلەبچانە کرێکار و جوتیارانی کورد دەخنکێنن و دەیان کەنە مووشەک و لەجەستەی کوردیان دەتەقێننەوە. بۆ یە دەبیت هەڵوێستیان بەرامبەر وەرگیریت و بە شیوەیەکی زانستی نەخشە و پیلانی ئەو حزبە بۆ گەلی کورد ئاشکرا بکرێت.

لەم وەڵامە چکۆلەیەدا، یەک پرسیارە ئەنجامی سادە دەستەبەر دەکرێت، ئایا جیاوازی نێوان گروپێکی ئیسلامی توندەڕەو حزبی کۆمۆنیستی توندڕەوی عێراقی چیە، کە بڕوای بەبوونی چڵ ملێون مرۆڤ نیە، کە نەتەوەیەک وەکو کۆیلە سەیربکات؟ مافی هەموو کوردێکە کە پێش ئەوەی بچێتە ناو ڕیزی ئەو حزبەوە وەڵامی ئەو پرسیارە لە ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێیانی بزانێت، تاکو بوونی لێ زەوت نەکن وەکو داردەستێک دژی گەلی خۆی ئەنفالی پێ نەکەن.

سەرچاوەکان:-
*چەکوش و سادر دوو دۆندی قەندیلن کە دەڕوانن بەسەر شاری قەلادزێدا.
*میشێل عەفلەق: دامەزرێنەر و بیرمەندی حزبی بەعسی عەرەبی فاشی

*بۆ خوێندنەوەی ووتەکانی ڕێبوار ئەحمەد:-
http://www.bopeshawa.com/text-2007/11/01-gftugoi-RebaziAzadi-Rebwarahmad.pdf

*بۆ خوێندنەوەی ووتەکانی شەهرستانی:-
http://www.sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=3928&cat=2

## میرنیشینکردنی نەوەکانی بارزانی یەکبوونی نیشتمانی و سەروەری یاسا هێندەی دی دەپسێنی

12-1-2012 سوێد
له دیدی دەروونناسی کۆمەڵگەوە

کۆمەڵگەیەک کە هێشتا بەهاری چرۆکردنی هەستی نەتەوییی نیشتمانی و خۆناسینی تێدا لاوازە، کۆمەڵگەیەک کە ساڵانێکی دێرە بە دەست مژارە کۆن وهاودەمە خوێناوییە مێژووییەکانیەوە دەناڵێنێت (بروانە شەڕی دووسەدی ساڵەی بارزانیەکان-زێبارییەکان، جەلالی مەلایی و نویێ نەوشیروانی و ئیسلامی سیاسی)، گۆڕ بۆ بوونی خۆی هەڵدەکەنێت، ئەگەر یەکێکەیەکی بنەماڵەیی دەسەلاتی ڕەها بدات بە خۆیی و بەسەر ئەوانی دیدا زاڵ ببێت. بەڵکو کێشەیەکی ڕوخێنەر نەک دروستکەر لە منداڵدانی، لە نیوان چینە جۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دروست دەکات.

بە تۆبزی هەڵبژاردنەوەی بارزانی نەوە( نێچرەڤان) بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و و دوورخستنەوەی کەسێکی ئەتنۆکرات و بێبەشیکردنی نەوەی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە، گردگەلێک زیانی(ماکر و میکرۆ) دی بەیەکبوونی نەتەوایەتی نیشتمانی و داهاتووی گەلی کورد لە باشوور دەگەیێنێت. لەوانە:-

- بەهێزترکردنی گیانی باوکسالاری و باڵادەستترکردنی ڕەگەزی نێرینە لە کۆمەڵگەدا و دامودزەگاکانی، کە ئەمرۆ لە ژێر بەزەیی بێ سەروەریدا دەناڵێنن. شایەنی باسە لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییدا لە سەر ئاستی بنەماڵەیی و ڕێکخراوەییدا، هێشتا کارئەکتەرێکی سیاسی مێینە نەپشکوتوە و تا ئێستا هەر نێرینە بالا دەستە، تەنانەت لە کۆڕو کۆمەلەکاندا، مێینەیەکی بارزانی بوونی نەبووە و نیە. لە بەر ئەو هۆکارەشە میرنیشنکردنەوەی نێچیرەڤان ئەو گیانە(باوکسالاری) بەهێزتر دەکات، چونکە مێینە بندەستە لە قەوارەی ئەو بنەماڵەیەدا بە تایبەتی و کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی.

- باڵادەستکردنەوەی نەوەکانی بارزانی، گیانی بێ هیوای و وەرسی لە نیو ئەندامی ولایەنگرانی پارتی، بە تایبەتی ئەوانەی کەسەر بە بنەماڵەی بەرزانی نین، دروست دەکات و لە هەمان کاتێشدا برەو بەو ڕەقە مێژوویيە دەدات کە لە نێوان سۆران و بادینان و توێژەکانی تردا خوێنی لەسەر ڕژاوە. ئەو ناکۆکیانە دەکاتە ناکۆکی ڕوخێنەر پتر دامەزراوە لە رزۆکەکانی هەرێم جێلەق دەکات.
- لەسەر ئاستی تاک(میکرۆ) لە ڕوی دەروونییەوە، کینەیەکی دیار و لە هەمان کاتیشدا شاراوە لە نێوان بارزانیزادەکان و تاکەکانی تری کۆمەڵگە دروست دەکات. ئەو کینەیە، ئەگەر میرنیشکردنیان بەردەوام بێت، دەبێتە پشکۆی شەڕێکی درێژخایەن و پەرتوازەبوونی هەمەلایەنە، لەوانە، هزری، کۆمەلایەتی، جوگرافی، ئابوری..هتد. بۆ نموونە حەڤدەی شوباتی
  کە بێ بەزاییانە و بێ گۆیدانە ماف و ڕێزی یەکتر
  شەقامەکانی باشووری کوردستانیان دووبارە خوێناوی کردەوە.
- بالادەستکردنەوەی نێچرڤان، بە کەمزانین و پشتگوێخستنی توانای چینەکانی تری کۆمەڵگەیە، بەڵکو دەمەزەردکردنەوەی مەلاییزمی سەکتریزمە لە باشووری کوردستان وکۆپیکردنی مۆدیلی ژیانی شیخەکانی کەنداوە، ژیانیک کە هەموو لە پێناوی سەرۆک شیخدا بژین و لە هەمان کاتیشدا بێ گیان بن و نەزانن سەروەری خود چیە وەک مرۆڤ.

لەبەر ئەو هۆکارانە کارێکی پەلەیە کە دەبێ پارتی هەلبژاردنەوەی نێچیرڤان بخاتە بەردەم شرۆڤەیەکی سیاسی هەمەلایەنە و لە زیان و قازنجە گشتیەکانی ئەو پرۆسەیە بکۆڵێتەوە. بەرژەوەندی یەکبوونی نەتەوایەتی و نیشتمانی نەک بنەماڵەیی بکاتە سەرەکی و بیر لە ئاشتی و یەکگرتنی تۆکمەیی کۆمەڵگەی کوردی بپارێزێت. هەروەها ئەرکی ڕۆشنبیرانە کە هەڵوێست وەرگرن و بووچۆنی خۆیان دەربرن، چونکە پرۆسەی

وا(دەسەلاتی ڕەها) زیان بە مافی گشتی و ئازادی ڕادەربرین دەگەیێنێ و دیکتاتوریەتی بنەماڵەیی و ناوچەیی قیت دەکاتەوە.

# ئەنجامگیری و بۆچون

**ئەم ئەنجامگیریە لە هەفتەنامەی هاولاتی ژمارە ٨٠٤ سالی ٢٠١٢ لا ٨ بلاوکراوەتەوە**

پرسی لاوازی نیشتمانی یان دروست نەبوونی هەستی نەتەوەیی لە نیشتمانێکدا کە ناوی کوردستانە و زاڵبوونی گیانی ناوچەیی و خێلەکی بە سەر بیرکردنەوە و رەفتاری تاکی کۆمەڵگەی کوردیدا، کۆمەڵێک سەرکردەی بەرهەم هێناوە، کە ئەوانیش ناتوانن لەو بازنە داخراوەدا هەنگاوی بەرەو پێش ببنین، تەنانەت لە گەل کایە و شەڕەکانیاندا دژی داگیرکەرانی کوردستان لەوە زیاتریان پێ ناکرێت کە کێشە ناو دیواخانەکانیان باس بکەن. نە لە کایەی هونەری دیبلۆماسی نیو دەوڵەتی کاران نە پلانێکی توکمەیشیان پێیە بۆ وتوێژ، لەبەر ئەوەش زۆر جار توشی شکستی و سازش دەبن. بۆ نموونە هاوپەیمانی لەگەل بەعس ساڵی ١٩٦٦ و هێنانی سوپاسی پاسدارن بۆگرتنی ناحیەی چومان ساڵی ١٩٨٣ و گرتنی شاری هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨. لە دەستدانی شاری کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکان ساڵی ٢٠٠٣.

ئەیوب بارزانی (المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨ لا ٢١٠-٢٠٧) بەراشکاوی ئەم بۆچونە پشت ڕاستدەکاتەوە کە کاتێک بارزانی (مەلا موستەفا) لەمەپەڕی شەڕو ئاشتی بەدەستەوە بوو سالانی ١٩٤٣-١٩٤٤، لەباتی پتر پێداگرتن لەسەر خواستەکانی گەلی کورد، زۆرجار تەنها باسی هەژاری و نەداری بارزانیەکانی دەکرد، پرسی گەلێکی لەبەرچاو نەبوو. موستەفا بارزانی ئەو خوێندنەوە زانستی و دروستەی بۆ

ڕووداوەکان نەبوو. ئەیوب بارزانی چونکە خۆی لە گەرمەی ڕووداوەکاندا ژیاوە، باسی هەمان هەڵە دەکات کەسەرکردایەتی کورد، تێیکەوتووە. مسعود بارزانی و تاڵەبانی سەرباری ئەنفال و سوتاندنی خاکی کوردستان، لە باتی سزدانی تاوانباران و دادگاییکردنیان، بە ئاسانی باوەشیان بۆ کوردکوژێکی وەک سەددام کردەوە. ئەیوب بارزانی(بڕوانە لا ١٠ هەمان سەرچاوە زۆر بە توندی ڕەخنە لە هەلوێستی سەرکردایەتی کورد دەگرێت. پێی وایە دەبوو وەک جوەکان هەمیشە لە بۆەسەدا بوونایە بۆ سزادانی تاوانبارانی ئەو کۆمەڵکوژییە.

سادەیی و باوەڕخۆشی ئەو سەرکردانە، لە تۆی پەروەردەی باوکسالاری یاساکانی خێڵ. هۆز، بنەماڵەوە هەڵقولاوە. ئەدی کامەیە ئەوسەرکردە هوشیارەی کە لە کۆمەڵکوژی گەلەکەی بێدەنگ بێت؟ لە هەمان کاتێشدا ئەگەر سەیری دوژمنانیەتی نێوان بارزانیەکان و زیبارییەکان بکەین، دەبینن سەرەتای ئەو شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ پتر ٢٠٠ساڵ(بڕوانە ئەیوب بارزانی ١٩٨٠). لەوەلاشەوە بە ئاسانی لە داگیرکەرانی کوردستان خۆش دەبن و داخوازییەکانیان لە داخوازی هۆزێکی کۆچەر تێپەڕناکات.

شەڕی یەکتر، نێوان هۆزەکان، ناوچەکان و تەنانەت نێوان خێزانەکانیش، وای کردوە کە داگیرکەرانی کوردستان بە سانایی و بێ تەگەرە ووزەی کورد بۆ داگیرکردنی خاکەکەیان بە کاربهێنن. دروستبوونی پارتێکی سیاسی وەک یەکگرتوو ئیسلامی و بەرزکردنەوەی دروشمی نەتەوەیی بۆ گومراکردن و چەواشەکردنی تاکی کۆمەڵگەی کوردی، یەکێکە لەو میتودانەی کە داگیرکەرانی کوردستان لە مێژە گەمەی پێ دەبنەوە و کوردی بە گشتی پێ فریودەدەن.

سەکتریزم و گیانی هۆز و بنەماڵە و پەراوێزی لە سیاسەتی و نەبینینی یەکتر، ئەو نەخۆشییە کوشندەیە کە جەستەی کۆمەڵگەی کورد داوەشاندوە و هێزی نەتەوەیی نیشتمانی لێبڕیوە، شەڕی دووسەد ساڵەی هۆزەکانی بادینان، شەڕی ئیمارەتەکانی(بادینان، سۆران، بۆتان و بابان)، و شەڕی چل ساڵەی مەلای-جەلالی ئەو ڤایرۆسە گیانیەن کەوای کردوە بۆ نموونە هەندێ سۆرانی هێندە ڕقیان لە بارزانی بێت کە لە پایتەختی ولاتێکی وەک سوێد جامانە سوور بسوتێنرێت. مەگەر ئەوە نە خۆشیی سەکتریزم نیە، حزبێک نازناوی دیموکراتی کوردستان هەڵگرتبێت و منداڵی بێ چەک بکوژێت(حەڤدەی شوبات لە شاری سلێمانی ٢٠١١).

لەگەمەی ئۆپۆزیسۆنیشدا کە دیاردەیەکی نوێیە بۆ کۆمەڵگەی کوردی، سەرانی ئەو بزوتنەوەیە کە خۆیان بە ئالاهەڵگری پرۆسەی گۆرانکاری کۆمەڵگە دەزانن، هێشتا لە لیتاوی شەڕی خێڵەکی و ناوچەی ڕزگاریان نەبووە و لەلایەک لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا نەرمن و نەیارێکی سەرسەختن بەرامبەر هاوزمان و هاونیشتمانی خۆیان. بۆنموونە شەڕەکانی ڕاگەیاندنی نێوان بزوتنەوەی گۆران و یەکێتی و نێوان پارتی. بزوتنەوەی گۆڕان، بەو بەرگە کۆنەوە هەنگاوی بۆ نانرێت ئەگەر کایەی نوێ و میتودی نەگرێتە بەر. خاڵێکی گرنگ کە دەبێ ئەو بزوتنەوەیە ڕەچاوی بکات و تیشکی بخاتە سەر ئەوەیە:- ئایا چۆن دەتوانێ پرسی باوەڕ لە نێوان خۆیی و گەلیدا دروستدا بکات کاتێک ڕێزەکانی کەسانێکی تیایە کە تاوانی شەڕیان دژی مرۆڤەیاتی و گەلی خۆیان ئەنجامداوە،

ئایا بزوتنەوەی گۆران دەتوانی ئەو ئەرکە قورسە و مێژوییە بەجێ بگەیێنی ؟




ئەم وێنەیە لە سایتی سبەی وەرگیراوە

بزوتنەوەی گۆران تا ئێستا نەیتوانیەوە سەرگۆیەک و پێگەیەکی هاوبەش دوور لە کاریگەری شیوازی کۆن دروست بکات بۆ کۆکردنەوەی ئەوە هێزەی کە دەبێتە بزوێنەرو خەڵک بەرەو هەژانی گۆرانێکی نوێ بجولێنی. ئامانجەکانی گۆڕان تا ئەمرۆ ئامانجی لاوەکی و ناوچەیین، ئامانجی نەتەوەیی و ڕزگاری نین کە خەڵکانێک تێکەڵی ئەو بزوتنەوەیە بکات، کە لەو بازنە داخراوەی ئەمڕۆی هێزەکانی دەسەلاتدار دەربچێت. مژارەکانی ئەمڕۆی لە کۆمەڵێک گلەیی و داخوازی دەرناچن، کە هەندێکیشتان سەرچاوەکەیان ناکۆکین لەسەر دابەشکردنی دەسەلات، نەک سەروەری یاسا و دامەزراوەکانی میری. دووریش نیە ئەو بزوتنەوەیە گەمەیەکی سیاسی بێت بۆ لوشینی ئەو ناڕەزاییانەی کە دژی هەردوو زلهێزبێت و نەبا ئیسلامی سیاسی

وەک ڕێکخراوی حەماسی فەلەستین بۆ خۆی کۆیان بکاتەوە. گۆڕان سیاسەتی تۆڵەسەندنەوەی هەیە و لە ڕۆژانی دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا بروا بەو هێز و کە سایەتیە سەربەخۆیانە ناکات کە لە باشووری کوردستان هەن ساڵانێکە خەباتی هەمەلایەنە دەکەن. ئەوەش پتر بزوتنەوەیەکەی بچوکتر کردەتەوە و بگرە لە پرۆسە گۆڕانکاری تووشی خاوی و خامۆشی کردوە...ڕووداوەکانی بەردەرکی سەرا لە نیوان ١٧ شوپات تاکو دوو مانگ لە ساڵی ٢٠١١ ئەوەی سەلماند کە سەرانی ئەو بزوتنەوەیە هێشتا ئەو وێرەیان نیە کە پردێکی هاوئاهەنگی هەمەلایەنە دروست بکەن بۆ ئەنگاوتنی ئامانجەکانی گەل لە بنبڕکردنی گەندەڵی و هێنانەدی سەروەری یاسا. گۆڕان لەپرسی سەنگەری ئۆپۆزیسۆندا شکستی دەهێنێت گەر هەوڵی سازش بدات لەگەڵ ئەو دەسەلاتەی کە خۆی بەشێک بووە لێی.

**دابەشبوونی کۆمەڵگەی** کوردی بەسەر چەند ناوچەیەکی جیاوازدا، چلە ڕوی جوگرافی، زمان، نەریت، ئاین، ئابوری و ئاستی هوشیاریدا بەهۆی پارچەبوونی کوردستان و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان، کەشو هەوایەکی لێک نەچووی لە نێوان توێژو چینەکانی گەکی کورددا دروست کردووە. ئەو لێك نەچوونە خاڵی جیاوازی و ناکۆکی پتر زەق کردوەتەوە تاکو خاڵە هاوبەشەکان. تەنانەت ئەو لێک نەچوونە ڕەگی لەنێو زلهێزەکاندا داکوتییوە، گۆڕانکاری و کاتێکی ئێجگاری دەوێت. بۆیە گرنگە هەرهێزێکی نوێ کە دروست دەبێت، دەبێ لە چاوگەی بنەمایەکی زانستی بەرنامە هەنووکەیی و درێژخایەنەکانی خۆی دارێژیت. دەبێت پەیڕەوی فرەبنەمایەکی هەمەرەنگ پەیڕەو بکات، کە سەرەتای

دروستکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتی بێت. کۆمەڵگەی کوردی لە باشوور هێشتا لە زبرەی داخورپەی (تراوما)ی ئەنفال و بە شەڕی چەند ساڵەی براکوژییەوە دەناڵێنێت، جومگە و ئەژنوکانی بەدەم ڕق و کێنەو کەسێتی شکاوە و دەناڵێنیت، پرۆسەی من و ئیوە، ئیوە وئەوان، گەورەتین زیانی بەیەکبوونی نەتەوایەتی داوە.

لێرەوە کەیسی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی و سەربەخۆ، لە باشووری کوردستانیش دەبێتە ئامانجێکی دوور و ڕێگایەک سەخت، ئەگەر هێشتا کۆمەڵگەی کوردی لەو ناسنامە پەرتەوازەیدا بێت. مەحاڵە نەتەوەیەک پێ بوترێ نەتەوە و ناسنامەی نیشتمانی پێدرێ، ئەگەر ئەو بنەمایانەی تێدا نەبێ. ناکرێ و چی نابێ ناسنامەی خێڵەکی، ناوچەیی و ئاینی زاڵبێت و باسی ناسنامەیەک بکرێت کە بوونی لە بیرکردنەوەی تاکەکاندا نەبێت، لە کۆمەڵگەیەک کە ساڵانێکی دێرە لە بازنەیەکی داخراودا بچەرخێت و لە نێوان ژەنگاوی نۆرمگەلێکدا گیری خواردبێت (بڕوانە ئەیوب بارزانی ١٩٨٠).

هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان چەند کۆکیش بن، ئەگەر ئەو هاوکۆکییە نەڕژێتە چەمەکانی دروستبوونی ناسنامەی نیشتمانێکی کوردستانییەوە، لە شێوازی کارتێلێک تێپەڕناکەن، باشترین نموونە کارتێلەکەی نێوان پارتی و یەکێتی دوای شەڕێکی خوێناوی و بەکوشتدانی پتر لە ١٢ هەزار تاکی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر دابەشکردنی سامانی کوردستان، کە بەناوی ڕێکەوتنی ستراتیژییەوە ناوی دەبەن.

نەبوونی تێگەیشتن و برەودانی گیانی ناوچەیی و خێلەکی لەلایەک و دابەشکردنی سامانی نەتەوەیی بەسەر چەند

هێزێکی ناوچەیی و بنەماڵەییدا، نەک نیشتیمانی و نەتەوەییدا، چەند چینێکی لێکترازاوی لە کۆمەڵگەی کوردی دروستکردوە و دەرهاویشتەی چینی سەردەست و بندەستی دروستکردوە. چێنێکی دەسەلاتدار کە بۆ نموونە نەوەکانیان دەستیان ناوەتە قوڕکی نەوە بندەستەکان. ئەم دیاردەیە زۆربەی ڕوبەر و ژیانی هاولاتی باشووری کوردستانی گرتووەتە، لەوانە لە خوێندن، ئابوری، نیشتەجێبوون، زمان و بروانامە و..هتد.

کێشەکان بەوەشەوە نەوەستاون، هەرکەس و لایەنێک ئەو دۆخەی بەدڵ نەبێت بە تێکدەرو و هەڵەش نیە بە تیرۆریست بێتە ناسین. کوشتنی سەردەشت عوسمان و سووتاندنی بارەگای یەکتر زیندوترین نموونەن.

دەسەڵاتی باشووری کوردستان، کە لەسەر ملی دوو هێزی نەیار لەنەگەری گرتووە، مودێلە ژیانێکی دوور لە هەستی نیشتمانی نەتەوەییان لە باشوور نیشتمان چاندوە و هاوڵاتی لەو بەشەدا بە گشتی دەربەست نیە لەوەی کە شوێنێک وەک قەندیل یان ناوجەرگەی سلێمانیش ببێتە بەشێک لە خاکی تۆرانییەکان یان سعودیەی عەرەبی. ئەگەر باسی هێزی ئیسلامی سیاسیش بکرێ دۆزی نیشتمانی نەتەوەیی کوردستان هێندەی تر بێ مانا دەبێت و نەک هەر بایەخی نیە، بەڵکو وەک لە چەند ووتارێکی ئەم پەڕاوەدا ئاماژەم پێداوە(بڕوانە ووتارەکانی شیخ عومەر غەریب) کە چون ئیسلامی سیاسی بەرنامەیەکی درێژخایەنی هەیە بۆ گۆڕینی گەلێک لە هەموو بوارەکان و لە باربردنی یەکجاری ناسنامەکەی.


هەنگاوەکان زۆرن بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانی کوردستانی و کوردی لەوانە:-

- دەستپێکردن بە پرۆسەیەکی هوشیار کردنەوە لە سەر ئاستی میکرۆ و ماکرۆ، واتە لە سەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە.
- تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەتی لە گەنجینەی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە.
- دروستکردنی سەنتەر لە کەسانی پشپۆر و دلسۆز بۆ کۆکردنەوەی هەموو تواناکان بۆ دارشتنی بەرنامەیکی درێژخایەن کە دەربارەی بنەماکانی نیشتمانی کوردستان هوشیاری بدات.
- فرەکردنی دامەزراوەی شارەستانی کە لەگەڵ پرسەکانی سەردەمدا بگونجێن و نیشتمانی کوردستانی، بەگەل و خاکەوە بە ناوچە و دەروە بناسرێن.
- دامەزراندنی ڕاگەیاندنێکی زانستی سەربەخۆ دوور لە کاریگەری ئایدیا، ئاین، بنەماڵە و خێل و ناوچەگەری.


خاڵ و هەنگاوی دی زۆرن بۆ دۆزی نەتەوایەتی نیشتمانیمان، بەلام چەند کۆکیش بین، ئەگەر ئەو ناسنامە نیشتمانیە لە ڕەفتار و هزرمان نەچەسپێت، ئەو ووزەیەمان پێ نابەخشێت کە نیشتمانێکمان هەیە ناوی کوردستانە، نە قوربانیەکان، نەمێژوو، نە سەرمایەی هەمەلایەنە دەبنە بەردی ئەو ئامانجە پیرۆزە.

سەرچاوەی عەرەبی:-

ئەیوب بابۆ بارزانی. بارزان و حركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤



ئەیوب بابۆ بارزانی. المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨. دار نشر حقاق المشرق


المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤ - ١٩٥٨
المقاومة الكردية للاحتلال
١٩١٤ - ١٩٥٨
أيوب بارزاني
دار نشر حقائق المشرق
أيوب بارزاني

# ئاسۆ بیارەیی کێیە

- ❖ شوێنی لە دایک بوون: شاری سلێمانی
- ❖ خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی لە وڵاتی سوێد تەواوکردووە

بەرهەم:

- ❖ کۆمەڵێک هونراوە، ساتیر، ووتاری ڕۆژانە و چەند راپۆرتی زانستی لە سەر دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
- ❖ لەسێبەری پیاوسالاریدا، توێژینەوەی زانستی. بە کوردی
- ❖ کەیسی زمانی یەکگرتوو. دید و بۆچون .کوردی
- ❖ ژنانی کورد و ساتەکەنیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا. تیزی زانستی بەزمانی سوێدی
- ❖ پەروەردەی پێچەوانە، تیزی(ماستەر ئاستی یەک) ماجستێر. بە زمانی سوێدی
- ❖ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەورامان.
- ❖ ئاستەنگیەکانی پێشکەوتنی ئافرەتی(ژنان و کچان) ڕەوندی کورد. توێژینەوەی زانستی ٢٠٠٩
- ❖ گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوە
- ❖ ژیانی منداڵان لەچەند وەستانێکدا دەستدرێژی سێکس ئینسێست بەنموونە ٢٠١٠

- له ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆژیدا ٢٠٠٦-٢٠٠٩ بەرگی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی
- چەند شارۆیەک* لە نێو لاپەرەکانی شۆڕشی ئەیلولدا. توێژینەوەی سۆشیال سایکۆلۆژی دەربارەی بزوتنەوەی ئەیلول
- سەرنووسەری گۆڤاری هۆرامان لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠

# *Between weakness and loss of national sense of nationalism*

**Aso Byari 2001 Sweden**

All rights reserved to the author